




سەرنووسەر
Email: mariwanahmed@yahoo.com

گرنگیدان بە بواری خوێندن و زانست خاڵی هاندان و پێشخستنی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌یە، خاڵی وەرچەرخاندنی بیرو بۆچوونەکانە لە مەودای فراوانی نێوان نەزانینەوە بۆ زانین، خاڵی خوێندنەوەی دەوروبەر و زیاتر حاڵی بوونە لە خود، لە گەردوون، لە دیاردەکان، لە بابەت و رووداوەکان... بۆیە شارستانێتی مرۆڤ و هەمیشە زیندوو بوونی ئەو شارستانی‌یەتە ئەوە دەخوازێ کە ئەم بوارە بەهەند بگیرێ، رێزی لێبنرێت، پلەوپایەی خوێندەواران و زانایان بەرز ڕابگیرێت...... لەم ڕوانگەیەوە کاتێك باس لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و پێشخستنی ئەو کۆمەڵگایە دەکەین جێی خۆیەتی بە چەند دێڕێك باس لە زانست و خوێندن بکەین لە دید و بۆچوونی پەیامی پیرۆزی ئیسلام و ژیانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەتایبەتی لە وەرزی دووەمی دەرچوونی ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەتان کە هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەڵمەتەی لە کوردستاندا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بە ئەنجام دەگات.

کاتێك تەماشای قورئان دەکەین دەبینین ووشەی (علم) هەشتا جار لە قورئاندا هاتووە و ووشەکانی (یعلم، یعلمون، علیم، علام ... هتد) کە داتاشراوەی ئەو ووشەیەن سەدان و سەدان جار هاتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا ئەو ووشانەی پەیوەندی‌یان بە زانست و زانینەوە هەیە وەك (الألباب) ، (النهی) و داتاشراوەی (عقل) ، (فکر) ، (حکمة) ، (برهان) ، (أنظروا) ، (ینظروا) ... هتد لە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە. هەموو ئەمانە ئەو راستی‌یە دەگەیەنن کە زانست و خوێندن و تێڕوانین و ووردبوونەوە لەم گەردوونە و لەوەی تیایدایە کارێکی گەورەیە .

زیاتر گرنگی ئەم بابەتەمان بۆ دەردەکەوێت کاتێك کە تەماشا دەکەین یەکەمین ئایەتی قورئان بە ووشەی (أقرأ) لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێت: ﴿**إقرأ باسم ربك الذي خلق،خلق الأنسان من علق، إقرأ وربك الأكرم الذي علم بالقلم، علم الإنسان ما لم یعلم**﴾، هەروەها لە سوورەتە سەرەتایی‌یەکانی قورئاندا، سوورەتێکی قورئان بەناوی (القلم) پێنووس ناونراوە و لەسەرەتای ئەم سوورەتەدا پەروەردگار سوێند بە پێنووس دەخوات، هەرچەندە بە قەوارە بچووکە بەڵام بە بەها بەنرخە و کاریگەریی گەورەی هەیە، بۆیە شایەن بەوەیە خوای گەورە سوێندی پێبخوات ﴿**ن، والقلم وما یسطرون**﴾.

گەر فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەدەیان فەرموودە سەبارەت بە زانست و هاندانی زانست و خوێندن دەدوێن، هەرکاتێکیش ئەم سەروەرە فرسەتی فێربوون و خوێندن ڕەخسا بێت هەوڵیداوە کە موسوڵمانان سوود لەو فرسەتە وەربگرن، کاتێك لە غەزای (بەدر) دا موسوڵمانان چەند دیلێکیان لە بێباوەڕان دەستگیر کرد پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هەر دیلێکدا کە خوێندەواری دەزانی مەرجی فێر کردنی (١٠) لە رۆڵەی موسوڵمانانی بەست بەرامبەر بە ئازاد کردنیان...... چەند کارێکی گەورە بوو کە رزگاربوون لە دیلێتی بەرامبەر بە رزگاربوون لە نەخوێندەواریی مامەڵە بکرێت، بەتایبەت لە لایەن پێشەوایەك کە خۆی نەخوێندەوار بێت و زانیاری‌یەکانی راستەوخۆ لە پەروەردگارەوە وەرگرتبێ.

لە کۆتایی‌دا خوازیارین کە هەروەك چۆن پەیامەکەمان هانمان دەدات بۆ فێربوون و بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی‌مان بەو جۆرە ئەم بوارە گرنگەی ژیان بەسەر بکەینەوە و بە بەرچاو رۆشنی‌یەوە بتوانین پەڕاوی گەردوون بخوێنینەوە و لە ئیعجازە جۆراوجۆرەکانی بکۆڵینەوە......

# هەندێك لە یاسا و دەستوورەكانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت دا

هەیڤ

بسم الله الرحمن الرحيم

لەم ووتارەدا هەروەك دەمانەوێ ئاوڕێك لە باسی موعجیزاتی پێغەمبەرانی پێشوو – دروودیان لەسەر بێت– بدەینەوە، دەشمانەوێ لە باسی (موعجیزە) بە شێوەیەكی گشتی و لە (موعجیزەی قورئان)یش بە شێوەیەكی تایبەتی بدوێین. چونكە موعجیزاتی ئەو پێغەمبەرانە (دروودیان لەسەر بێت) بەڵگەی گومانبڕ و دڵنیاییبەخش بوون لەسەر ڕاستیی پێغەمبەرایەتی و ناردنی ئەوان لە لایەن خوای گەورەوە بۆ لای نەتەوەكانیان.

پاشان موعجیزاتی ئەو پێغەمبەرانەش – دروودیان لەسەر بێت– پەیوەندیی بە ناوەڕۆكی پەیامەكە یاخود ڕاڤەی ئەركەكانی پێغەمبەرەكەوە نەبووە، بەڵكو زیاتر بەڵگەی پێغەمبەرایەتیی ئەو بووە، و لەگەڵ ماڵئاوایی كردنیشی لەم دنیایە كاریگەریی ئەو موعجیزەیەش تەواو بووە و بەڵگە دڵنیایی بەخشەكانیش كۆتاییان پێ هاتووە، مەگەر سەبارەت بە كەسێك كە ئەو بەڵگە و موعجیزانەی بە چاوی خۆی بینیبێت و لەگەڵیاندا ژیابێت.

تایبەتمەندیی پەیامی ئیسلامیش (قورئان) لەوەدایە كە تەواوكەر و كۆتایی پێهێنەری پەیامی ئەو پێغەمبەرانەی پێشووە، كە ئەمەش بەردەوامیی موعجیزەكەی لە دوای كۆچی دوایی پێغەمبەر – دروودی لەسەر بێت– و گەڕانەوەی بۆ لای پەروەردگاری دەكات بە كارێكی پێویست. چونكە مادەم قورئان كۆتایی پێهێنەری هەموو پەیامەكانی خوای گەورەیە، ئەوا دەبێ ئەو بەخششەی كە قورئان پێشكەشی نەوە و بەرەیەكی مرۆڤی دەكات جیاواز بێت لەو بەخششەی كە بە نەوە و بەرەیەكی پێشووی بەخشیوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی كە قورئان كتێبی هەموو جیهانەكانە.. هی هەموو دنیایە.. هی هەموو بەرە و نەوەكانە.. هی سەرجەمی مرۆڤەكانە.

پێغەمبەری ئازیز – دروودی لەسەر بێت – ئەم ڕاستییەی لەو فەرموودە بەناوبانگەیدا دەربڕیوە كە تیایدا سەبارەت بە قورئان دەفەرموێ:

(لا تنقضي عجائبه). (رواه الدارمي والبزار والبيهقي، ورواه الحاكم وقال صحيح الإسناد ولم يخرجاه، وصحح الحافظ المنذري رواية الحاكم).

لە كتێبەكانی تەفسیر و فەرموودەدا چەسپاوە كە پێغەمبەر (دروودی لەسەر بێت) سەرجەمی هەموو قورئانی تەفسیر نەكردووە، چونكە هاوەڵەكانی –خوایان لێ ڕازی بێت– پێویستیان بە هەموو ڕوونكردنەوەكان نەبووە لە كاتێكدا كە خۆیان لەگەڵ دابەزینی وەحی و ڕووداوەكاندا ژیاون، تەنانەت هەندێ جار ئەم كارەیان بە تەكەللوف و هەندێ جاری تریش بە دەرچوون لە تێگەیشتن لەقەڵەم داوە.

بەڵام قورئان خۆی لەناو سنگ و دڵەكاندا بە لەبەركراوی و لەسەر موصحەفەكانیشدا بە نووسراوی مایەوە، و خوای گەورەش خوێندنەوە و كۆكردنەوەی قورئانی بە پارێزراوی هێشتەوە.

بەرە و نەوە پێشكەوتووە نوێكانی هەموو سەردەمێكیش بەردەوام چاویان لە پێویستیی كۆمەڵگا موسوڵمانەكان بووە بە گرێدانی كۆمەڵ بە قورئان و پەیوەست كردنی بنەماكانی بە

ژیانەوە، بۆیە هەر لە سەدەی یەکەمەوە بزووتنەوەکانی تەفسیر و ڕێرەوە جۆراوجۆرەکان بۆ لێتێگەیشتن و پاشان ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سەریان هەڵدا.

لێرەدا دانانی چەند بناغە و بنەمایەك بە پێویست دەزانین لەوانەی کە هەموو شارەزایانی ئەم بوارە لەسەری کۆك و یەك قسەن سەبارەت بە ڕێبازی تایبەتیی پێشکەشکردنی (موعجیزەی زانستیی قورئان و سوننەت):

١- ئەو ئایەتەی کە موعجیزەی زانستیی لەبارەوە پێشکەش دەکرێت، دەبێ لە سەرچاوەکانی فەرموودەوە دڵنیایی بەدەست بهێنرێت کە پێغەمبەر - دروودی لەسەر بێت - ڕاڤە و لێکدانەوەی لەسەر نەکردووە، بە جۆرێك کە ئیعجازە زانستییەکە لەگەڵیدا نەگونجێت.

٢ - ئەو تێگەیشتنە نوێیەی (کە بەپێی زانستە نوێکان و لە دوای تاقیکردنەوە و توێژینەوە و جێبەجێکردن) سەبارەت بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزەوە دەرکەوتووە، دەبێ لە کاتی نازڵ بوونی قورئان و لە سەردەمی ژیانی ئەو (جیل)ەی کە هاوچەرخی هاتنی قورئان بوون باس نەکرابێت.

٣ - ئەو تێگەیشتنە زانستییەی کە لە تەفسیری ئایەتەکەدا بەکار دەهێنرێت، دەبێ لەگەڵ دەستوورەکانی زمانی عەرەبیدا یەکاویەك دەرچێت، ئەو دەستوورانەی کە لە زانستەکانی قورئانی پیرۆزەوە و بەپێی نەحو و صەرف و بەلاغە و زمانی تایبەتیی قورئان سەرچاوەیان گرتووە.

٤- ئەو دەرەنجامەی کە زانای شارەزا و پسپۆڕ و ئیماندار پێی گەیشتووە، دەبێ لە بازنەی پسپۆڕیی بابەتەکەی خۆیدا بێت، واتە ئایەتە گەردوونییەکان دەبێ زانایانی پسپۆڕی گەردوونزانی و.. ئەو ئایەتانەش کە ئاماژەی پزیشکییان تێدایە لە لایەن پزیشکان و.. ئەو ئایەتانەش کە پەیوەندییان بە (ڕووەك و زەویناسی و مێژوو و... هتد)ەوە هەیە ڕووە زانستییەکانیان لە لایەن کەسانی پسپۆڕی ئەو زانستانەوە لێك بدرێتەوە.

٥ - ڕاڤە و تەفسیرکردنی ئەو ئایەتانەی کە ئیعجازی زانستییان تێدا دەرکەوتووە هەرگیزاوهەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە قورئانی پیرۆز لە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی (کە کتێبی هیدایەت و ئایین و پەرستش و تەشریع و ڕەوشت)ە دەرچووە یان دەرهێنراوە و دوورخراوەتەوە و، بەڕوونکردنەوەی ئیعجازە زانستییەکەی - بەپێی ئەو بنەمایانەی باسمان کردن - قورئان دەکرێت بە کتێبێك لە کیمیا یاخود فیزیا یان بیرکاری... هتد. نەخێر. بەڵکو ئەم کارە پێشکەشکردنی قورئانی پیرۆزە (وەك کتێبی هیدایەت) بەم چەرخە و لە ڕێی ئەو زمانەوە کە زانایان و بیریاران لێی تێدەگەن.

لەوەش ئاگادارین کە هەندێ کەس لەوانەی قورئانیان خۆش ویستووە و بە نیازێکی خاوێن و ڕاست و دروست و لە پێناوی تێگەیشتن یان تێگەیاندنی قورئاندا، هەندێ تیۆر و بیردۆزی زانستییان لەبارەی گەردوون و ژیانەوە لە قورئان نزیك خستووەتەوە، لە کاتێکدا کە ئەو تیۆر و بیردۆزانە نەگەشتبوونە پلەی بێگومانی و دڵنیایی. بۆیە ئێمە هەرگیز ئەو ڕێبازە بە ڕاست نازانین و، هەڵە و ئاکامەکانیشی لە ئەستۆی خودی ئەو کەسانەدایە کە ئەو چەشنە کارەیان ئەنجام داوە.

ئێمە داواکارین سوود لەو زانایانە وەربگیرێت کە نەتەوەی ئیسلام متمانەی بە عەقیدە و ڕێرەوی فیکرییان هەیە لە ژیاندا، و خۆشحاڵین بە ئاکامی توێژینەوەکانی ئەوان و هەر کەسێکی تریش کە خزمەت بە قورئان و سوننەت بکات.

هەموو ئەوانەش ناویان لە بواری باس و بابەتەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا ئاشکرا ونمایانە. لەو دڵنیاییەشداین کە هەموو ئەو دەرەنجامانەی (ڕاستیی زانستی)یان چەسپاوە دەڕۆنە ژێر چەمکی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە کە دەفەرموێ:

**﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾** (فصلت:٥٣).




# زانستی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەت دا

## بەشی دووەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.



ئامادەکردنی: د. کاوە فرج سعدون
بەکالۆریۆس لە پزیشکی و
نەشتەرگەری گشتیدا

### کورتەی بڵاوکراوی پێشوو

گەڕانەوە بۆلای پەروەدگار و بەرنامە پیرۆزەکەی تاکە چارەسەرە لەبەردەم مرۆڤایەتیدا لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا بۆ دەربازبوون لە گیروگرفتە کەڵەکەبووەکان و بەردەوام زیادبووی ژیانی ئەم سەردەمە،چونکە خوای گەورە دروست کەری مرۆڤە و ئاگاداری سەرجەم نهێنییەکانی و پێویستییەکانێتی، بێگومان ئەو بەرنامەیەی کە ئەو بۆ مرۆڤایەتی دابنێت بەرزترین و کامڵترین بەرنامە دەبێت، بەردەوام پەروەردگار بەپێغەمبەرە بەڕێزەکانیدا بەرنامەی داڕێژراوی خۆی بۆ ژیانی مرۆڤەکانی ناردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوای گەورە بۆ سەلماندنی ڕاستی ناردنی ئەو پێغەمبەرانە چەندین بەڵگەی روون و ئاشکرای پێداون.

رۆژەکان هاتن و چوون و پەیامەکان گەیشتنە کۆتایین پەیام و بەکۆتایین پەیامبەردا کە محمدە (ﷺ) بۆ مرۆڤەکان نێردرا، بەڵگە و موعجیزەی محمد (ﷺ) بریتییە لە قورئانی پیرۆز کە پەروەردگار ناردوویەتی کە تا رۆژی دوایی موعجیزەکەی بمێنێتەوە وکۆتایین بەرنامەی ژیان بێت بۆ مرۆڤەکان ﴿ **قل لئن إجتمعت الإنس والجن على أن يأتوا بمثل هذا القرآن لايأتون بمثله ولو كان بعضهم لبعض ظهيرا**﴾ (الأسراء:٨٨)، زانایانی ئیسلام زۆر لایەنی ئەم موعجیزەیەیان باس کردووە لەپێشتردا بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لایەنێکی زۆر گەورە و ئاشکرای دەرکەوتووە کەئەویش ئیعجازی زانستییە لە قورئان و سوننەتدا، کە باس لەو ئاماژە زانستییە ووردانە دەکات کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە و زۆر تازە لەلایەنی زانستییەوە سەلمێنراوە کە لە رۆژگاری هاتنە خوارەوەی قورئاندا مەحاڵ بووە بزانرێت و دەبینین لە زۆر شوێنی قورئان و سوننەتدا هاتووە و بەردەوام لەلایەن زانایانەوە ئاماژەی نوێ دەدۆزرێتەوە لە قورئان و سوننەتی پیرۆزدا.

یەکێك لەو ئامارە گرنگانە کە لە زۆر شوێنی قورئان وسوننەتدا ئیشارەتی بۆ کراوە بریتییە لە سەرچاوە و چۆنێتی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ کەلەرۆژگاری ئەمڕۆدا بەزانستی کۆرپەلەزانی ﴿علم الأجنة- Embryology﴾ ناسراوە، ئێمە لەم زنجیرە بابەتانەدا انشاء الله هەوڵدەدەین باسی ئەو ئایەت و فەرمووده پیرۆزانەی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین کە ئەو ئاماژانەی تێدایە و لایەنە زانستییە سەلمێنەرەکانیشی لە چەند کتێبێکی زانستی کۆرپەلەزانی باوەڕپێکراوی چەند زانایەکی ناسراوی ئەم زانستە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا وەردەگرین.

لە ژمارەی پێشوودا باسی ئەوە کرا کە تاوەکو سەدەی هەژدەیەمیش زانایان لەبارەی بنچینەی دروست بوونی مرۆڤەوە دەیانووت کە مرۆڤ یان لە خوێنی مانگانەی ئافرەتەوە یان لە تۆو (سپێرمی) پیاوەوە بەتەنیا دروست دەبێت، بەڵام قورئان و سوننەت پێش ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر بەروونی ئاشکرایان کردووە کە هەردوو پیاو و ئافرەت پێویستن بۆ دروست بوونی کۆرپەلە ﴿**يايهودي من كل يخلق من نطفة الرجل ونطفة المرأة**﴾ حديث شريف، ئەوەبوو زانایان تەنیا لەدوای سەدەی هەژدەیەمەوە گەیشتنە ئەم ڕاستییە زانستییە، هەروەها باسی

ئەوەمان کرد کە چۆن لە هەموو ئاوی پیاو یان ئافرەتەوە کۆرپەلە دروست نابێت بەڵکو تەنها یەك تۆوی پیاو وە یەك هێلکەی ئافرەت پێویستن بۆ دروست بوونی کۆرپەلە کە ئەم ڕاستییە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿ما من کل الماء یکون الولد﴾، هەروەها ئەوە باسکرا کە چۆن دیاری کردنی ڕەگەزی کۆرپەلە (کەئایا نێر یان مێ دەردەچێت) بەهۆی تۆوی پیاوەوە دەبێت، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: **﴿أیحسب الإنسان أن یترك سدى ، ألم یك نطفة من مني یمنى ، ثم کان علقة فخلق فسوى ، فجعل منه الزوجین الذکر والأنثى﴾، ﴿وأنه خلق الزوجین الذکر والأنثى من نطفة اذا تمنى﴾.**

هەروەها بۆمان دەرکەوت کە چۆن کۆرپەلەی مرۆڤ لە پوختەیەکەوە دروست دەبێت کە لەناو هەموو خانەیەکی پیاو یان هەڵگرتووە**﴿الذی أحسن کل شئ خلقه، وبدأ خلق الأنسان من طین،ثم جعل نسله من سلالة من ماء مهین﴾.**

## دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ بەقۆناغە

خوای پەروەردگار لەقورئاندا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە کۆرپەلە لەسکی دایکدا بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات و بەقۆناغ دروست دەبێت وەکو دەفەرموێت: **﴿ما لکم لاترجون لله وقارا، وقد خلقکم أطوارا﴾** (سورة نوح: ١٣-١٤)، واتە: ئەی مرۆڤەکان بۆ ئێوە بەتەواوەتی خودا بەگەورە نازانن و ناپەرستن، ئەی ئێوە نازانن کە خودا بوونێکەوە بۆ دروست بوونێکی تر لەناو سێ تاریکاییدا (واتە بەقۆناغ)، ئەو دروستکەرە پەروەردگارتانە کە خاوەنی موڵکدارێتی بوونەوەرە.

ئەم ڕاستییەی زانستییەی کە مرۆڤ بەقۆناغ دروست دەبێت لەدوای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی تەکنۆلۆجیاوە دۆزرایەوە لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە ئەویش بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی کۆمەڵێك زانای ناسراوی زانستی کۆرپەلەزانی و بەهۆی ئەنجامدانی چەندین تاقیکردنەوەی زانستییەوە هەستی پێکرا، کە قورئانی پیرۆز وەك باسمان کرد پێش ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر ئەم




هێلکاری قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلەی مرۆڤ لە ١ ڕۆژ تا لە دایك بوون لە کتێبی (The Developing Human)

ئافرەتدا کرۆمۆسۆم هەیە کە هەڵگری هەموو سیفاتەکانی لەشی مرۆڤن، و خانە سێکسییەکانی پیاو و ئافرەت نیوەی ژمارەی کرۆمۆسۆمەکان هەڵدەگرن، کە پاشان بەیەکگرتنیان و دروست بوونی کۆرپەلە ژمارەی تەواوی کرۆمۆسۆمەکان دروست دەبێت کە پوختەیەکی سیفاتەکانی دایك و باوکی ئێوەی بەقۆناغ دروست کردووە.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: **﴿یخلقکم في بطون أمهاتکم خلقا من بعد خلق في ظلمات ثلاث ذلکم الله ربکم له الملك﴾** (الزمر:٦)، واتە: پەروەردگار ئێوە لەناو سکی دایکتاندا دروست دەکات لە دروست ڕاستییەی باس کردووە و زانایانی ئیسلام باوەڕی تەواویان پێی هەبووە.

قۆناغەکانی دروست بوونی مرۆڤ لە چەند ئایەتێکی قورئاندا دیاری کراوە و چەند زاراوەیەك و ناوێکی لێنراوە کە لەم زنجیرانەدا دەیسەلمێنین کە گونجاوترین ناون و هەموو مەرجێکی ناولێنانی

زانســتی‌یان تێدایــه، خــوای گــه‌وره ده‌فه‌رموێت:

**﴿ولقد خلقنا الإنسان من سلالة من طين ثم جعلناه نطفة في قرار مكين ثم خلقنا النطفة علقة فخلقنا العلقة مضغة فخلقنا المضغة عظاما فكسونا العظام لحما ثم أنشأناه خلقا آخر فتبارك الله أحسن الخالقين﴾** (المؤمنون: ١٢-١٤).

## دروست بوونی کۆرپه‌له‌ی مرۆڤ له قۆناغی سه‌ره‌تایی‌دا (مرحلة النطفة)

له زنجیره‌ی ئه‌م جاره‌ماندا به‌درێژی باسی قۆناغی نطفة ده‌که‌ین هه‌روه‌کو چۆن له قورئان و سوننه‌تدا هاتووه:

دۆزینه‌وه‌ی قۆناغه جیاوازه‌کان و به‌دوایه‌که‌کانی گه‌شه‌کردنی کۆرپه‌له یه‌کێکه له‌بابه‌ته ئاڵۆزه‌کانی مێژووی زانستی کۆرپه‌له‌زانی، هۆی ئه‌م ئاڵۆزی‌یه بریتی‌یه له‌قه‌باره‌ی زۆر بچووکی کۆرپه‌له له قۆناغه سه‌ره‌تایی‌یه‌کانی‌دا به‌تایبه‌تی له چه‌ند هه‌فته‌ی یه‌که‌می سکپڕی‌دا که به‌هۆی چه‌ند هۆکارێکی ته‌کنۆلۆژی زۆر پێشکه‌وتوو نه‌بێت درکی پێناکرێت، که به‌هه‌مووی بۆ ته‌نها ٣٠٠ساڵ ده‌بێت واته له سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌یه‌می زایینی‌یه‌وه ئه‌م زانسته پێشکه‌وتنێکی راسته‌قینه‌ی به‌خۆیه‌وه بینیوه، به‌ڵام ده‌بینین قورئانی پیرۆز که مێژووی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌ده‌ی حه‌وته‌می زایینی یه‌که‌م سه‌رچاوه‌یه له‌به‌ر ده‌ستماندا بۆ دیاری‌کردنی قۆناغه‌کانی گه‌شه‌کردنی کۆرپه‌له، که قورئان چه‌ند ناوێک ده‌نێت له‌م قۆناغانه و چه‌ند زاراوه‌یه‌ك به‌کارده‌هێنێت که به‌ووردی باسی شکڵی ده‌ره‌وه و گرنگترین کرداره‌کانی ناوخۆی کۆرپه‌له ده‌کات که ده‌بینین ئه‌م زاراوه و (مصطلحاة)انه به ووردی‌یه‌کی زۆره‌وه هه‌موو شه‌رتێکیان تێدایه بۆ ناولێنانی زانستی قۆناغه‌کان وه‌ك له ئایه‌ته پیرۆزه‌که‌ی پێشتر داهاتووه، هه‌روه‌ها له فه‌رمووده‌یه‌کی پیرۆزی پێغه‌مبه‌ریشدا هه‌مان ئه‌م ناوانه هاتوون: عن عبدالله بن مسعود رضي الله عنه قال: حدثنا رسول الله (ﷺ) وهو الصادق المصدوق قال: **﴿إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك علقة مثل ذلك، ثم يكون في ذلك مضغة مثل ذلك، ثم يرسل الملك فينفخ فيه الروح ويؤمر بأربع كلمات بكتب رزقه وأجله وعمله وشقي أو سعيد﴾** رواه البخاري و مسلم وأبو داود والترمذي وأبن ماجة وإدراج لفظ نطفة في (ان احدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما نطفة) لا أصل له في جميع الروايات، واته: هه‌ر که‌سێك له‌ئێوه دروست بوونی له چل رۆژدا ته‌واو ده‌بێت، هه‌ر له‌و چل رۆژه‌دا (علقة) ده‌بێت، هه‌ر له‌و چل رۆژه‌دا (مضغة) ده‌بێت، پاشان فریشته‌یه‌ك ده‌نێردرێت له‌دوای چل رۆژ که رۆح بکات به به‌ری کۆرپه‌له‌که‌دا.

قۆناغی یه‌که‌م بریتی‌یه له‌قۆناغی نطفة: له زمانی عه‌ره‌بی‌دا (نطفة) به ئاوێکی که‌م ده‌ووترێت به‌ئه‌ندازه‌ی یه‌ك تنۆك (القليل من الماء والذي يعدل قطرة) وه‌کو له فه‌رهه‌نگه‌کانی زمانی عه‌ره‌بی‌دا هاتووه، قۆناغی (نطفة) له رووی زانستی‌یه‌وه له دروستبوونی تۆو له‌پیاودا و هێلکه له ئافره‌تدا ده‌ست پێده‌کات و به‌چوونه ناوه‌وه‌ی کۆرپه‌له بۆ ناو دیواری مناڵدان له ئافره‌تدا کۆتایی دێت.

قورئانی پیرۆز به‌م شێوه‌یه باسی ئه‌م قۆناغه ده‌کات:

## ئاوی ده‌رپه‌ڕیو (الماء الدافق)

قورئانی پیرۆز ده‌فه‌رموێت مرۆڤ له (ئاوێکی ده‌رپه‌ڕیو)ه‌وه دروستبووه **﴿فلينظر الأنسان مم خلق، خلق من ماء دافق، يخرج من بين الصلب والترائب﴾** (الطارق:٥-٧)، لێره‌دا ئه‌وه‌ی سه‌رسوڕهێنه‌ره ئه‌وه‌یه که قورئانی پیرۆز کرداری ده‌رچوون و ده‌رپه‌ڕاندن ده‌داته پاڵ ئاوه‌که خۆی، واته ئه‌و ئاوه خۆی هێزی جووڵان و ده‌رپه‌ڕانی تێدایه، هه‌موومان ده‌زانین کاتی ده‌رچوونی ئاو له پیاودا به‌شێوه‌ی ده‌رپه‌ڕاندن ده‌رده‌چێت که رۆڵی سه‌ره‌کی له‌م کرداره‌دا بۆ کۆئه‌ندامی ده‌ماری Autonomic Nervous System ده‌بێت، هه‌روه‌ها زانستی نوێی ئه‌مڕۆش بۆی سه‌لماندووین که له ئاوی پیاودا تۆو (سپێرم Sperms) هه‌یه، که پێویسته ئه‌م سپێرمانه جووڵاو و زیندوو بن بۆ ئه‌وه‌ی پیتاندن رووبدات.

(بڕوانه وێنه‌ی ژماره ١)

هه‌روه‌ها ئاوی ئافره‌تیش که هێلکه‌که‌ی تێدایه به‌شێوه‌ی ده‌رپه‌ڕاندن



وێنه‌ی ژماره (١)

وێنه‌یه‌کی راسته‌قینه‌ی سپێرم له ئاوی پیاودا که (٤٥٠ جار) گه‌وره کراوه، که پیشانی ده‌دات چۆن پێکهاته‌نه‌که‌ی به تایبه‌تی کلکه درێژه‌که‌ی یارمه‌تی جووڵه‌ی خێرای ده‌دات







**وێنەی ژمارە (٢)**

**وێنەیەکی ڕاستەقینەی هێلکەی ئافرەت لە کاتی دەرپەڕانی لە هێلکەدانەوە (وەك نیشانە کراوە)**

گەیشتنی تۆوەکان دەدات بۆ شوێنی هێلکەکە لە سەرەتای بۆری مناڵداندا، کەواتە ئەم ماددەیەی لەئاوەکەدایە هۆکاری دروست بوونی جووڵەیە، هەروەها لە ئاوی ئافرەتیشدا چەندین ماددەی تر هەیە کە یارمەتی پیتاندن دەدەن لەوانە هەندێك ئەنزیم کە ناوپۆشی مناڵدان و بۆرییەکەی دەری دەدەن و وا لە تۆو دەکات کە توانای پیتاندنی هەبێت بە لابردنی بەرگی بەشی پێشەوەی تۆو، هەروەها ئەم ئەنزیمانە هەڵدەستن بە لابردنی ئەو خانانەی کە دەوری هێلکەکەیان داوە لەگەڵ لابردنی ڕووپۆشە پارێزەرەکەی لەبەرامبەر سپێرمەکاندا، کەواتە ئاوی ئافرەتیش پڕە لە جووڵە و جووڵەش دروست دەکات.

پێشتر باسمان کرد کە مانای (نطفة) بریتییە لە ئاوێکی کەم بە ئەندازەی تنۆکێك کە ئەم وشەیە پڕاوپڕ سەرەتای دروست بوونی کۆرپەلە دەگرێتەوە کە دەردەچێت و لە هێلکەدانەوە دەتەقێتە ناو بۆری مناڵدانەوە، و هێلکەکە خۆی پێویستە جولاو و دەرپەڕیو و زیندوو بێت بۆ ئەوەی پیتاندن ڕووبدات.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە٢)**

هەروەها زانراوە کە ئاوی پیاو لەگەڵ ئەوەی کە سپێرمی تێدایە هەندێك ماددەی تری تێدایە کە یارمەتی پیتاندن دەدات، کە یەکێك لەوانە ماددەی پرۆستاگلاندینە **Prostaglandin** کە دەبێتە هۆی گرژبوونی مناڵدان لە ئافرەتدا و یارمەتی




وێنەی ژمارە (٣)

هێلکاری هەرسێ بەشی پێکهێنەری کۆرپەلەیە کە بەشی ناوەڕاست (وەك نیشانە کراوە) دەکەوێتە نێوان بەشی سەرەوە و خوارەوە

ئاوێکە پڕە لە دەرپەڕان و جموجووڵ لە هەردوو ئاوی پیاو و ئافرەتدا، ئەمەش سەلمێنەری زانستی ئەو ڕاستییەیە کە لەئایەتەکەی قورئاندا هاتووە، کە خۆی لەخۆیدا موعجیزەیەکی گەورەیە.

## لە نێوان دوو بەشدا (بین الصلب والترائب)

هەر لەو ئایەتە پیرۆزەی پێشتردا﴿**خلق من ماء دافق، يخرج من بين الصلب والترائب**﴾ لەبارەی بەشی دووەمی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە زانایان دوو ڕایان هەیە هەندێکیان دەڵێن کە مەبەستی لە مرۆڤە بەگشتی کە لە نێوان (الصلب والترائب) دا دروست دەبێت، هەندێکی تریان دەڵێن کە مەبەستی ئەو ئاوەیە کە مرۆڤی لێوە دروست دەبێت، بەو پێیە لەم ئایەتە پیرۆزەدا موعجیزەیەکی تر هەیە کە دەفەرموێت: مرۆڤ لە بەشێك ئاوی دەرپەڕیوەوە دروست دەبێت کە ئەم ئاوە لەچەند ئەندامێکەوە دەردەچێت کەئەم ئەندامانە سەرەتا لەنێوان الصلب و الترائب دا دروست دەبن، لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا (الصلب) بەمانای بڕبڕەی پشت (العمود الفقري)دێت و (الترائب) واتە: ئێسکەکانی پێشەوەی سنگی مرۆڤ (عظام الصدر الأمامي مما يلي الترقوتين) واتە پەراسووەکان، کەواتە ئایەتەکە دەفەرموێت کۆئەندامی زاووزێی پیاو و ئافرەت سەرەتا لەنێوان بڕبڕەی پشت و ئێسکەکانی سنگدا دروست دەبن، زانستی ئەمڕۆ دۆزیویەتەوە کە لە کۆرپەلەدا ئەو خانانەی هێلکەدانەکان لە ئافرەتدا و گون لە پیاودا دروست دەکەن سەرەتا لە ناوچەی ناوەڕاست یان (**Mesoderm**) وە لەکۆرپەلەدا جیا دەبنەوە و دروست دەبن لەگەڵ ئەو خانانەی کە گورچیلەکان دروست دەکەن لە داهاتوودا، کە دەکەونە نێوان بەشی

سەرەوە Ectoderm كەبڕبڕەی پشت و دەمارەپەتك دروست دەكات و بەشی خوارەوە Endoderm كە لە داهاتوودا ئێسكەكانی قەفەزی سنگ (پەراسووەكان) دروست دەكات.

(بڕوانە وێنەی ژمارە٣)

لەگەڵ بەرەوپێش چوونی دروست بوونی كۆرپەلەدا ئەندامەكانی زاووزێی مرۆڤ (هێلكەدانەكان لە ئافرەتدا و گونەكان لە پیاودا) كە وەك ووتمان سەرەتا لەگەڵ گورچیلەكانن لە نزیكی پشتی مرۆڤدا، كە پاشان دێنە خوارەوە بۆ شوێنی ئاسایی خۆیان، و ئەوەی ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت ئەوەیە كە هێلكەدانەكان و گونەكان و گورچیلەكانیش راستەو خۆ لە لایەن خوێنبەری گەورەوە **Aortic Artery** خوێنیان بۆ دەچێت، و لەلایەن دەماری دەیەمی سنگ لە مێشكەوە دەماریان بۆ دەچێت، كە هەموو ئەم دەمار و خوێنبەرانە لە ناوچەی ناوەڕاست لەنێوان بڕبڕەی پشت و قەفەزی سنگدا شوێنی خۆیان وەردەگرن، هەروەها لە ئایەتێكی تریشدا ئاماژەیەك بۆ ئەم راستییە هاتووە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**وإذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم وأشهدهم على أنفسهم ألست بربكم قالوا بلى شهدنا**﴾ (الأعراف: ١٧٢) واتە: پەروەردگار پێشتر پێش دروست كردنی مرۆڤەكان لە پشتی باوكیان (واتە پێش دروست بوونی مرۆڤەكان بەگشتی كە پاشان لە پشتی باوك و دایكەوە دروست دەبن) پەیمانی لێوەرگرتن كە دان بەوەدا بنێن كە (الله) پەروەردگاریانە، ئەوانیش بەگشتی ووتیان بەڵێ پەیمان و شایەتی دەدەین، كە وابزانم ئاماژەیەكی روونی تێدایە بۆ ئەوەی لە پشتەوە بنچینەی مرۆڤ و خانەكانی زاووزێیەتی.

كەواتە بەم شێوەیە راستییە زانستییەكان و ئایەتەكانی قورئان یەكدەگرنەوە، كە هیچ سەیر نییە چونكە دروست كەری ئەم راستییانە هەرئەوە كە قورئانی پیرۆزیشی بۆ ناردووین بە پێغەمبەردا (ﷺ): ﴿**ألا يعلم من خلق وهو اللطيف الخبير**﴾ (الملك:١٤).

## ڕۆچوون و وون بوون لە منداڵداندا (غیض الأرحام)

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿**الله يعلم ماتحمل كل أنثى وما تغيض الأرحام وما تزداد وكل شئ عنده بمقدار**﴾ (الرعد:٨)، واتە: پەروەردگار خۆی دەزانێت كە ئافرەت لەكاتی سكپڕیدا چی هەڵگرتووە؟ و ئەوانەش كە لە منداڵدانەكاندا ڕۆدەچن، وون دەبن و تیا دەچن، و هەموو شتێك لای ئەو بە ئەندازەیە و قەدەری بۆ دانراوە، هەروەها لە فەرموودەیەكی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە كە فەرموویەتی: ﴿**ولا يعلم ماتغيض الأرحام إلا الله...**﴾ رواه البخاري، واتە: تەنها خودا خۆی دەزانێت ئەوانەی لە منداڵدانەكاندا ڕۆدەچن، وون دەبن و تیا دەچن چین؟!.

تۆ بڵێی ئەوانەی لەناو منداڵدانەكاندا ڕۆدەچن و وون دەبن چی بن؟!

سەرەتا بابزانین لە فەرهەنگەكانی زمانی عەرەبیدا (غیض) بە مانای چی هاتووە: ١- الغور خلال أو نفوذ السائل الى الأعماق، كغوران الماء في الأراضي.٢- النقصان، واتە: ١- ڕۆچوون، ڕۆچوونی شلەمەنی بەناو قووڵاییەكاندا وەكو ڕۆچوونی ئاو بەناو زەویدا.٢- كەمبوون.

ئەم فەرموودە پیرۆزانە قۆناغێكی پێشكەوتووی دروست بوونی كۆرپەلە باس دەكەن، هەر لەكاتی چوونە ژوورەوەی تۆو بۆ ناو منداڵدان تاوەكو ڕۆچوون و چوونە ناوەوەی نطفةی تێكەڵاو (النطفة الأمشاج)، ئایەتەكە باسی ڕۆچوون و كەمبوونەوە یان زیادبوونی شتێك یان هەردووكیان دەكات لەناو منداڵدانەكاندا كە زانیاری ئەم شتانە تەنها تایبەتە بە پەروەردگارەوە، و كاتێك هەردوو مانای غیض ببەستین بەیەكەوە بەروونی مەبەستی فەرموودە پیرۆزەكان روون دەبنەوە.

بابزانین زانستی نوێی كۆرپەلەزانی ئەمڕۆ چی دەڵێت لەبارەی ئەم شتانەوە: سەلمێنراوە كە لە هەر كارێكی جنسیدا پیاو زیاد لە ٥٠٠ ملیۆن تۆوی دەبێت، كە تەنها یەك دانەیان هەلی ئەوەی هەیە كە ڕۆبچێت بەناو منداڵدان و سەربكەوێت و سەفەرەكە تەواو بكات تادەگاتە هێلكەكە، و ئەو تۆوانەی تر كە دەمێننەوە تیادەچن و وون دەبن لەناو منداڵدان و بۆرییەكەیدا، كە تەنها خودای راگری ئەم ووردەكارییە نەبێت كەسی تر نازانێت كە كام دانە لەم ٥٠٠ ملیۆن تۆوە ئەو هەلەی دەبێت! و تا ئێستا و هیچ كاتێك پێشكەوتنی زانستی ناگاتە ئەوەی كە ئەو دانەیە دیاری بكات كە لەناو منداڵداندا تیاناچێت و دەگاتە هێلكەكە، مەگەر تەنها ئەم كردارە لە دەرەوەی منداڵدان بەیەك تۆو و هێلكەیەك بكرێت، كەواتە لێرەوە هەردوو مانای (غیض الأرحام)مان لە تۆوی پیاودا بۆ دەركەوت.

لە ئافرەتیشدا ئەو هێلكەیەی كە هەلی ئەم پیتاندنەی هەیە یەكێكە لە سەدان هەزار هێلكۆكە كە مانگانە لە هێلكەدانەكانەوە چالاك دەبن و تەنها یەكێك لە توورەكەكانی گراف (**Grafian Follicles**) لەوانی تر زیاتر گەشە دەكات و دەتەقێتە سەرەتای بۆری منداڵدان و سەردەكەوێت و هەلی ئەوەی هەیە كە لەگەڵ تۆوێكدا یەكبگرێت و هێلكەكانی تر دەپووكێنەوە و تیادەچن

لەناو هێلکەدانەکاندا، هیچ کەسێك و هیچ تەکنۆلۆژیایەك ناتوانێت ئەو هێلکەیە دیاری بکات.

ئەگەر لە سەرەتای بۆری منداڵداندا تۆو نەبێت یان تۆوەکان چالاك و زیندوو نەبن و نەتوانن بگەنە شوێنی هێلکەکە ئەوا ئەو هێلکەیەش وون دەبێت و تیادەچێت و بەناو منداڵداندا ڕۆدەچێتە خوارەوە بۆ دەرەوە، کە لێرەشدا تەنها خوای گەورە نەبێت کەسی تر پەی نازانێت، ئەمەش بریتییە لە غیض لە هێلکەی ئافرەتدا.

هەروەها لەلایەکی ترەوە لەوانەیە پیتاندن ڕووبدات و هێلکەی پیتێنراو (**Zygot**) دروست ببێت بەڵام ئەم کۆرپەلەیە شکست بێنێت لەوەی کە خۆی بچێنێتە ناو دیواری منداڵدانەوە **(Implantation)** کە ئەم حاڵەتە هۆکاری زۆری هەیە و کەمێکی زانستی ئەمڕۆ زانیویەتی و زۆری تەنها پەروەردگار دەیزانێت کە سەرەنجام ئەو کۆرپەلەیە وون دەبێت و تیادەچێت و بە منداڵداندا ڕۆدەچێتە خوارەوە، هەروەها لەوانەیە ئەو کۆرپەلەیە خۆی بچێنێتە ناو دیواری منداڵدانەوە و لە قەبارەشدا گەورە ببێت بەڵام لەقۆناغێکی داهاتوودا تووشی لەبارچوون ببێت، و بەناو منداڵداندا ڕۆبچێتە دەرەوە، ووردەکاریی و داهاتووی کۆرپەلە تەنها خودا نەبێت کەس نایزانێت، دیارە زانستی پزیشکی هەندێك لە لەبارچوون و هۆکارەکانی زانیوە بەڵام هەموو ڕاستییەکانی تەنها لەلای پەروەردگارە کە تەنها ئەو پاشەڕۆژ، بەتایبەتی پاشەڕۆژی کۆرپەلە دەزانێت، کەواتە لەمانەی پێشەوە بۆمان دەرکەوت کە کرداری وونبوون، تیاچوون و ڕۆچوون بەناو منداڵدانەکاندا لەهەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلەدا هەڵی ڕوودانی هەیە و تەنها پەروەردگار زانیاری تەواوی لەسەریان هەیە، کە ئەمانە هەمووی سەلمێنەری کرداری (غیض)ن وەکو چۆن لە فەرموودە پیرۆزەکاندا هاتووە، و هەموو ماناکانی بە ڕوونی دەرکەوتن.

لە کۆتاییدا ئەوەمان لەبیرنەچێت کە دیاری کردنی سیفاتی بۆماوەیی ئەم زیندەوەرە نوێیە کە لەسەر کرمۆسۆمەکان نووسراوە، تێکەڵاوی ئەم سیفاتانە لەدایك و باوکەوە و کام سیفەت زاڵ و کام سیفەت بەزیودەبێت ئەمانە هەمووی تەنها لەزانیاریی خوادایە و هیچ مرۆڤێك و هیچ تەکنۆلۆژیایەك لەم سەرەتایەدا ناتوانێت بزانێت، بۆ نموونە: ڕەنگی چاو، ڕەنگیپێست، ڕاددەی زیرەکی، سیفاتی ماسولکەکانی، توانای دەماری و شتەکانی تری کۆرپەلەکە چۆن دەردەچێت، هەرچەندێك زانست بەرەو پێش بچێت ناتوانێت پێشبینی بکات.

پاك و بێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارەی کە کلیلی هەموو نهێنییەکان لەلای ئەوە و نموونەی بەرز تەنها بۆ ئەوە و گەورەترین و ووردەکارترین دروستکەرە.

## لە پوختەیەکەوە (السلالة)

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: مرۆڤ لە (سلالة) وە دروست بووە: ﴿**الذی أحسن کل شیء خلقه، وبدأ خلق الإنسان من طین، ثم جعل نسله من سلالة من ماء مهین**﴾ (السجدة:٨)، واتە: خوای پەروەردگار یەکەم جار مرۆڤی لە گڵ دروستکرد و پاشان نەوەکانی لە پوختەی ئاوێکی کەمەوە دروست دەکات، ووشەی (سلالة) لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا بە چەند مانایەك هاتووە لەوانە: ١- بمعنی الخلاصة. ٢- انتزاع الشيء واخراجه في رفق. ٣- السمكة الطويلة، واتە: ١- بەمانای پوختەیەك. ٢-بەمانای دەرپەڕاندن و دەرهێنانی شتێك بەهێمنی. ٣- بەمانای ماسییەکی درێژ، (الماء المهین) کە لێرەدا هاتووە مانای ئاوی پیاوە، ئەگەر لەڕووی زانستییەوە سەیری بکەین **مانای یەکەمی** (سلالة) کە بریتییە لە پوختەیەك: لە ژمارەی پێشتردا باسمان کرد کە چۆن کۆرپەلەی مرۆڤ لە پوختەیەکی سیفاتەکانی دایك و باوکییەوە دروست دەبێت.




وێنەی ژمارە (٤)

هێڵکاری شێوەکانی دەرەوەی گەشەکردنی سپێرم کە لە کۆتاییدا لە ماسییەکی درێژ دەچێت

**مانای دووەم و سێیەم**: کە وەك باسمان کرد بەتایبەتی ئاوی پیاو دەگرێتەوە کە لەناو ئاوی پیاودا سپێرم هەیە، کە بەتەواوەتی ئەم مانایانەی بەسەردا دەچەسپێت، ئەگەر سەیری تۆو (سپێرمی) پیاو بکەین دەبینین کاتێك کە بە جووڵەی خۆی لە منداڵدانی ئافرەتەوە دەچێتە ناو بۆری منداڵدان بۆ ئەوەی لەگەڵ هێلکەکەدا یەکبگرێت، سەرەتا ئەم سپێرمە دەردەهێنرێت بەهێمنی لەناو ئاوی پیاوەکەوە کە بەرگ و ڕووپۆشە پارێزەرەکەی لێدەبێتەوە و تەنها ناوکی سپێرمەکە دەردەپەڕێتە ناوهێلکەکەوە، و ئەگەر سەیری شکڵی دەرەوەی سپێرمەکە بکەین بەتەواوەتی لە ماسییەکی درێژ دەچێت. (بڕوانە وێنەی ژمارە٤)

کەواتــــە مانـــــای ئایەتەکـەی قورئـان و ئـــەو ســـــیفاتانەی داویەتە پاڵ سپێرمی پیـاو بـە تـەواوەتی لـەرووی زانستـیەوە سـەلمێنراوە، و هـیچ بەرامبەرکێـــــــــــەک لـەنێوان ئایەتـەکانی قورئـــان و زانســـتی نوێدا نیـیە.

لـەکاتی کـرداری پیتاندندا وەك باسکرا کاتێـك سـپێرمەکانی پیـاو کـە ژمارەیـان بەسـەدان ملیۆنـە دەچـوڵێن بـەناو منالّـدان (**Uterus**) و بۆری منالّداندا (**Falupian tube**) لە کۆتاییدا دەگەن بە هێلکەکە لەسەرەتای بۆری منالّداندا، تەنها ژمارەیـەکی کـەمیان ئـەم سـەفەرە زۆر دوور و درێـژە تـەواو دەکەن و لەکۆتایی ئەم سیناریۆیەدا تەنها یەك تۆو شەرەفی ئـەوەی دەبێت کـە لـە رووپۆشی خۆی دەربهێنرێت و بچێتە نـاو هێلکەکـەوە، پاشان یـەکبگرن و هێلکـەی پیتێنـراو (زایگـۆت **Zygot**) دروسـت بکەن کە یەکەم قۆناغی کۆرپەلەیە.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٥)**






**وێنەی ژمارە (٥)**

**چەند وێنەیەکی هێلـــکەیەك کە بە سپێرم دەورە دراوە کە لە کۆتاییدا یەك دانەیان دەچێتە ناوەوە**

راستەوخۆ پاش چوونە نـاوەوەی ئـەم تەنها سپێرمە دیواری رووپۆشی هێلکەکە چەند گۆڕانکارییەکی وای بەسـەردا دێت کە دەبێتە هۆی رێگری لە سپێرمەکانی تر کـە بچـنە نـاو هێلکەکـەوە و هـەموویان دەمرن بۆ ئەوەی نەبنە هۆی تێکدانی ئەم ووردەکارییــە سەرســوڕهێنەرە، ئـــەم راسـتـیە لـە فەرموودەیـەکی پـیرۆزی پێغەمبەردا هـاتووە، کە دەفـەرموێت: لـە هەموو ئاوی پیاوەکەوە کۆرپەلـە دروست نابێت، بەڵکو تـەنها لـە بەشێکییەوەیە و راستییە زانستییەکان بۆیان سـەلماندین کە ئەم کردارە بریتـیە لـە هەڵبژاردنێکی تایبـەتی و وەسـفەکەی پێغەمبـەر (ﷺ) زۆر بـە ووردیـی ئـەم راسـتـیەی بـاس کردووە: ﴿**ما من كل الماء يكون الولد**﴾ رواه مسلم، پاك و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری ڕاگری ئەم ووردەکارییە.

## (نطفة)ی تێکەڵاو (النطفة الأمشاج)

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿**إنا خلقنا الأنسان من نطفة أمشاج**﴾ (**الدهر:٢**)، واتـە: ئێمـە مرۆڤمـان لـە تنۆکێـك ئـاوی تێکـەڵاو (نطفـة أمشـاج) دروسـت کـردووە، مانـای (نطفـة) وەکـو پێشتر باسمان کرد بریتیە لەئاوێکی کەم بەقەد تنۆکێك، و مانای أمشاج وەکو لـە فەرهەنگـەکانی زمـانی عـەرەبیدا هـاتووە بریتیـیە لـە: **قطرة مختلطة من مائين**، واتە: تنۆکێك کە تێکەڵاوە لە دوو ئاو.

زانســتی ئــەمڕۆ ئــەم ڕاســتـیەی بەئاشـکرا بـۆ سـەلماندووین کـە لـە یـەکگرتنی تۆوێـك لـە ئـاوی پیـاودا و هێلکـەی نـاو ئـاوی ئافرەتـدا هێلکـەی پیتێنـراو و پاشـان کۆرپەلـە دروسـت دەبێت، و بینـراوە کـە هێلکـەی پیتێنـراو سەرەتا شکڵی لە تنۆکێك ئاو دەچێت کـە سـەلمێنەری مانـای ووشـەی (نطفـة)یـە، بـەڵام لێرەدا خـاڵێکی گرنگ ئەوەیـە کـە ووشەی نطفة ناوێکی تاکە(إسم مفرد)بەڵام ووشەی (أمشاج) کە ئاوەڵنـاوە (صـفة)یـە ووشەیەکی کۆیە (إسم جمع)، هەمووشمان دەزانین کە لـە ڕێزمـانی زمـانی عـەرەبیدا پێویستە ئاوەڵنـاو (صـفة) وەکـو ووشـەی وەسف کراو (موصـوف) بێـت لـە حاڵـەتی تـاك و کـۆدا (**الصـفة تابعـة للموصـوف في الإفـراد والجمـع**)، کـە لێـرەدا ووشـەی (نطفة)کەیە، زانایانی ڕاڤە (تفسیر) پێشتر بـۆ روون کردنـەوەی ئـەم حاڵەتـە دەیـان ووت: لەگـەڵ ئـەوەدا کـە (نطفـة) لێـرەدا تاکـە بـەڵام لـە مانـای کۆدایـە، بـەڵام دەبیـنین لـەرۆژگاری ئـەمڕۆدا و لەگـەڵ پێشکەوتنی زانستیدا بەتـەواوەتی بۆمـان دەرکـەوتووە کـە ئـەم ووتەیـە زۆر راستە چونکە ئـەو (نطفـة)یـە یـەك زینـدەوەرە، بـەڵام لـە تێکـەڵاوێك لـەخاناکانی زاوزێ پێـك هـاتووە، کـە هـەڵگری کۆمـەڵێك سیفاتی جیاوازن لەدایك و باوکەوە.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە٦)**



وێنەی ژمارە (٦)

وێنەیەکی ڕاستەقینەی سەرەتای قۆناغی ئاوی تێکەڵاو کە هێلکەی ئافرەت بە هەزاران سپێرمـــــی پیاو دەورە دراوە

کە بەردەوام لە گەشـەکردن و دابـەش بووندایە و تۆپەڵێك خانە دروست دەکات (Morula) کــە دوایـی دەبێـت بـە Blastocyst) و بـەردەوام پارێزگـاریی لـە شـێوەی دەرەوەی دەکـات کـە لـە شـێوەی تنۆکێـك ئاودایـە بـەهۆی رووپۆشێکی ئەستوورەوە کە دەوری ئـەو خانانـەی داوە، هـەروەها لـەم قۆناغەشـدا هـەر ئـەو ووشـەی (نطفـة أمشـاج)ە بـە تەواوەتی بەسەر کۆرپەلەدا دەچەسپێت، چونکە بەردەوام هەریەك زیندەوەرە بەڵام لە چەند پێکهاتەیەکی جیاواز پێکهاتووە کـە بەراسـتی ئـەم نـاوە جـوانترین و گونجـاوترین نـاوە بـۆ وەسـف کردنـی کۆرپەلە لەو کاتەدا.

## دەرەنجامەکانی دروست بوونی (نطفة) ی تێکەڵاو (النطفة الأمشاج)

**١- دروستبوون (الخلق):**

کە بریتیـیە لە سەرەتای راستەقینەی پەیـدابوونی مـرۆڤ، چـونکە لـە ئـەنجامی یەکگرتنی تۆوی پیاو کە ٢٣ کرۆمۆسۆمی تێدایـە و هێلکـەی ئـافرەت کـە ئـەویش ٢٣کرۆمۆسۆمی تێدایـە ژمـارەی تـەواوی کرمۆسـۆمەکانی لەشـی مـرۆڤ دروسـت دەبێت، کە بریتیـیە لـە ٤٦ کرۆمۆسـۆم و هەموو هەنگاوەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە لـە داهـاتوودا لەسـەر ئـەم بناغـە راسـتە سەرچاوە دەگرێت.

**(بڕوانە وێنەکانی ژمارە: ٧ و ٨)**

**٢- ئەنـدازە بۆدانـان (التقـدير و البرمجة الجينية):**

دوای چەند سەعاتێکی کەم لەدروست بوونی خانەی یەکەمی کۆرپەلە کردارێکی تر دەست پێدەکات کە سـەرەنجامەکەی بریتیـیە لەئەندازە بۆدانان و دیاری کردنی سیفاتی داهاتووی کۆرپەلەکە، کە بریتیـیە لـە دەرکـەوتنی سـیفاتە زاڵەکان **Dominant Characters** و دەرنەکـەوتنی سـیفاتە بـەزیوەکان **Recessive Characters**.

بەگەڕانەوە بۆ راستیـیە زانسـتیـیەکان بەتایبەتی زانستی بۆماوەزانی (علم الوراثة **Genetics**) ئـەم بابەتـەمان بـۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم زانستە بۆی سـەلماندووین کـە لـە زیندەوەرەکانـدا دوو جـۆر سـیفات هەیـە: **سـیفەتی زاڵ** ئەوەیـە کـە ئەگـەر تـەنها لـە یەکێك لە دایك یان لـە بـاوکی زیندەوەرەکـەوە بـۆی بمێنێتەوە ئەوا بە مسۆگەری لە داهاتوودا لـە کۆرپەلەکـەدا دەردەکەوێت، بەڵام **سیفەتی بەزیوو** ئەوەیە کە ئەگـەر لـە دایـك یـان لـە باوکیـیـەوە بەتەنها بـۆی بمێنێتـەوە ئـەوا لە کۆرپەلەکـەدا ئـەو سیفەتە دەرناکەوێت، بەڵکو پێویستە ئـەو سـیفەتە بـەزیوە لـە هـەردوو دایـك و باوکەکـەدا هـەبێت، و بـۆ منداڵەکـەش بگوێزرێتەوە بۆ ئـەوەی لـە داهـاتوودا لـە کۆرپەلەکەدا دەرکەوێت.

پـاك و بێگـەردیی بـۆ پـەروەردگار و پێغەمبـەرە بەڕێزەکـەی، دەبیـنین ئـەم راسـتیـیە زانسـتیـیە لـە چـەند فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە، ئـەوەتا دەبیـنین کاتێـك لـە پـەروەردگار دەپاڕایەوە دەیفـەرموو: ﴿**متعنا اللهم بأسماعنا وأبصارنا وقواتنا أبدا ماأحييتنا، واجعله الوارث منا**﴾ واتـە: ئەی پەروەردگار خۆشـیمان پـێ ببەخشـە بەگوێکانمان و بە چـاوەکانمان و بـەهێز و قووەتمـان هـەتا لەژیانـدا مـاوین، و کـە مردین بیکە بەسیفەتێکی زاڵ بۆ نەوەکانی پـاش خۆمـان، بەڕاسـتی سەرسـوڕهێنەرە کە دەفەرموێت (**واجعله الوارث منا**) و بـە بکـەر(إسـم فاعـل) هێنـاویتی، کـە مەبەسـتی ئەوەیـە ئـەو سیفەتانە خۆیـان بکـەر بـن و سـیفاتەکان بـە دڵنیاییـەوە دروست بکـەن لـە داهـاتوودا، کـە ووتمـان بەووشەی زانستی بۆماوەزانی ئەمڕۆ پـێی




**هێلکە** **تۆو**

**وێنەی ژمارە (٧)**

**هێڵکاری دروست بوونی تۆو و هێلکە**

دەڵـێین سـیفاتی زاڵ، هـەروەها لـە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە: ﴿عن أبي هريرة رضي الله عنـه قـال: جـاء رجـل مـن بني فزارة الى النبي (ﷺ) فقال: إن امرأتي




**وێنەی ژمارە (٨)**

**هێلکاری یەکگرتنی تۆو و هێلکە کە دەبێتە هۆی درووستبوونی ژمارەی تەواوی کرۆمۆسۆمەکان لە کۆرپەلەدا**

ولدت غلاما أسود! فقال النبي (ﷺ): **وهل لك من إبل؟ قال: نعم، قال: فما ألوانها؟ قال: حمر، قال: هل فيها من أورق؟ قال: إن فيها لورقا، قال: فأنى أتاها ذلك؟ قال: عسى أن يكون نزعه عرق، قال: وهذا عسى أن يكون نزعة عرق﴾** رواه مسلم، واتە: پیاوێك لە تیرەیەکی عەرەبییەوە هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی ووت: خێزانەکەم منداڵێکی ڕەشی بووە کە من ڕەش نیم! پێغەمبەر فەرمووی: تۆ ووشترت هەیە؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، پاشان پێی ووت: ڕەنگیان چۆنە؟ ئەویش ووتی: سوورن، ووتی: باشە سپی ڕەنگیان تێدانییە؟ کابرا ووتی: بەڵێ سپی تێدایە، پێغەمبەر پێی ووت: ئەوە تۆ چۆن دەیبینیت؟کابرا ووتی: ئەوە ڕەگێکی پێشترە و بۆماوەیە، پێغەمبەریش فەرمووی: دەبزانە ئەوەی منداڵەکەشت هەر بریتییە لە ڕەگێکی بۆماوەیی پێشترتان و بۆ ئەم ماوەتەوە.

ئەم فەرموودە پیرۆزە دوو ئاماژەی بۆماوەیی گرنگی تێدایە کە زۆر تازە دۆزراونەتەوە لەم ڕۆژگارەدا، کە ئەوانیش ئەوەیە کە: زۆر سیفەت هەیە کە بەزیوە و زۆر سیفەتی تریش هەیە کە لە وەچەیەکدا دەردەکەوێت بەڵام پاشان چەند وەچەیەکی تر دەپەڕێنێت و لە وەچەکانی داهاتوودا دەردەکەوێت، بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) لە خۆیەوە قسەی نەکردووە﴿**وما ينطق عن الهوى إن هو إلا وحي يوحى**﴾.

لەمەی پێشترەوە گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە ئەندازە بۆدانان لەکاتی ئەم قۆناغی (نطفة)ی تێکەڵاوەدا ڕوودەدات، کە دەبینین ئەم ڕاستییە بەئاشکرا لە فەرموودەیەکی قورئاندا باس کراوە کە دەفەرموێت:




**وێنەی ژمارە (٩)**

**وێنەیەکی ڕاستەقینەی دەرئە نجامی ئاوی تێکەڵاو (کۆرپەلە) کە تۆپەڵێك خانەیە و لە دابەشبوون دایە**

﴿**قتل الإنسان ما أكفره، من أي شيء خلقه من نطفة خلقه فقدره**﴾(عبس١٧-١٩)، واتە: تیاچوون بۆمرۆڤ بێت ئەوەندە بێباوەڕی دەکات،ئەی باشە ئەوە بۆ سەیر ناکات کە لە چییەوە دروست بووە، ئەو

سەرەتا لە تنۆکێك ئاوەوە دروستمان کرد کە پاشان ئەندازەمان بۆ دانا.

## ٣- دیاری کردنی ڕەگەز (تحديد الجنس):

هەروەها ئەمەش هەر بەشێکە لە ئەندازە بۆدانان کە لە قۆناغی (نطفة)ی تێکەڵاودا ڕوودەدات، ئەوەتا لە قورئاندا هاتووە کە: ﴿**وأنه خلق الزوجين الذكر والأنثى، من نطفة إذا تمنى**﴾ (النجم: ٤٥-٤٦)، واتە: پەروەردگار نێر و مێ لە (نطفة)ی پیاوەوە دروست دەکات کاتێك کە دەردەچێت و ئەندازەی بۆ دیاری دەکرێت (إذا تمنى: بمعنى حين تخرج أو حين تقدر)، کە زانستی نوێی ئەمڕۆ ئەم ڕاستییەی بۆ سەلماندووین کە دیاری کردنی ڕەگەزی کۆرپەلە بەهۆی تۆوی پیاوەوە دەبێت، کە لە ژمارەی پێشوودا بەدرێژی باسی ئەو بابەتەمان کرد.

## چاندن (الحرث)

لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە کە: ﴿**نساؤكم حرث لكم فأتوا حرثكم أنى شئتم**﴾ (البقرة: ٢٢٢)، واتە: خێزانەکانتان شوێنی چاندنی ئێوەن، باشە تۆبڵێی بۆچی ئەم ئایەتە بە تایبەتی لە نێوان هەموو سیفاتەکانی ئافرەتدا باس لەوە دەکات کە ئافرەت شوێنی چاندنمانە.

لە بەشەکانی پێشتردا باسی ئەوەمان کرد کە چۆن دوای یەکگرتنی تۆو و هێلکە لە سەرەتای بۆری منداڵداندا و دروست



وێنەی ژمارە (۱۰)

وێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆرپەلەیەکی تازە دروستبوو لە تاریکایی و بەرز و نزمیی بۆری منداڵداندا (وەك نیشانە کراوە) کە دەجووڵێت بەرەو منـداڵدان بۆ جێگیربوونی

بەیەك ناگەن، بەتەواوەتی ئەمە ئەوەیە کە لەگەڵ تۆو و هێلکــــــەدا ڕوودەدات چــونکە تــیرەی هێلکــە ۲۰۰مـــــایکرۆن دەبێــــت (۱مایکرۆمــــەتر = ۱ لـــە ۱۰۰۰بەشی میللیمەترێك)،و تیرەی (تۆو)یش لە چەند مایکرۆنێك تێناپەڕێت بەڵام تــیرەی بــۆری هێلکـــەدان ۱سانتیمەتر و درێژی‌یەکەی ۱۲سم دەبێت، واتە لە چاو تۆو و هێلکەدا درێژی‌یەکـەی

بوونی‌یەتی. (بڕوانە وێنەی ژمارە:۱۰)

باشە کێ ڕێنومایی ئەمانە دەکات و ئاگای لێیانە بۆ ئەوەی هەریەکەیان بگەنە شوێنی مەبەستی خۆیان و ڕێیان لێ وون نەبێت؟! بێگومان دەبێت ئەو کەسە بێت کــە هــیچ شــتێکی لــێ وون نابێــت و ڕێنوماییکەری هــەموو دروست کراوەکانە کـــە خـــودای پـــەروەردگاری هــــەموو زیندەوەرەکانە، دەبینین ئەم ڕاستی‌یە لـە ئایـــەتێکی قورئانــــدا هــــاتووە کـــە دەفـــەرموێت: ﴿**مــن نطفـــة خلقـــه فقـــدره،ثـــم الســـبيل يســره**﴾واتـە:پـەروەردگار کـە مـرۆڤ لـە (نطفـة)یـەکی ئەنـدازە بـۆ دانراوەوە دروسـت دەکـات پاشـــان ڕێ بـــۆ ئـــەم کۆرپەلەیـە ئاسـان دەکـات کە بگاتە مەبەستی خۆی.

دوای چـوونە نـاوەوەی کۆرپەلەکە بـۆ نـاو منداڵدان ئەم قۆناغە تەواو دەبێت و قۆنـــاغێکی تـــر دەســـت پێــدەکات کـــە زانســـتی کۆرپەلـەزانی بۆمـان بـاس دەکـــات، کـــە ئـــەویش خۆهەڵواســـینی کۆرپەلـــە ســـەرەتایی‌یەکە و چــوونە ناوەوەیەتی بۆ نـاو دیواری منداڵـدانی ئافرەتەکـە، واتـە ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر باسـی بکـەین بریتـی‌یـە لـە

بـوونی هێلکـەی پیتێنـراو، کـە پاشان ئەم کۆرپەلە نوێیە دەست دەکـات بـە جووڵانـدن لـەبۆری منداڵدانەوە بۆناو منداڵدان خۆی کە ووتمان ئەم قۆنـاغە قۆنـاغی ئـاوی تێکەڵاوە (النطفة ألأمشاج).

(بڕوانە وێنەی ژمارە ۹)

با لێرەشدا کەمێك بوەستین و بیر بکەینـەوە لـەوە کەچۆن ئـەم تۆو و هێلکەیە دەگەن بەیەکتری و یــەکتری دەدۆزنـــەوە؟! پاشــان چۆن ئـەو کۆرپەلـە تـازە دروست بووە ڕێی خـۆی دەدۆزێتـەوە بـۆ نـاو منداڵـدان؟! کـە وەك ووتمـان لەســـــەرەتای بـــۆری منداڵدانـــدا دروست دەبێت.




وێنەی ژمارە (۱۱)

## دوو هێلکاری چۆنێتی جووڵانی کۆرپەلە بۆ ناو منداڵدان و پاشان چـــوونە ناوەوەی بۆ نـــاو دیواری منــــداڵدان

زانایـــــەکی کۆرپەلـــــەزانی نموونەیەکمان بۆ دەهێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی لـەم بابەتـە تێبگـەین کـە بەیـەك گەیشتنی تۆو و کۆرپەلـە وەك ئـەوە وایـە کە کەسێك لە ئەمریکاوە لە ڕۆژئاوای گۆی زەوی و یـەکێکی تـریش لـە یابانـەوە لـە ڕۆژهەڵاتی زەوی‌یەوە بنێرین بـەپێ بـڕۆن و بەچـاو بەسـتراوی بـۆ ئـەوەی لـە ناوەڕاستی زەوی‌دا لە شاری مەککە بەیەك بگەن؟؟!! کە لە ڕاستی‌دا ئەمـە هـەرگیز ڕوونادات و بـەهیچ شێوەیەك ئـەو دووانـە

۲٤۰هەزار جار گـەورەترە! کـە پێویستـە تۆوەکان ۳/۲ی ئـەم درێژی‌یـە و هێلکەکـە ۳/۱ی ببڕێت بـۆ ئـەوەی بگـەن بەیـەکتری هــەروەها هێلکــەی پیتێنــراویش کــە لــە یـەکگرتنی ئـەم دووانـە دروسـت دەبێـت، تــیرەی ئــەمیش لــە چــەند مایکرۆنێــك تێناپـــەڕێت، پێویســـتە ئـــەم مـــاوە دووروودرێژە لەچاو خۆیدا ببڕێت بۆ ئەوەی بگاتــە نــاو منداڵــدان کــە شــوێنی جــێگیر

کـرداری خۆچـاندنی کۆرپەلەکـە بـۆ نـاو دیـواری منداڵـدان کـە ئـەم کـردارە بـەهۆی چەند خانەیەکی تایبەتی‌یـەوە دەبێـت لـە کۆرپەلەکە خۆیەوە.

(بڕوانە وێنەی ژمارە: ۱۱)

لەمـــە سەرســـوڕهێنەتر ئەوەیـــە کــەزانایانی کۆرپەلــەزانی ئــەمڕۆ هــەمان نـاوی قورئانیـان لـەم کـردارە نـاوە کـە ئـــەویش ئەوەیـــە پـــێی دەڵـــێن:

(Implantation) واتە چوونە ناوەوە و خۆچاندنی کۆرپەلە، کە وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی لە فەرهەنگەکانەوە دەبێت بە ووشەی (حرث)!!!

## منداڵدان باشترین شوێنی جێگیربوونە (القرار المكين)

قورئانی پیرۆز وەسفی منداڵدانی کردووە بە: ﴿**ثم جعلناه نطفة في قرار مكين**﴾ (المؤمنون:١٣)، واتە: پاشان مرۆڤ تنۆکێك ئاو بووە کە لە شوێنێکی زۆر گونجاودا جێگیرمان کرد.

ووشەی قرار (واتە: شوێنیجێگیربوون) لەو ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژە بۆ پەیوەندیی نێوان کۆرپەلە و منداڵدان دەکات، چونکە منداڵدان شوێنی جێگیربوونی کۆرپەلەیە (مكان لأستقرار الجنين)، بەڵام ووشەی مكين (واتە: دامەزراو) ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان منداڵدان و لەشی ئافرەت کە منداڵدان بەشێوەیەکی زۆر باش و تەواو لە لەشی ئافرەتدا دامەزراوە.

**(بروانە وێنەی ژمارە: ١٢)**

قورئانی پیرۆز وەسفی منداڵدانی ئافرەت (کە نطفەکەی تێدا جێگیر دەبێت) بەوە کردووە کە شوێنی جێگیربوونە (قرار)، کە زانستی نوێی ئەمڕۆ زۆر ووردەکاریی ئەم بابەتەی بۆ روون کردووینەتەوە، و بۆمان باس دەکات کە چۆن کۆرپەلە بۆماوەی نۆ مانگ لەناو منداڵاندا جێگیر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەشی مرۆڤ کاتێك هەر تەنێکی بێگانە بچێتە ناو لەشەوە بەرەنگاری دەبێتەوە و لەناوی دەبات بەڵام ئەم کۆرپەلەیە (کە تەنێکی بێگانەیە) دەگرێتەخۆ و بەخێویشی دەکات!!

منداڵدان بەچەندین ماسولکە دەورە دراوە کە کۆرپەلە دەپارێزێت، و لەهەمان کاتدا لەگەڵ گەشەکردنی کۆرپەلەدا قەبارەی منداڵدانیش گەورە دەبێت بۆئەوەی لەگەڵ قەبارەی کۆرپەلەدا بگونجێت، هەروەها بینراوە کە کۆرپەلە بە سێ بەرگ داپۆشراوە.

ئەوەی کە مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم راستییەش باسکراوە کە دەفەرموێت: ﴿**يخلقكم في بطون أمهاتكم خلقا من بعد خلق في ظلمات ثلاث...**﴾ (الزمر:٦)، واتە: پەروەردگار ئێوە دروست دەکات لە سکی دایکانتاندا قۆناغ بەقۆناغ لەناو سێ تاریکیدا، ئەو سێ دیوار و رووپۆشەی کە دەوری کۆرپەلەی داوە زانستی نوێ بۆمان باس دەکات کە بریتین لە:

پێشتر بینیمان کە خوای پەروەردگار باسی سێ تاریکی دەکات نەك تەنها سێ دیوار کە وەك بۆمان دەرکەوت و زانستی نوێی ئەمڕۆش بۆی سەلماندین کە کۆرپەلە بەبێ ئەو سێ تاریکییە ناتوانێت گەشەبکات.

**(بروانە وێنەی ژمارە: ١٣)**

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوەسفی قورئان منداڵدان بەوەی کە شوێنێکی گونجاوی جێگیربوونە (قرار) هەموو




**وێنەی ژمارە (١٢)**

**هێڵکاری شوێنی دامەزراوی منداڵدان لە ناو لەشی ئافرەت دا (وەك نیشانە کراوە)**

١ – دیواری سك (Abdomenal Wall) کە لە پێست و ماسولکە و شانە بەستەرەکان پێك هاتووە. ٢– دیواری منداڵدان (Uterine Wall) کە لە ماسولکەی زۆر بەهێز پێك هاتووە. ٣– رووپۆشەکانی داپۆشەری کۆرپەلە خۆی (Chorionic Membrane) بەڵام لە راستیدا ئەمەی باسکرا **ئیعجازی زانستی یەکەمی ئایەتەکەیە ئیعجازی دووەم** ئەوەیە کە زانایەکی فەرەنسی باسی کرد لە یەکێك لە کۆنگرە زانستییەکانیدا کە ووتی: (ئێمە لە تاقیگاکانماندا کە خەریکی گەشەپێکردنی کۆرپەلە بووین لە دەرەوەی منداڵداندا، بینیمان کەکۆرپەلەکە پاش ماوەیەك لەناو دەفری تاقیکردنەوەکەدا دەوەستێت لە گەشەکردن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو بارودۆخێکی گونجاوی بۆ دەرەخسێنین، کە لەدواییدا بۆمان دەرکەوت هۆکاری ئەم وەستانی گەشەکردنە بریتی بوو لە نەبوونی تاریکی کە زۆر پێویستە بۆ گەشەکردنی کۆرپەلەکە.

راستییە زانستییە دۆزراوەکانی لەخۆگرتووە و بەراستی وەسفێکی گونجاو و گشتگیرە.

ووشەی دووەم کە قورئان وەسفی منداڵدانی پێکردووە بریتییە لە ووشەی (مكين) واتە: بەهێز دامەزراو لەناو لەشی ئافرەتدا، بەگەڕانەوە بۆ زانستی توێکاری دەبینین شوێنی منداڵدان لە لەشی ئافرەتدا دامەزراوترین و پارێزراوترین شوێنە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی حەوزەوە، و لە هەموو لایەکەوە بەئێسك دەورە دراوە کە وەکو سندوقێکی بەهێز چواردەوری داوە لەهەمان کاتدا بەچەندین ماسولکە و شانەی لکێنەری بەهێز جێگیربووە لەشوێنی خۆیدا، لەلایەکی تریشەوە لەپێش چوونە ناوەوەی کۆرپەلە بۆ ناو منداڵدان بەهۆی چەند هۆرمۆنێکی تایبەت لەئافرەتدا دیواری منداڵدان چەندین گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و ئەستوورتر دەبێت بۆ ئەوەی وەکو دۆشەکێکی نەرم و نیان پێشوازی لە کۆرپەلەکە بکات!!.




**وێنەی ژمارە (١٣)**

## هێلکاری جێگیربوون و گەشەکردنی کۆرپەلە لەناو منداڵدان لەناو سێ تاریکیدا

ئەم ووشەیەش زۆر گونجاو و لەبارە بۆ وەسف کردنی باری منداڵدان لەناو لەشی ئافرەتدا، کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ئەو وەسفانەی قورئانی پیرۆز دەیکات هەمووی لەشوێنی خۆیدان و زۆرگونجاو و لەبارن و زۆر بەووردیی وەسفی کار و شوێنی منداڵدان دەکات، کە ئەوەی شارەزا و پسپۆڕنەبێت لەم بوارەدا بەتەواوەتی لێیان تێناگات.

بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەن بۆ یەکێك کە تێبگات: ﴿**ويرى الذين أوتوا العلم الذي أنزل إليك من ربك هو الحق ويهدي الى صراط العزيز الحميد**﴾ (سورة سبأ:٦).

## بەکورتی

قورئان و سوننەتی پیرۆز چەند زاراوە و (مصطلح)ێکیان بەکارهێناوە بۆ گەشەکردنی کۆرپەلە، کە سەرەتا قۆناغی یەکەمی تنۆکێك ئاوە (نطفة)یەکە لە دایك و باوکەوە، کە دوای یەکگرتنیشیان هەر شکڵی تنۆکێك ئاو وەردەگرێت، پێش یەکگرتنیان سپێرمی پیاو و هێلکەی ئافرەت دەردەپەڕن لە ئەندامەکانی زاووزێوە کە سەرەتا لەنێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکاندا دروست دەبن، و زۆریان تووشی لەناو چوون و وون بوون دەبن و تەنها یەك سپێرمی پیاو ڕۆدەچێت و لەگەڵ هێلکەکەدا یەکدەگرێت، کە ئەو سپێرمە پێش پیتاندن لە رووپۆشەکەی دەردەهێنرێت بەهێمنی کە خۆیشی لە شکڵی دەرەوەیدا لەماسییەکی درێژ دەچێت، و وەك ووتمان تەنها یەك سپێرم چانسی ئەوەی هەیە کە لەگەڵ هێلکەکەدا یەکبگرێت و هێلکەی پیتێنراو دروست بکات، کە ئەمەش مانای (نطفة أمشاج) دەردەخات کە تێکەڵاوێکە لە هەردوو ئاوی پیاو و ئافرەت و سیفاتەکانی دایك و باوك، هەروەها قورئان بۆمان باس دەکات کە ئافرەت شوێنی چاندنمانە و چۆن کۆرپەلە خۆی دەچێنێتە ناو دیواری منداڵدانەوە، و ئەم منداڵدانە گونجاوترین و دامەزراوترین شوێنە بۆ گەشەکردنی کۆرپەلە.

لێرەوە دەبینین قورئان و سوننەتی پیرۆز پێش ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر بەشێوەیەك باس و وەسفی قۆناغەکانی کۆرپەلەی کردووە و چەند ناو و زاراوەیەکی بەکارهێناوە کە زۆر گونجاو و لەبارە و بەتەواوەتی وەسفی شکڵی دەرەوە و کردارەکانی ناوەوەی کۆرپەلە دەکات، و هەموو مەرجێکی ناولێنانی زانستییان تێدایە.

دەمەوێ ئەوە بڵێم لەگەڵ بەرەوپێش چوونی لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا و ئاشنابوونی زانایان بەقورئان و سوننەت دەگونجێ زانایانی کۆرپەلەزانی هەستن بەبەکارهێنانی ئەم زاراوە و (مصطلح)ە قورئانییانە لەجیاتی ئەو زاراوانەی ئێستا لەزانستی کۆرپەلەزانیدا بەکاردێن بەتایبەتی کە ئەم زاراوانەی قورئان ئەوپەڕی سادەییشیان تێدایە و هەموو کەسێك لێی تێدەگات.

لە کۆتاییدا ئەی مرۆڤ ئایا تۆ لەخۆت پرسیوە کە لەکوێوە هاتوویت؟ چۆن دروست بوویت؟ لەچییەوە دروست بوویت؟ تۆ شتێکی زۆر بچووك و کەم بوویت پەروەردگار ئاوا پێی گەیاندیت،کێ ئەو ئەندازەیە و ووردەکارییەی بەڕێوە برد تاوەکو تۆ چاوت بەدونیا هەڵهێنا، ئەی مرۆڤ بزانە کە تۆ هەرچەندێك خۆت بەگەورە بزانیت و پلەو پایەت بەرزبێتەوە تۆ سەرەتا تنۆکێك ئاو بوویت پەروەردگار کردتی بەو مرۆڤە و بیستن و بینین و هەموو هەستەکان و ئەندامەکانی تریشی پێبەخشیت، دەی بیرێك بکەرەوە و پابەندیی و ملکەچی خۆت بۆ خوای گەورە رابگەیەنە بالەو کەسانە نەبیت کە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿**قتل الإنسان ما أكفره، من أي شيء خلقه، من نطفة خلقه فقدره، ثم السبيل يسره، ثم أماته فاقبره، ثم إذا شاء أنشره، كلا لما يقضي ما أمره**﴾ (عبس: ١٧-٢٣)، ﴿**أو لم ير الإنسان أنا خلقناه من نطفة فإذا هو خصيم مبين، وضرب لنا مثلا ونسي خلقه قال من يحيي العظام وهي رميم، قل يحييها الذي أنشأها أول مرة وهو بكل خلق عليم**﴾ (يس:٧٧-٧٩).

## سەرچاوەکان

**١- القرآن الكريم.**
**٢- تەفسیرەکانی: الطبري ، إبن كثير ، القرطبي ، فتح القدير ، الجلالين.**
**٣- فتح الباري شرح صحيح البخاري: الإمام (ابن حجر العسقلاني).**
**٤- صحيح مسلم بشرح الإمام النووي: (الإمام النووي).**
**٥- معجم لسان العرب - لابن منظور.**
**٦- معجم القاموس المحيط.**
**٧- علم الأجنة في القرآن والسنة - الشيخ عبدالمجيد الزنداني و مجموعة من العلماء الغربيين.**
**٨- مطابقة علم الأجنة لما في القرآن والسنة: (د.ناطق محمد جواد النعيمي).**
**٩- الطب محراب للإيمان- الأجزاء (١، ٢) - (د.خالص جلبي كنجو).**
**١٠- مجلات (الإعجاز) الأعداد: ١، ٢ - هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة برابطة العالم الأسلامي.**
**١١ - شريط فيديو عن علم الأجنة - الشيخ عبدالمجيد الزنداني.**
**١٢- المؤتمر الطبي الإسلامي الدولي الأول عن الإعجاز الطبي في القرآن والسنة - القاهرة - ٣ شرائط فيديو.**
**13- Developing Human – third edition–(with Islamic additions)–Keith. L. Moor.**
**14- Langman's Medical Embryology– fifth edition- T. W. Sadler. ▮**

# عەرشەکەی بەڵقیس



ئامادەکردنی: م. جەمال محمد أمین
Jamalli_59 @ yahoo.com

زۆر لە چیرۆکە قورئانییەکان، جگە لەوەی پەند و ئامۆژگاری زۆر و سەرگوزشتەی پێشینەکانی لەخۆ گرتووە، جگە لەوانەش ئیعجازی زانستی لەئامێز دەگرن، هەروەك لە چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) و پەیووسولەیماندا بەدی دەکرێت،خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قال الذي عنده علم من الكتاب أنا آتيك به قبل أن يرتد اليك طرفك﴾ ( النمل:٣٩)، کاتێك پەپووسولەیمان هەواڵی ئەوەی هێنا بۆ حەزرەتی سولەیمان کە لە فەلەستیندا دەژیا،کە شاژن(بەڵقیس)خۆی و گەلەکەی خۆر دەپەرستن و لەووڵاتی(سەبەء) نیشتەجێن،سولەیمانیش نامەیان بۆ دەنێرێ کە موسوڵمان بن ئەوانیش بەرێ دەکەون بەرەو لای سولەیمان تا موسوڵمان ببن و پێش ئەوەی ئەوان بگەنە خزمەت حەزرەتی سولەیمان،سولەیمان داوا دەکات کەکێ دەتوانێت عەرشەکەی بەڵقیسم بۆ بگەیەنێتە لای من،ئەو کەسەی کە زانستی لەکتابەوە وەرگرتووە دەڵێت من عەرشەکەیت بۆ دەگەیەنم لەماوەی چاو تروکاندنێکدا، زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز لەسەر ئەوەن کە ئەوکەسە مرۆڤێکی بڕوادار بووە کە بەو کارە هەستاوە،بەڵام هەرچۆنێك بێت لەوە دەچێت کەئەو کرداری گواستنەوەیە جۆرێك بێت لە دەرچوون لەیاساو ڕێسا سرووشتییەکان،چۆن عەرشێك لەماوەی چەند بەشێکی چرکەیەکدا و لەدوورایی هەزاران کیلۆمەترەوە دەگوێزرێتەوە؟!بەڵام زانستی نوێ ئەوەمان فێردەکات کەئەو کارە شیاو و ڕێتێچوو دەبێت،بەلای کەمەوە هەر لەڕووی تیۆرییەوە دەکرێت ئەوە ڕووبدات لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی کەمرۆڤی سەدەی (٢١)هەم هەیەتی.

ماددەو ووزە دوو ڕووی یەك دراون و بەهەردووکیان گەردوونیان پێکهێناوە و هەریەکەیان دەگۆڕدرێت بۆ ئەوی تریان (تێبینی: ئەم کردارە بەپێی زاراوەی فیزیایی ئەمڕۆ پێی دەووترێت کرداری Perproduction & Annihilation) ئەوەش بەپێی هاوکێشە بەناوبانگەکەی زانا (ئەلبرت ئەنیشتاین) کەئەمە شێوە بیرکارییەکەیەتی:

**ووزە = بارستایی×(خێرایی ڕووناکی)٢**

تا ئێستا مرۆڤ توانیویەتی کە ماددە بگۆڕێت بۆ ووزە لە سنوورێکی دیاریکراودا، ئەوەش لە کارپێکەرە ناووکییەکاندا کە ووزەی کارەبا لەوڕێگایەوە بەرهەم هێنراوە،هەروەها تەقینەوە ناووکییەکانیش نموونەیەکی دیکەی گۆڕانی ماددەن بۆ ووزە،بەڵام سەبارەت بەگۆڕینی ووزە بۆ ماددە ئەوە ئێستا زۆر بەکەمیو لەسنوورێکی زۆرتەسکدا لەتاودەری تەنۆلکە سەرەتاییەکاندا ( Particle Accelerator)دا ئەنجامدراوە، گرنگ ئەوەیە کە گۆڕینی ماددە بۆووزە و بەپێچەوانەیشەوە کارێکی شیاوە و

دەکرێت ئەنجام بدرێت،ئەوەندە نەبێت کەکارەکە هەروا ساناو ئاسان نییە و پێویستی بەپێشکەوتنی زۆری هەردوو بواری زانست و هونەری دەبێت.

ئەگەر رۆژێك لەرۆژان مرۆڤ توانی بگاتە ئەو ئاستە ئەوا شۆڕشێکی گەورە روودەدات لەشێوە و شێوازی ژیانی مرۆڤایەتیدا،بۆنموونە ئەو کاتە مرۆڤ دەیتوانی کەووزە بنێرێت لەسەر پشتی شەپۆلە مایکرۆییەکان و بەخێرایی رووناکی بۆ هەر جێگایەك کە بخوازێت و ئینجا لەوێدا ووزەکە بکرێتەوە بە مادده و ئەوکاتەش دەتوانرا ئامێرێك یان هەتا ماڵێك بەتەواوی کەلوپەلەکانییەوە لەماوەیەکی زۆر کەمدا بگوازرێتەوە بۆ هەرجێگایەك لەسەر زەوی یان لەسەر هەسارەکانی دیکەدا،بەڵام گرانی و قورسی ئەو کارە لەبەردەم زاناکانی فیزیادا ئەوەیە کەچۆن ئەو گەردو گەردیلانەی ماددەکە جارێکی دیکە وەك خۆی ریزیان بکەنەوە و گەردیلەکان لەشوێنەکانی خۆیان دابنێنەوە پاش ئەوەی لەماددەوە گۆڕیانەوە بۆ ووزە،جگە لەوەش گرفتێکی دیکەی بەردەم زانایان ئەوەیە کە شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان چوستی گواستنەوەی ووزەیان زۆر نزمە و بەشێکی ووزە گوازراوەکە لەرێگای گواستنەوەیدا بەفیڕۆ دەڕوات.

بائێستا بگەڕێینەوە لای چۆنیەتی گوێزانەوەی عەرشی شاژن بەلقیس لە وولاتی سەبەئەوە بۆ فەلەستین تابزانین چۆن ئەو کردارە موعجیزەیە ئەنجام دراوە لەماوەی چاوتروکاندنێکدا ( **قبل أن يرتد إليك طرفك** )، میکانیزمەی کردارەکە بەم جۆرەیە: لەهەنگاوی یەکەمدا عەرشەکە دەگۆڕدرێت بۆ ووزە ئیتر ئایا ووزەی گەرمی بێت یان هەر جۆرێکی دیکەی ووزە بێت وەك ووزەی رووناکی و ووزەکەش بەخێرایی رووناکی کە دەگاتە (٣٠٠,٠٠٠ کم/چرکە)دا ووزە دەگوێزرێتەوە بەچوستی تەواو و (١٠٠٪)، ئەوەش هەنگاوی دووەم بوو، لەهەنگاوی سێیەمدا ووزەکە جارێکی دی دەگۆڕدرێتەوە بۆ مادده و بەبێ بەفیڕۆ چوونی هیچ لەو ووزەیە، ئەو کردارانەش هەمووی لەماوەی بەشێکی زۆرکەمی چرکەیەکدابوو واتە چاوتروکاندنێك! !

ئەوەش توانای ئەوکەسە بوو کە(الذي عنده علم من الكتاب)، دەبا بزانین توانای مرۆڤی سەدەی (٢١)هەم لەو بوارەدا چەندە؟توانایی مرۆڤی ئەم سەدەیە نەك هەر ئەوەندەیە کەبتوانێت ئەو جۆرە گواستنەوانە جێبەجێ بکات چونکە ئەوە موعجیزە بووەو لەتوانایدا نییە،بەڵکو تێگەیشتن و لێك دانەوەیشی بۆ دیاردەکە هێشتا هەر لەسەرەتایدایە و زۆری ماوە بەتەواوەتی لەو میکانیزمە تێبگات!

هەموو توانایی مرۆڤی سەدەی (٢١)هەم لەوەدایە کە توانیویەتی برێکی کەم لەتوخمی تیشکدەری یۆرانیۆم بگۆڕێت بۆ ووزە لەرێگای کەرت بوونی ناووکیەوە،هەرچی یەکبوونی ناووکییە کەسەرچاوەی ووزەی ناوخۆر و ئەستێرەکانە و بنچینەی بۆمبای هایدرۆجینیە ئەوە زۆر کەمی دەربارە دەزانرێت و ناشتوانێت دەست بەسەر ئەو کردارەدا بگرێت،ئەو ووزەیەی کەلەئەنجامی کەرتبوونی ناووکییەوە



بەدەست دەهێنرێت زۆر بەگران و قورسییەوە دەگوێزرێتەوە، چونکە بەشێکی زۆری ووزەکە لەکاتی گواستنەوەدا لەناو دەچێت،هەروەها چۆنیەتی گواستنەوەکەش زۆر سەرەتاییە،چوستی گۆڕینی ماددەکە بۆ ووزە لە(٢٠٪)تێپەڕناکات واتە تەنها(٢٠٪)ی ئەو یۆرانیۆمە دەبێتە ووزەو ئەوی دیکەی هەروا دەمێنێتەوە و تا هەزاران ساڵ تیشك دەدات تادەبێتە قورقوشم،ئینجا دەبێت ئەو ووزەیەش

بەهۆی شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی وەك مایکرۆ وەیڤ بگوێزرێتەوە کەلە رێگادا بەشێکی ووزەکە لەناو دەچێت و لەوەش خراپتر لەو سەرەوە تەنها(٥٠٪)ی ووزەکە دەتوانرێت بکرێتەوە بەمادده،بەم پێیەش تەنها(٥٠٪)ی ماددەکە گوێزرایەوە،واتە ئەگەر مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم بەشێوەی بروسکە ئاسا عەرشەکەی بەلقیس بگوێزێتەوە ئەوا تەنها ژوورێکی ئەو عەرشەی بۆ دەگوێزرایەوە! بەلام ئەو کەسەی کەزانیاری لە(کتاب)ەوە وەرگرتووە کە هەندێك دەڵێن ناوی(آصف بن برخیاء)بووە لەماوەی چاو تروکاندنێکدا هەموو عەرشەکە لەوولاتی سەبەئەوە دەباتە بەردەم حەزرەتی سولەیمان(سەلامی خوای لەسەر بێت)لەوولاتی فەلەستین!

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەئەو چیرۆکانە و ئەو دیاردانەی تیایاندا روویداوە موعجیزەن و لەتوانای مرۆڤی ئەم سەردەمە و سەردەمەکانی داهاتووشدا نییە بەلام زانستی ئەم سەردەمە پشتگیری دەکات لەو دیاردانە و بۆمان دەسەلمێنێت کە هەلی روودانی هەیە و جەخت لەسەر راستێتی قورئانی پیرۆز دەکەنەوە.

**سەرچاوە**

**پێگەی tasabeeh لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە پەرتووکی (آيات قرآنية في مشكاة العلم) - د.يحيى المحجري.**




**هەندێك لە پێگەکانی ئینتەرنێت کە بابەتەکانی ئیعجازی زانستییان لە خۆ گرتووە:**

www.islamonline.net
www.islamway.com
www.islamweb.net
www.al-islam.com
www.tasabeeh.com
www.qassimy.com
www.sultan.org
www.ajeeb.com

# سەعیدی نوورسی و..

# چەند تیرۆژێك لە نێوان "زانست" و "ئیمان"دا


بە پێنووسی:

**ووجدی خاشقچ و**

**کۆلیجی پەروەردە – مەدینەی منەووەرە**





وەرگێڕانی بۆ کوردی

فاروق رسول یحیى

faruq_r@hotmail.com


لەبەر ئەوەی هۆکاری ڕێزنانی خوای گەورە لە مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانستە ژیرەکی‌یەی کە خواوەند لە مرۆڤدا بەدیی‌هێناوە، ئەوا مرۆڤ کاتێ کە بۆ بنیاتنانی بۆچوون و فەلسەفەی تایبەتیی خۆی ئەو توانستەی بەکارهێناوە، مامەڵەی لەگەڵ سێ کێشەدا کردووە: بوون.. زانین.. بەهاکان.. ئنجا لەبەر تیشکی ڕووناکیی ئەمانەدا بۆ کارلێکە ژیاریەکانی لەمەڕ ژیان چالاکی‌یەکانی خۆی خستۆتەگەڕ تاکو پارێزگاریی ئەو ڕێزلێنانە بکات کە پەروەردگاری پێی بەخشیوە و تاقانەیی خۆی لەم بوارەدا لە نێوان هەموو بوونەوەرانی تردا پێشچاو بخات.

جا لەبەر ئەوەی بڕیاردان لەسەر: حەق یان ناحەقی.. جوانی یان ناشیرینیی ئەو کارلێکانەی کە لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن پێویستی بە پێوەرێکی ڕاست و دروست و ورد دەبێت، ئەوا دەبێ دانەری ئەو پێوەرە شتێکی تری جگە لە مرۆڤ بێت کە خاوەنی ئەو کارلێك و کردارانەیە. دیارە زەروورەت ئەوە بە پێویست دادەنێت کە خاوەنی بڕیار لەسەر ئەو کردارانە دەبێ هەر تەنها بەدیهێنەری مرۆڤ بێت کە هەردوو نیعمەتی: "بەدیهێنان" و "ڕێنمایی" پێ بەخشیوە. چونکە کردگاری هەر سنعەت و بەدیهاتوویەك لە هەموو کەسێکی دیکە شارەزا و ئاگادارترە بەو شتانەی کە هۆکاری چاکسازین لەو سنعەتەی‌دا. لەبەر ئەوە، پێوەری بڕیاردان لەسەر ئەو چالاکی‌یە مرۆیی‌یانە تەنها مەودای "نزیکی" یان "دووری"یانە لە ڕێنمایی‌یەکانی بەدیهێنەرەوە، کەواتە هەتا بە شێوەیەکی تەواوتر بەو ڕێنمایی‌یانەوە پابەند بێت زیاتر ئەو کار و چالاکی‌یانە ڕاست و دروست دەردەچن. پێچەوانەکەی ئەمەش دیارە بە پێچەوانەی ئەم دەرەنجامەوەیە.

بە تێڕامانێك لە ڕەوتی شارستانێتیی ئیسلام بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شارستانێتی‌یە لەسەر دوو ستوون بنیات نراوە: "ئیمان" و "کردەوەی چاك"(١). بۆ ئەمەش لە سۆنگەی مەرجەعیەتی خۆیەوە بۆ دەست نیشانکردنی مەعالیمی فەلسەفە و بۆچوونەکانیەوە

دەڕوانێت و هەنگاو دەنێت، کە بریتی‌یە لەو ئایدۆلۆژی‌یەتەی ملی بۆ کەچ کردووە و لەم ڕێیەوە پابەندی گوفتارەکانی ئەو خواوەندە بووە کە هەمیشە "ئیمان" و "کردەوەی چاك" پێکەوە گرێ دەدات. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللهِ أَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ ، وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَآمَنُوا بِمَا نُزِّلَ عَلَى مُحَمَّدٍ وَهُوَ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ، ذَلِكَ بِأَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا اتَّبَعُوا الْبَاطِلَ وَأَنَّ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّبَعُوا الْحَقَّ مِنْ رَبِّهِمْ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللهُ لِلنَّاسِ أَمْثَالَهُمْ ﴾(محمد:١-٣).

جا لەبەر ئەوەی فەلسەفە و بۆچوونە مرۆیی‌یەکان - بەهۆی جیاوازیی سۆنگە و مەرجەعیەتیان - لە نێوان خۆیاندا جیا جیا و جۆراوجۆرن و، هەندێکیان سەرتاپا دانراوی مرۆڤن و لەبەر ناتەواوی و کەمتوانایی مرۆڤ ئەوانیش کەم و کوورِ و ناتەواون و، هەندێکی تریشیان ئایینین، کە ئەمانیش بەشێکیان ڕاستن و پشتیان پێ دەبەستریت، بەڵام بەشێکی تری تەحریف کراوە و گومان لە چەسپاندنی‌دا هەیە.. لەبەر ئەم جیاوازی و جۆراوجۆری‌یەی کە لە فەلسەفە مرۆیی‌یەکاندا بەدی دەکرێت، ئەوا بێ‌گومان کارلێك و ممارەسە ژیاری‌یەکانی خاوەنەکانیشیان جیا جیا و جۆراوجۆر دەرچوون و، لە ئەنجامدا ململانێی توندوتیژ کەوتۆتە نێوانیانەوە. هەرچی شارستانێتیی ئیسلامیشە ئەوا ڕووبەڕووی دژوارترین جۆرەکانی ململانێ بووەتەوە لە ناوەندی ئەو درپێدان(إختراق)ە زۆرانەی کە سەرجەمی سیستەمە ژیاری‌یە جۆراوجۆرەکانی ئەوی گرتەوە، کە بەرهەمی (کردەوە چاکەکان)ی بوون، وەك: ڕژێمی



ڕامیاری و، سیستەمی پەروەردەیی و، ئابووری و، ڕاگەیاندن. ئەمەش دری بە تایبەتکاریی ئەو شارستانێتی‌یە دا (کە فەرهەنگ و ڕۆشنبیرێتی‌یەکەتی) لە ڕێی شێواندنی فەلسەفەکەی لەمەڕ: بوون و، زانین و، بەهاکان، کە ئەویش لەسەر بناغەی باوەڕ بە خوای گەورە بنیات نراوە. تەنانەت ڕقی دوژمن لەم ململانێ و دەست وەشاندنە -کۆن و نوێ‌یەدا - گەیشتە ئاستی ڕیشەکەن کردنی سەرجەم سەرچاوە مرۆیی‌یەکانی ئەو شارستانێتی‌یە.

لە ئەنجامی ئەمەشدا، ئەرکەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە و ململانێ ئەوەیان لە نوێکارانی نەتەوەکەمان خواست کە لە سەرجەمی بوارەکاندا کار بۆ پاراستنی هەردوو ستوونی شارستانێتیی ئیسلام بکەن کە بریتی‌یە لە: "ئیمان" و "کردەوەی چاك" و هەر هزر و ممارەسەیەکیش کە لەو دوو ستوونەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

یەکێك لەو نوێکارانەی کە خواوەند پشتی گرت و لە پارێزگاریی شانازی‌یەکانی نەتەوەی ئیسلامدا خستیە کار: ئیمامی ڕەببانی سەعیدی نوورسی بوو - خوا لێی خۆش بێت - کە لە قۆناغێکی یەکجار توندو تیژ و هەرە دژواری ململانێی نێوان نەتەوەی ئیسلام و دوژمنانی‌دا (١٢٩٤-١٣٧٩ك / ١٨٧٦-١٩٦٠ز) ژیانی بەسەر برد، کە ئەو سەردەمە بوو دوژمنان یەکێك لە کردەوە چاکە هەرە ئاشکراکانی نەتەوەی ئیسلامیان لەناوبرد کە بریتی بوو لە ڕژێمە ڕامیاری‌یەکەی و لە خەلافەتی ئیسلامی‌دا خۆی دەنواند. هەروەك ئەو دوژمنانە لەو دەمەدا تیرەکانی خۆیان ئاراستەی خاڵی سەرەکی و لەسەر ڕاوەستاوی فەلسەفەی ئەم نەتەوەیە کرد تاکو لە ڕێی وروژاندنی ئارەزووەکان و بڵاوکردنەوەی گومانەکانەوە لەو پاڵپشتەی بێبەشی بکەن. ئەو ڕێگایەش کە بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجانە گرتیانەبەر بڵاوکردنەوەی ئەو چەشنە زانینە

ماددی‌یانە بوو کە لەسەر بناغەی ئیلحاد و باوەڕبوون بە هۆکارەکان، نەك بە هۆساز و بەڕێوەبەری هۆکارەکان، دامەزرابوون.

لەبەر ئەوە، ئیمامی نوورسی پەرپرسیی پاراستنی ئەو زانینە ئیمانی‌یە تەواو کامڵەی خستە ئەستۆی خۆی کە لە ناوەندی زانستەوە ڕێیەك بۆ باوەڕهێنان بە سازێنەر و بەدیهێنەر و بەڕێوەبەری هۆکارەکان دەگرێتە بەر، لە نێوان ڕێبازێکی کامڵ و خاوەن مەعالیمی ڕوون و لەبەرچاودا. کە "ئەدیب دەبباغ" ڕوخسارەکانی ئەو ڕێبازەی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون کردووەتەوە:

(ئەم مەعریفە ئیمانی‌یەی کە نوورسی وێنەی ڕوخسارەکان و هێڵی سنوورەکانی کێشاوە، لە تێگەیشتنیەوە لەم ئایەتە پیرۆزەوە سەری هەڵداوە کە دەفەرموێ: ﴿**سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ**﴾(فصلت:٥٢). چونکە لە بەر ڕووناکیی ئەم ئایەتە مەزنەدا پێی وایە کە: هەر زانینێك ژیری‌یەکان لە نێوان خۆیاندا بیگۆڕنەوە و تاوتوێی بکەن دەبێ لە بناغەدا بگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەم سیانەی خوارەوە:

١ – مەعریفەیەکی "گەردوونی"ی ئەوتۆ کە سەرجەم زانستەکانی ناو ئاسمانەکان و زەوی و هی نێوانیان و تەنانەت ناو زەویش، بگرێتەوە.

٢ – مەعریفەیەکی "مرۆیی" ئەوتۆ کە بوونی مرۆڤ و هەرچی پەیوەندیی بە ڕواڵەت و دەرەوەی هەر تاکێکی مرۆڤەوە هەیە، بگرێتەوە.

٣ – مەعریفەیەکی "خواناسی"ی وەها کە پەیوەندیی بە "بوون" و "پەروەردگاریتی" و "کاروبارەکانی خواوەند"ەوە ببێت لە بەدیهاتووانی‌دا.

ئەم سێ جۆرە مەعریفەیە پەیوەندی‌یەکی هێندە توندوتۆڵ و دەست لەملان و هاوکار لە نێوانیاندا هەیە کە پشتی یەکتر دەگرن و دەبن بە بەڵگە لەسەر یەکتری و سۆز و خۆشەویستی‌یەکی بەردەوام و نەپساو یەکیان دەخات. کەواتە هەرگیز زانینێکی تاقانە و سەربەخۆ و دابڕاو



لەوانی تر لەم جیهانەدا لە گۆڕێدا نی‌یە)(٢)!

ئامانجی نوورسی لە بەدەستهێنانی مەعریفەی ئیمانی‌دا: ناسینی خواوەند و بەهرەمەند بوون بووە بە ڕەزامەندی‌یەکەی. دیارە ناسینی خوای گەورەش لە ڕێی گەلێ بەڵگەی زۆر و زەبەندەوە دێتەدی کە بەشێکی زۆری ئەو بەڵگانەشی لە پەیام و دانراوەکانی‌دا خستووەتە ڕوو، هەروەك لەم وتەیەی خوارەوەیدا هەندێکیانی باس کردووە:

(ئامانج و داخوازمان بریتی‌یە لە: ﴿ **اللَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّوم** ﴾. جا لە نێوان بەڵگە لەژمارەبەدەرەکانی‌دا چواریان لێرەدا باس دەکەین:

بەڵگەی یەکەم: پێغەمبەرمان حەزرەتی محمدە ﷺ.

بەڵگەی دووهەم: ئەم گەردوونەیە، کە مرۆڤێکی یەکجار مەزن و کتێبێکی گەورەی لە بەرچاوە.

بەڵگەی سێهەم: قورئانی پیرۆزە. کە کتێبێکی گومان لێ نەکراوە و، گوفتارێکی پیرۆز و خاوێنە.

بەڵگەی چوارەم: "ویجدانی زیندوو" یان "فیطرەتی هەستیار"ە. کە وەك بەرزەخ و خاڵێکی بەیەکگەیشتن وایە لە نێوان هەردوو جیهانی ئاشکرا و پەنهاندا. جا ئەو فیطرەتە هەستیارە یان ئەو "ویجدان"ە پەنجەرەیەکە بەسەر ڕووی "ژیری"دا کراوەتەوە و، لەوێوە تیشکی "تەوحید" بڵاو دەکاتەوە)(٣).

جا بۆ ئەوەی نوورسی ئاواتەکانی خۆی لە پێکهێنانی ناسینێکی ئیمانی‌دا بهێنێتەدی، ئەوا سوور بووە لەسەر ئەوەی کە "قورئانی پیرۆز" تەوەرەی ئەو ناسینە ئیمانی‌یە بێت. هەروەك قوتابی‌یەکانی خۆیشی بە پەیوەندی‌یەکی توندوتۆڵ پەیوەست و هۆگری قورئانی پیرۆز کردووە. چونکە لە قورئانەوە ڕێی ناسینی شەریعەتی خوای گەورە دەدۆزرێتەوە، کە پێی

وایە ئەو شەریعەتەی خواوەند دوو شەریعەتە، وەك خۆی باسی دەكات:

(شەریعەتی خواوەند دوانن:

یەكێكیان ئەو شەریعەتەیە كە لە سیفەتی: "الكلام"ی خوای گەورەوە هاتووە و، كاروباری ئیختیاریی بەندەكان ڕێك دەخات.

دووهەمیان: ئەو شەریعەتەیە كە لە سیفەتی "الإرادة"ی خواوەندەوە هاتووە و پێی دەوترێت: "فەرمانە تەكوینییەكان" و "شەریعەتی فیطری". كە بریتییە لە سەرجەمی یاساكانی عادەتی خوای گەورە، كە لە گەردووندا كار دەكەن.

جا هەروەك شەریعەتی یەكەمیان چەند یاسایەكی ئەوتۆیە كە ژیریی مرۆڤ وەریان دەگرێت و لێیان تێدەگات، شەریعەتی دووهەمیش كۆمەڵە یاسایەكی ئیعتیباری(گوێرەیی)ن و، بە هەڵە ناوی "سروشت"یان لێ نراوە. ئەم یاسایانە دارای "كاریگەریی ڕاستەقینە" و "بەدیهێنان" نین، كە دوو كاری تایبەتیی سیفەتی "توانست"ی خوای گەورەن)(٤).

بەڵگەی دووهەمیش لەسەر "تەوحید" ئەم گەردوونە ماددییەیە، كە بەم جۆرە لەبارەیەوە دەدوێت:

(ئیعجازی ئاشكرای دیاردەكانی: "ڕێسا" و "ڕێكوپێكی" و "بەردەوامی" كە لە كتێبی گەورەی گەردووندا (واتە بەڵگەی دووهەممان لەسەر تەوحید) بە ڕوونی دەبینرێت، بە ئەندازەی ڕووناكیی خۆری ئاسمان دەریدەخات كە: ئەم گەردوونە و هەرچییەكی تێدایە جگە لە چەند ئاسەوارێكی توانستێكی بێسنوور و ویستێكی ئەزەلی، هیچی تر نییە)(٥).

سەبارەت بە بەڵگەی سێهەمیش لەسەر "تەوحید" كە "قورئانی پیرۆز"ە، ئەوا نوورسی توانای خۆی لە تێڕامان و لێكۆڵینەوەی ئاراستەكردنی گوفتاری قورئان و ڕێبازی بەڵگەهێنانەوەیدا خستووەتەكار، تاكو لەم ڕێیەوە بگاتە ئامانجی قورئان لە باسكردنی گەلێ بابەتدا، بە تایبەت كە "گەردوون" یەكێكە لە بابەتە سەرەكییەكانی قورئان و، لە لایەكی تریشەوە توانای دۆزینەوەی یاسا ماددییەكانی گەردوون یەكێك بوو لە هۆكارەكانی شانازی و بەخۆنازینی شارستانێتیی خۆرئاوا بەسەر غەیری خۆیاندا. لەبەر ئەوە، نوورسی كەوتە سەرنجدان و تێڕامانی شێوازی قورئانی پیرۆز لە باسكردنی شتانی ناو گەردووندا، تاكو بگاتە هۆی باسكردنیان لە قورئاندا و، ئەم تێگەیشتنەش ببێت بە ڕێنما و ڕابەرێك بۆ بیرلێكردنەوە و تێڕامانێكی ساغ و ڕەسەن لە قورئاندا. چونكە پێی وایە "گەردوون" پەڕاوی بینراوی خواوەندە و بەڵگەكانی باوەڕ بە خواوەندی لەخۆ گرتووە. ئەمەش لەو وتەیەیدا ڕەچاو دەكەین كە لەبارەی "خۆر"ەوە وتوویەتی:

(قورئانی پیرۆز كاتێ باسی بوونەوەران دەكات، بۆ ئەوە باسیان دەكات كە بیانكات بە بەڵگە لەسەر زات و سیفات و ناوە جوانەكانی خوای گەورە. واتە: واتاكانی كتێبی گەورەی گەردوون لە خەڵك تێدەگەیەنێت، تاكو بەدیهێنەری گەردوونیان پێ بناسێنێت. بەو واتایەی كە قورئانی پیرۆز "بوونەوەران" لە پێناوی بەدیهێنەرەكەیاندا بەكاردەهێنێت، نەك لە پێناوی خودی ئەو بەدیهێنراوانەدا! ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە قورئان لە قسە و گوفتاریدا ڕوو لە جەماوەر دەكات)(٦).

بەڵام فەلسەفە و زانستی مرۆڤ لەبەر خودی بوونەوەران بۆیان دەڕوانێت و لێیان دەكۆڵێتەوە و، گوفتاریشی تەنها ئاراستەی كەسانی زانا و شارەزا دەكات.

(پاشان مادەم قورئان ڕابەرە، ئەوا بەلاغەتی ڕابەرایەتیكردن لەوەدایە كە لەگەڵ بیركردنەوە و ڕوانینی عەوام(زۆرینە)ی خەڵكیدا بڕوات و، هەستەكانیان ڕەچاو بكات و، بێزاری لە بیری جەماوەردا لاببات، تاكو ڕوانینیان بە بێهوودە و بێسوود گرفتاری بێزاری و نەشازی نەبێت و، بیركردنەوەشیان چەواشە نەكات و، هەستیان - بە بێ هیچ سوودێك - پەرتەوازە نەبێت.. كەواتە ڕەوانترین گوفتارێك ئاراستەی ئەوان بكرێت و، باشترین ڕێنمایی بۆیان ئەوەیە كە ئاشكرا و ئاسان و كورت بێت، تاكو بە ئاسانی لێی تێبگەن و لێی بێزار نەبن و، لەو شتانەدا كە ئەوان پێویستیان بە درێژەپێدانی نییە، ئەم بە كورتی بۆیان باس بكات و، بۆ شتە وردەكانیش نموونە بهێنێتەوە، تاكو بەم كارە لە تێگەیشتنی ئەوان نزیكیان بخاتەوە.

جا لەبەر ئەوەی كە قورئان ڕابەرە بۆ هەموو چینەكانی مرۆڤایەتی، ئەوا

بەلاغـەتی ڕابەرایـەتی وا پێویسـت دەکات کە شتێك باس نەکات زۆربەی خـەڵك بخاتـە هەڵـەکاری و سەرپێچـیکردنـەوە سـەبارەت بـەو شتانەی کە بـە گـوێرەی ڕواڵـەتبینیی خۆیـان بـە بـەدیهیی دەزانـن و، ئـەو شـتانەی هەسـتی پـێ دەکـەن و لـەناویاندا بـاوە – بـە بـێ هـیچ پێویستییەك بە گۆڕین – نـەگۆڕرێن و، ئـەو شـتانەش کـە ئـەوان لـە کـار و فەرمانبـەری و ئـەرکی سـەرەکییاندا پێویستیان پێی نییە، ئەم هەر باسیان نەکات، یان ئەگەر باسیشی کـردن، بە پوختی لە بارەیانەوە بدوێت..

بۆ نموونـە: قورئـان باسـی "خـۆر" دەکات، بەڵام نەك لەبـەر خـۆر خـۆی و چـییەتییەکـەی، بـەڵکو لەبـەر ئـەو کەسـەی کـە ڕوونـاکی کردووەتـەوە و کردوویـەتی بـە چـرا و، لـە بـارەی کارمەندییەکەی خۆرەوە دەدوێت کـە لەوەدایـە بـووە بـە تەوەرەیـەك بـۆ دەرخسـتنی سـنعەتی کردگـار و ڕێـكوپێکیـی بـەدیهێنراوان. خـۆ ڕێکخسـتن و ڕێـكوپێکـیش بـریتین لـە چـەند ئاوێنەیـەك کـە بەدیهێنـەری مەزنمان پێ دەناسێنن.

کەواتـە قورئـان بـە پیشـاندانی ڕێـكوپێکـی لـە تـانوپـۆی چـنینی بـەدیهێنراواندا، کـەماڵاتی بەدیهێنـەری دانـا و زانامـان پـێ دەناسـێنێت و، کـە دەفـەرمـوێ: ﴿ **والشَّمْسُ تجري** ﴾ (یس:٣٨) تێمان دەگەیەنێت و بێـدارمان دەکاتـەوە بـۆ هـەڵسوکەوتـەکانی توانستی گـەورەی خواوەند لە جیاوازیی نێوان شەو و ڕۆژ و، بـە دوای یەکـدا هـاتنی هـاوین و زسـتاندا. بـەم سـەرنجڕاکێشـانەش گوێبیست بـۆ گـەورەیی دەسـتەڵات و توانـای کردگـار و یـەکتایی لـە پـەروەردگارییەکـەی خـوادا، بێـدار دەکاتەوە) (٧).

* * *

## تێبینی

ئـەم وتـارە بـە زمـانی عـەرەبی لـە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (الإعجاز العلمي)دا بـڵاو کراوەتـەوە، کـە گۆڤارێکـە (دەستەی ئیعجازی زانستی لـە قورئـان و سوننەتدا) لە شاری مەککەی پیرۆز دەریدەکەن.

* * *

## پەراوێزەکان

**(١) یـەکێك لـەو لێکۆڵینـەوە زیارییە دێرینانەی کە جەختی لەسەر ئـەو دوو سـتوونە کـردووە و بەسـەرکردنەوەی کـارێکی جـوان و شیاوە کتێبـی: (الحضـارة الإسـلامية وأسسـها)ی (أبـو الاعلـى المودودي)یە.**

**(٢) أديـب إبـراهيم الـدباغ، (مطارحات في المعرفة الإيمانية عند النورسـي). ط١، القـاهرة، مركـز الكتاب للنشر،١٩٩٧، ص ٤١.**

**(٣) بديع الزمان سعيد النورسي، المثنـوي العربـي النـوري، ط٢، استانبول، دار سوزلر للنشر،١٩٩٤ ص ٤٢١. بـۆ وەرگێـڕراوی کـوردیی ئـەم باسە بڕوانـە: (ڕاسـتیی تەوحیـد یـان تەوحیدی ڕاستەقینە) لاپەڕە: ١٤٣. بـۆ زیادە تێگەیشتن لە بەڵگـەی ویجـدان بڕوانە: (قەدەر لە ڕووناکیی قورئان و سـوننەتدا) ل ٤٥-٥١ هـەروەها ل ١١٠-١٢١.**

**(٤) سەرچاوەی پێشوو: ص ٤٢٦. بڕوانـە: (ڕاسـتیی تەوحیـد یـان تەوحیدی ڕاستەقینە) لاپەڕە: ١٥٣.**

**(٥) سەرچاوەی پێشوو: ص ٤٢٦. بڕوانـە: (ڕاسـتیی تەوحیـد یـان تەوحیدی ڕاستەقینە) لاپەڕە: ١٥٤.**

**(٦) سەرجەمی پەیامەکانی نـوور، بـدیع الزمـان سـەعیدی نوورسـی، بەرگی یەکەم: (وتەکان) وەرگێڕانـی فاروق رسول یحیـی ل ٣٢٥.**

**(٧) سەرچاوەی پێشوو ل ٣٢٦.**

⁂ ⁂ ⁂

# دیاری کردنی خێرایی ڕووناکی له قورئانی پیرۆزدا



ئامادەکردنی: د.دارا گوڵ حامد
E.mail: daragull@doctor.com

❖ خێرایی ڕووناکی جێگیره و تاکه ڕەهای گەردوونی‌یه و نرخەکەی ئەوپەڕی خێرایی‌یه له گەردووندا که دەکاته ٢٩٩٧٩٢,٥ کیلۆمەتر/چرکه.

(ئاینشتاین: تیۆری ڕێژەیی (نیسبی) تایبەت ١٩٠٥)

❖ بەرز بوونەوه به چەماوەیی (العروج) سیفەتێکی گشتیی گەردوونه.

(ئاینشتاین: تیۆری نیسبی گشتی

دوای راڤه و بڵاو کردنەوه و جێبەجێ کردنی بنەماکانی تیۆری نیسبی (تایبەت و گشتی) زۆر له چەمك و بۆچوونەکانی بواره جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردا هات، بێگومان له هەمووی زیاتر بوارەکانی فیزیا و گەردوونناسی بوون، ئێمەش لەم باسەدا به پشتیوانی خوای گەوره نرخی ئەوپەڕی خێرایی گەردوونیی، که خێرایی ڕووناکی‌یه، له قورئانی پیرۆزدا دیاری دەکەین، بۆ ئەوەی ببێته بەڵگەیەکی تر بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی بانگەشەی ئەوه دەکەن که گوایا قورئانی پیرۆز دانراوی پێغەمبەره (ﷺ)، ئەویش لەم ئایەته پیرۆزەدا:

﴿يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ (السجدة: ٥).

## جووڵه له گەردووندا

له کۆندا وا دەزانرا که زەوی جێگیره و ناجووڵێت، و مانگ و خۆر و هەموو ئەستێرەکانیش به دەوری ئەودا دەسووڕێنەوه، بۆیه زەوی به چەقی گەردوون دادەنرا. بەپێی دیدێکی کۆنی یۆنانی: مرۆڤ جێگیری سەر زەوی‌یه نەجووڵاوەکەیەتی، لەبەر ئەوەی که گەورەی گەردوونه هەمووی بۆی ملکەچ بوون و بەدەوری زەوی‌یه چەسپاوەکەیدا دەسووڕێنەوه و ئیعتیراف به گەورەیی و لێهاتوویی ئەو دەکەن.

ئەو بۆچوونه هەڵەیه وەك خۆی مایەوه هەتا کۆپەرنیکۆس ساڵی ١٥٤٣ز ڕایگەیاند که زەوی جێگیر نی‌یه و بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوه. بەمەش کڵێساکان هەژان و کۆپەرنیکۆس به لادەر و بێباوەڕ ناوزەد کرا، بەڵام دەرکەوتنی یاساکانی نیوتن بۆ جووڵه و لێکۆڵینەوەکانی کیپلەر و گالیلۆ لەسەدەی حەڤدەدا هەموو ڕاستی دیده زانستی‌یەکەی (کۆپەرنیکۆس)یان سەلماند.

لەو کاتەشەوه مرۆڤ زانی که جێگیریی زەوی‌یەکەی جێگیری‌یەکی ڕێژەیی(نیسبی)یه، خۆشی جێگیری سەر زەوی‌یەکی نەجووڵاو نی‌یه بەڵکو به خێرایی‌یەکی زۆر گەوره لەگەڵ زەوی‌دا دەجووڵێت!! بۆ نموونه: زەوی بەدەوری خۆی و خۆردا دەخولێتەوه، هەروا لەگەڵ خۆریشدا بەدەوری گەلەستێرەی ڕێی کاکێشاندا لەجووڵەدایه که خۆر ئەستێرەیەکی ئەم گەلەستێرەیەیەو گەلەستێرەکانیش به بەردەوامی له یەکتر دوور دەکەونەوه:

- ﴿ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾(الأنبياء: ٣٣).

- ﴿ اللَّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى يُدَبِّرُ الْأَمْرَ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ بِلِقَاءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ ﴾ (الرعد: ٢).
- ﴿وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ﴾ (الذاريات: ٤٧).

*کات و شوێن*

مرۆڤ وەك ڕیزمێکی جووڵەیی ڕێك هەست بە کاتی فیزیاوی دەکات، لەگەڵ لێدانی دڵی و شەو و ڕۆژ و بینینی ڕووەکانی مانگ تێپەڕبوونی کات درك پێدەکات. بەو جۆرە دیاردە گەردوونییە دووبارە بووەکانی گۆی زەوی، مرۆڤی بۆ داهێنانی کات هاندا. ڕۆژێکی زەوی بریتییە لە کاتی خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا، هەروا مانگ (شهر) کاتی سووڕانەوەی مانگە بەدەوری زەویدا و ساڵیش سووڕانەوەی زەوییە بەدەوری خۆردا.

(کات)یش بە(شوێن)ەوە پەیوەستە، ئێستە دەزانرێ کە کات نیسبییە و ڕەها نییە بەڵکو بەندە بەو شوێنەی کە لێی دەژین و کاتەکەی لێوە دەژمێرین، لەبەرئەوە بەپێی خێرایی خولانەوەی بەدەوری خۆی و سوڕاندنەوەی بەدەوری خۆردا هەر هەسارەیەك ڕۆژ و ساڵی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە: ڕۆژێکی هەسارەی موشتەری تەنها ١٠ کاژێرە بەڵام ساڵێکی ١٢ساڵی زەوییە.

## مێژووی دیاریکردنی خێرایی ڕووناکی لەلای زانایان

هەتا سەدەی شانزەش مرۆڤ خێراییەکی زیاتری لە خێرایی ئەسپ کە دەگاتە ٤٠میل لە کاژێرێکدا نەزانیوە، لە بەرایی سەدەی حەڤدەی زایینیدا بۆیەکەم جار توانرا خێرایی دەنگ لە هەوادا پێوانە بکرێت کە ٧٥٠میلە لە کاژێرێکدا، ئەو کات زانایان باوەڕیان وابوو ئەو خێراییە شتێکی دەرئاسا و بێهاوتایە وە ئەو پرسیارە هاتە کایەوە کە ئایا ڕووناکی خێراییەکی دیاری هەیە، یاخود (هەروەك دێکارتی فەیلەسووف باوەڕی وابوو) یەکسەر و بەخێراییەکی ناکۆتا بڵاو دەبێتەوە؟!

- ساڵی ١٦٣٨ز گالیلۆ ڕایگەیاند کە خێرایی ڕووناکی سنووردارە بەڵام لە پێوانە کردنیدا سەرکەوتوو نەبوو.
- ڕۆمەر ساڵی ١٦٧٦ز بە بەکارهێنانی تەلیسکۆبی گالیلۆ بۆ یەکەمجار بەڕێگەیەکی فەلەکی و بە چاودێری کردنی مانگەکانی موشتەری خێرایی ڕووناکی پێوا.



- دوای ڕۆمەر: برادلی(١٧٢٩ز) ، فیزو(١٨٤٨ز) ، فوکولت(١٨٦٢ز) ، کورونو(١٨٧٦ز) و میکلسون(١٨٨٠ز) بەو کارە هەستان.
- لەسەدەی بیستەمیشدا چەندین زانای تر لەسەر پێوانی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان بەردەوام بوون تا لە کۆتاییدا زانای بەناوبانگ (ئەلبێرت ئاینشتاین) نرخی خێرایی ڕووناکی لە بۆشایی و هەوادا دۆزییەوە.

**بەپێی ڕاگەیەندراوی لیژنەی پێوانەی ئەمریکی: خێرایی ڕووناکی = ٢٩٩٧٩٢,٤٥٧٤ ± ٠,٠٠١١ کیلۆمەتر/ چرکە.**

**وە بە پێی ڕاگەیەندراوی لیژنەی پێوانەی بەریتانی: خێرایی ڕووناکی = ٢٩٩٧٩٢,٤٥٩٠ ± ٠,٠٠٠٨ کیلۆمەتر/ چرکە.**

دوای ئەوەی کە مرۆڤ گەیشتە ئەو نرخە زۆر گەورەیەی خێرایی ڕووناکی بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوو کە ئایا خێراییەکی زیاتر لە خێرایی ڕووناکی هەیە؟! ئەو پرسیارەش لە لایەن (ئاینشتاین)ەوە ساڵی ١٩٠٥ز بەم شێوەیە وەڵام درایەوە:

لەم گەردوونە بینراو و بەرهەستەی ئێمەدا مەحاڵە خێراییەکی زیاتر لە خێرایی ڕووناکی هەبێت، ئەوەشی لە (تیۆری نیسبی تایبەت)دا ڕاگەیاند.



## ڕاڤە (تەفسیر)ی ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز بۆ ئایەتە پیرۆزەکە

﴿يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ (السجدة: ٥).

– ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ بەردەوامیی (تدبیر) و (عروج) (ئایەتەکە ئاماژە بۆ بەردەوامیی (أمر)ە خواییەکە دەکات)(١) .

– دەمی ڕانەبردوو (المضارع)ی هەردوو فرمانی (یدبر) و (یعرج) و دووبارەبوونەوەی (تدبیر)ەکە دەسەلمێنن و وەك ئەوە وایە بووترێ ئەو (أمر)ە بە بەردەوامی و تا ڕۆژی دوایی تازە دەبێتەوە)(٢) .

– فەرمایشتی خوای گەورە ﴿فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ ئاماژەیە بۆ درێژ بوونەوەی کاریگەریی (أمر)ەکە و مەبەست کورتکردنەوەی (تدبیر) و (عروج) نییە لەیەك ڕۆژدا بەڵکو لێرەدا ڕۆژ یەکەیەکی پێوانەیە و وەك کاتی نەمان و کۆتایی پێهاتنی ڕووداوێك نییە، وە فەرمایشتی خوای گەورە ﴿كَانَ مقداره﴾ بە فرمانی ڕابردووی ﴿كَان﴾ دەلالەت لە ئەزەلیەت و بەردەوامی دەکات. چونکە لەباری پێوانەدایە و وەك ئەوە وایە کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وكان الله بكل شيء محيطا﴾ (٣).

– بەڵام ووتەی ﴿مقداره﴾ دەلالەتە بۆ بڕ بە واتای پێوانە و دیاری کردن (٤).

– (ڕاناوی (ها)ی ﴿مقداره﴾ بۆ ڕۆژەکە ﴿يوم﴾ ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ (تدبیر) و (عروج) دەگەڕێتەوە) (٥).

چونکە یەك ڕۆژ ناتوانێ هەموو (تدبیر) و (عروج)ی (أمر)ێکی گەردوونی بەردەوام لەخۆ بگرێت، هەروا ئامرازی پەیوەندی (في) لە ﴿في يوم﴾دا ئاماژەیە بۆ سنووردارێی (یوم) و بڕێکی دیاریکراویش لە (تدبیر) و (عروج)ی بەردەوامی بێسنوور لەخۆ دەگرێت، واتە لێرەدا (یوم) وەك دەفرێکە بۆ سەرچاوەی (تدبیر) و (عروج) هەروەك چۆن دەووترێت (ئاوی دەریای ناو پەرداخێك) کە هەندێك لە ئاوەکەی دەریا نەك هەموو دەریاکە دەگرێتەوە(٦).

﴿يوم﴾ لەئایەتە پیرۆزەکەدا ئاماژەیە بۆ ڕۆژێکی سنووردارێ دونیا نەك قیامەت، و ﴿سنة﴾ش بۆ ساڵی هەیڤی باو (سنة قمرية)، ئەم ڕایەش زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز لەسەری یەکدەنگن لەوانە: (ابن عباس، الآلوسي، الزمخشري، ابن كثير، الطبري، ابو حيان و چەندینی تر) .

ئەمەش ئەو بۆچوونە ڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: بڕی ڕۆژەکە

دەکاتە ۱۰۰۰ساڵ، ئەمەش وا نییە و وەك لەپێشدا ئاماژەمان بۆ کرد (مقداره) بۆ (تدبیر) و (عروج) دەگەڕێتەوە نەك بۆ (یوم).

–(أمر)ەکە ڕێڕەوی ۱۰۰۰ساڵ لەیەك ڕۆژدا دەبڕێت)(۷).

– (خێرایی ڕۆشتنی ئەو (أمر)ە ڕێڕەوی ۱۰۰۰ساڵ لەڕۆژێك لەڕۆژەکانی ئێوەدا دەبڕێت)(۸).

وە فەرمایشتی خوای گەورە ﴿**ثم يعرج اليه**﴾ ئاماژەیە بۆ بەرز بوونەوە و ڕۆشتنی (أمر)ەکە بە چەماوەیی بەبێ دیاری کردنی ئاڕاستە، واتە فرمانی (یعرج) دەلالەت لە جووڵە و برینی دووریی لە ڕێڕەوی چەماوەییدا دەکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشدەستییەکی زۆر گەورە و ئیعجازێکی بێ وێنەی قورئانییە، کە نیشانەیە بۆ بنەمای نیسبیەتی گشتی کە دەڵێت: جووڵە و ڕۆشتنی هەموو شتێك لەم گەردوونەدا لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین بە چەماوەیی دەبێت.

ووتەی خوای گەورە: ﴿**يعرج اليه**﴾ دەلالەت لە گەردوونیی (أمر)ەکە دەکات لە موڵکی خوای گەورەدا و بە ئەندازە و حوکمی خۆی (جل جلاله)، و (أمر)ێکی ڕوداوە کە سەرەتا و کۆتایی هەیە و یاساکانی هەمووی تەنها بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە ﴿**وَلِلّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الأَمْرُ كُلُّهُ**﴾ (هود: ۱۲۳). بکەر (فاعل)ی ﴿**يعرج**﴾ بریتییە لە ﴿**الأمر**﴾ کە ئەلف و لامی ناسراویی پێوەیە و دەلالەت لە بوونێکی گەردوونیی لە ماددەی ئەم جیهانە بەرچاوە لە ئاسمان و زەویدا دەکات، بە بەڵگەی دەربڕینی (تدبیر)ی (أمر)ەکە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی کە لامان ناسراون، ئەمەش دووبارە دەیسەلمێنێ کە (أمر)ەکە لە دونیادا جێبەجێ دەکرێت و (یوم)یش ڕۆژێکی دونیایە.

## ڕاڤەی زانستی ئایەتە پیرۆزەکە

بۆ ڕاڤە کردنی ئایەتی (۵)ی سوورەتی (السجدة) ڕاڤەکردنێکی زانستییانە، پێویستە ئەم خشتەیەی لای خوارەوە لەبەر چاو بگیرێت کە کاتی ڕۆژی زەوی و مانگی هەیڤی (الشهر القمري) لە هەردوو سیستمی نزیکی و ئەستێرەییدا دیاری دەکات. کە باوەڕپێکراوی هەموو فەرهەنگ و سەرچاوە تازە گەردوونییەکانە:

دەووترا مانگی هەیڤی (الشهر القمري)، دوای دۆزینەوەی سووڕانەوەی مانگ بە دەوری زەوی و زەویش بە دەوری خۆردا، زانستییانە دەرکەوت کە قۆناغی (هلال) ڕاستەوخۆ دوای ئەو کاتە دێت کە مانگ لە ڕۆژ نزیك دەبێتەوە، واتە دوای تەواجودی مانگ بەرەو ڕووی خۆر.

**(شێوەی ۱)**

لەبەر ئەوە لە (هلال)ێکەوە تا (هلال)ێکی تر بە مانگی نزیکی (الشهر الاقتراني) ناو دەبرێت کە تێکڕاییەکەی ۲۹٫۵۳۰۵۹۰ ڕۆژە.

بەڵام مانگ سووڕێکی تەواو (۳۶۰پلە) دەبڕێت، بە نیسبەت ئەستێرە دوورەکانەوە وەك سەرچاوەیەکی نزیکی وەستاو، لە ماوەی ۲۷٫۳۲۱٦٦۱ ڕۆژدا، ئەوەش لە مانگی نزیکی (الشهر الأقتراني) کەمترە و ئەو جیاوازییەش لە ئەنجامی سووڕانەوەی زەوییە بە دەوری خۆردا، ئەمەش وایکردووە کە دوای ۲٫۲۰۸۹۲۹ ڕۆژ هەست بە دەرکەوتنی (هلال)ێکی تازە بکرێت، واتە مانگی

| کات | سیستمی ئەستێرەیی Sidereal | سیستمی نزیکی Synodic |
|---|---|---|
| ڕۆژی زەوی | ۲۳ کاژێر و ۵٦خولەك و ٤٫۰۹۰٦ چرکە = ۸٦۱٦٤٫۰۹۰٦ چرکە | ۲٤ کاژێرە = ۸٦٤۰۰ چرکە |
| مانگی هەیڤی (الشهر القمري) | ۲۷٫۳۲۱٦٦۱ ڕۆژ = ٦۵۵٫۷۱۹۸٦ چرکە | ۲۹٫۵۳۰۵۹ ڕۆژ |

لە کۆنەوە ئەو کاتەی کە مانگ لە یەکەم دەرکەوتنییەوە وەك (هلال) و تا (هلال)ێکی تر دەیخایاند بە یەکەیەکی زەمەنی دادەنرا و پێی

نزیکی (الشهر الأقتراني) ئەو ماوەیە کە مانگ خولێکی تەواو بە دەوری زەویدا بە نیسبەت خۆرەوە دەسووڕێتەوە، بەڵام مانگی




**شێوەی (١)**

**سوڕێکی مانگ بە دەوری زەویدا و ڕوونکردنەوەی مانگی هەیڤی ئەستێرەیی و نزیکی و، ڕێڕەوی پێچاوپێچی مانگ لەگەڵ زەویدا کاتێک بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە بە گۆشەی (هـ) لە ماوەی مانگێکی ئەستێرەیی تەواودا.**

ئەستێرەیی ئەو ماوەیەیە کە مانگ خولێکی تەواو بە دەوری زەویدا بە نیسبەت ئەستێرەکانەوە دەسووڕێتەوە، ئەم سووڕانەوەیەش لە خولگەیەکی شێوە بازنەییدا دەبێت کە نیوە تیرەکەی(نت) دەکاتە ٣٨٤٢٦٤ کیلۆمەتر، وە ئەم مانگە ئەستێرەییەشە کە لە توێژینەوە زانستییەکاندا بەکار دێت.

خوای گەورە بە ئایەتی ﴿**يدبر الأمر من السماء الى الأرض ثم يعرج اليه في يوم كان مقداره ألف سنة مما تعدون**﴾ ئەوپەڕی خێرایی گەردوونی (کە نرخێکی ڕەها و هەمیشە جێگیری ئەم گەردوونەیە) بەم شێوەیە دیاری دەکات:

ئەو دوورییەی کە (أمر)ە گەردوونییەکە لە ئاسماندا و لەیەک ڕۆژی زەویدا دەیبڕێت یەکسانە بەو دوورییەی کە مانگ بە دەوری زەویدا لە خولگەی تایبەتی خۆیدا لە ١٠٠٠ساڵی مانگیدا دەیبڕێت:

دووری بڕاو لەلایەن (أمر)ە گەردوونییەکەوە لەیەک ڕۆژدا = دووری بڕاو لە لایەن مانگەوە لە ١٠٠٠ساڵدا.

**(هاوکێشەی ژمارە ١)**

لێرەدا مەبەست لە خولگەی تایبەتی مانگ درێژی خولگەی مانگە بە دەوری زەویدا، و ساڵی مانگیش دوانزە مانگی هەیڤییە هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا**﴾ (التوبە: ٣٦).

کەواتە ئەو دوورییەی مانگ لە ١٠٠٠ساڵدا بە دەوری زەویدا دەیبڕێت = ١٢٠٠٠ خولگەی مانگ.

وە دووری = خێرایی× کات بەدانانی ئەم نرخانە لە هاوکێشەی ژمارە یەکدا دەکاتە:

خێرایی × کاتی ڕۆژێکی زەوی = ١٢٠٠٠ × درێژی خولگەی مانگ بە دەوری زەویدا.

کەواتە: خێرایی = ١٢٠٠٠ × درێژی خولگەی مانگ/ کاتی ڕۆژێکی زەوی.

وە درێژی خولگەی مانگ = خێرایی خولگەیی مانگ × کاتی مانگێکی هەیڤی.

کەواتە: خێرایی = ١٢٠٠٠ × خێرایی خولگەیی مانگ × مانگێکی هەیڤی/ ڕۆژێکی زەوی.

**(هاوکێشەی ژمارە ٢)**

هەروەها ناوەندی خێرایی خولگەیی مانگ (خ) = ٢ژ × نت/ کاتی مانگێکی ئەستێرەیی.




**شێوەی ( ٢ )**

**شیکردنەوەی ئاراستەی خولگەیی چاودێریکراوی مانگ ( خ ) لە باری دووەم و لە خالّی ( أ )دا ( دوای ئەوەی زەوی و لەگەلّیشیدا مانگ بە گۆشەی ( هـ ) و لەمانگێکی ئەستێرەیی تەواودا و بە دەوری خۆردا سووڕاونەتەوە ) بۆ دۆزینەوەی پێکهێنەری هاوتای خێرایی خولگەیی مانگ ( خ١ ) لە باری یەکەم و لە خالّی جێکەوتی ( أ١ )دا بە دەوری زەویدا کە وەستاوە – گریمانکراو – دا دەسووڕێتەوە.**

خ = ٢ × ٣,١٤١٦ × ٣٨٤٢٦٤ / ٦٥٥,٧١٩٨٦

خ = ٣٦٨٢,٠٧ کم/ کاژێر.

ئەم نرخەش باوەڕپێکراوی سەرچاوە فەلەکییەکانە.

بەلاّم ئەم خێرایییە (خ) لە کاتێکدا دیاری کراوە کە زەوی بە دەوری خۆردا لەسەر ڕێرەوێکی بازنەیی دەجوولێت، بەمەش نرخی (خ) زیاتر دەبێت لە نرخی خێرایی خولگەیی مانگ بە دەوری زەوییەکی نەجوولاودا (خ١)، هەروەك لە باسی مانگی نزیکی و مانگی ئەستێرەییدا روونکرایەوە .

وەك لە شێوەی (٢)دا دیارە (خ١) لە باری یەکەم و لە خالّی (أ)دا ئاراستەی خێرایی خولگەیی مانگە(بە دەوری زەوییەکی جێگیردا)، دوای خولێکی تەواو دەگەڕێتەوە هەمان خالّ و هەمان ئاراستەشی دەبێت، بەلاّم ئەگەر زەوی جوولاّو (هەروەك لە واقعدا وایە) لە کۆتایی مانگە ئەستێرەییەکەدا گەیشتە باری دووەم، ئەوا ئاراستەی خێرایی خولگەیی مانگ لە هەمان ڕەوگە و لە خالّی (أ)دا گۆشەی (هـ) لەگەلّ باری یەکەمدا دروست دەکات.

بەمەش **خ١ = خ هتا هـ.**

**(هاوکێشەی ژمارە ٣)**

واتە خێرایی خولگەیی مانگ بە دەوری زەوییەکی جێگیردا(گریمانکراو) = خێرایی خولگەیی مانگ بە دەوری زەوی(لە باری جوولاّو)دا × تەژێ تەواوی گۆشەی (هـ).

وە گۆشەی (هـ) ئەو گۆشەیەیە کە سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا لە مانگێکی هەیڤی ئەستێرەییدا دروستی دەکات.

وە کاتی مانگێکی هەیڤی ئەستێرەیی = ٢٧,٣٢١٦٦١ ڕۆژ.

**( لە خشتەکەوە)**

وە بۆ زانینی نرخی گۆشەی (هـ)" وەك دەزانرێت زەوی بە دەوری خۆردا خولێکی تەواو (٣٦٠پلە) لە سالّێکی زایینیدا(٣٦٥,٢٥٦٣٦ ڕۆژ)دا تەواو دەکات.

کەواتە: ٣٦٠ × ٢٧,٣٢١٦٦١ / ٣٦٥,٢٥٦٣٦ = ٢٦,٩٢٨٤٨ پلە

وە بە دانانی نرخی (هـ) و نرخی (خ) لە هاوکێشەی ژمارە (٣)دا :

خ١ = ٣٦٨٢,٠٧ × **هتا** ٢٦,٩٢٨٤٨

=٣٦٨٢,٠٧ × ٠,٨٩١٥٧

=٣٢٨٢,٨٢٣١٥ کم/ کاژێر.

ئەمەش نرخی ناوەندی خێرایی خولگەیی مانگە بە دەوری زەویدا(لە باری جێگیریدا) وە نرخێکی راستەقینەیە و رووکەشی نییە.

کاتی مانگێکی هەیڤی = ٦٥٥,٧١٩٨٦ کاژێر **(لە خشتەکەوە)**

ڕۆژێکی زەوی ئەستێرەیی = ٨٦١٦٤,٠٩٠٦ چرکە (لە خشتەکەوە)

خ١ = ٣٢٨٢,٨٢٣١٥ کم/ کاژێر

بە دانانی ئەم نرخانە لە هاوکێشەی ژمارە (٢)دا:

خێرایی = ١٢٠٠٠ × خێرایی خولگەیی مانگ(خ١) × مانگێکی هەیڤی ئەستێرەیی/ کاتی ڕۆژێکی زەوی ئەستێرەیی.

خ = ١٢٠٠٠ × ٣٢٨٢,٨٢٣١٥ ×

٨٦١٦٤,٠٩٠٦ / ٦٥٥,٧١٩٨٦

=٢٩٩٧٩٢,٥ کم/ چرکە

= ئەوپەڕی خێرایی گەردوونی

= خێرایی ڕووناکی.

ئەم دەرەنجامەش موعجیزەیەکی قورئانیی بێهاوتایە لە دیاریکردنی خێرایی ڕووناکیدا.

لە کۆتاییشدا دەپرسین: ئایا پێغەمبەر(ﷺ) بنەماکانی فیزیا و نرخی خێرایی ڕووناکی و ڕۆشتن لە گەردووندا بە چەماوەیی و نیسبی‌یەتی هەموو زانیوە تا لە تەنها یەك ئایەتدا ئەو هەموو زانیاری‌یانەمان بە دەربڕینێکی بێهاوتا پێڕابگەیەنێت، کە هەمووی ئیعجازی زانستی زۆر بەرزن؟!

یاخود کەلامی خوای گەورەیە و ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری سەرجەم جیهان و مرۆڤایەتی‌یە و جگە لە خوای گەورە (جل جلالە) کەس توانای دانانی تاکە سوورەتێکی وەك سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزی نی‌یە هەرچەندە زۆر کورتیش بێت: ﴿ **وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ**﴾ (البقرة: ٢٣).

## پوختە

١/ ئەوەی بە تێکۆشانێکی زۆر و دوای چەندین سەدە لە هەوڵدان و لێکۆڵینەوە و تاقی کردنەوەی زانایان بە دەستهات، قورئانی پیرۆز بە ڕەوانبێژی‌یەکی دەرئاسا لە ئایەتێکی کورتدا، و بە هاوکێشەیەکی زانستی بێ وێنە پێمان ڕادەگەیەنێت.

٢/ ئایەتە پیرۆزەکە (السجدة ٥) خێرایی ڕووناکی بە هاوکێشەیەکی زۆر ناوازە دیاری کردووە، چونکە تا دۆزینەوەی هاوکێشە قورئانی‌یەکە ئەوە نەزانرابوو کە ئەو دووری‌یەی ڕووناکی لە ڕۆژێکدا دەیبڕێت بێ کەم و زیاد دەکاتە ئەو دووری‌یەی کە مانگ بە ١٠٠٠ساڵ دەیبڕێت.

واتە هاوکێشەیەکی وا نەزانرابوو پەیوەندی بخاتە نێوان خێرایی ڕووناکی و درێژی خولگەی تایبەتی مانگەوە بە دەوری زەوی‌دا.

٣/ تیۆری نیسبی (تایبەتی و گشتی) کەڵە زانای فیزیا ئەلبێرت ئاینشتاین (١٨٧٩– ١٩٥٥) بە دەسکەوتی هەرە گەورەی سەدەی بیستەم دادەنرێت و هەر ئەو تیۆرە و جێبەجێ کردنەکانیشی بوو وایکرد کە ئەو گەورە زانایە، لە نێو سەدان زانا و دۆزەرەوە و داهێنەردا، بە زانا و پیاوی سەدەی بیست (رجل القرن) هەڵبژێردرێت.

واتە ئاینشتاین بوو کە نیشانی نیسبی‌یەتی هەڵواسراوی بە بەرۆکی چەماوەی گەردووندا دۆزی‌یەوە و چەندەها دەستکەوتی گرنگی دەست مرۆڤ خست و چەندین بۆچوون و چەمکیشی بەرامبەر دیاردە فیزیاوی و گەردوونی‌یەکان ڕاست کردەوە، لە بەرامبەریشدا مرۆڤایەتی نیشانی سەروەری و زیندوویی بە ناوەکەی‌دا هەڵواسی و تا تەنۆلکە و تەن و ڕۆکێت و گەلەستێرە زەبەلاحەکان و ڕووناکیش لەسەر ڕۆشتن بە چەماوەیی بەردەوام بن ئەو بەرز ڕاگرتن و سەروەری‌یەش بەردەوام دەبێت.

بەڵام ئەی پێویستە چی بووترێت و بکرێت لە بەرامبەر دروستکەری هەموو گەردوون بە ڕووناکی و یاسا و مرۆڤ و ئاینشتاینیشەوە جگە لە سوپاسگوزاری بەردەوام و چەمانەوە بۆی لە گەردوونێکی چەماوەدا، کە زیاتر لە ١٣سەدە پێش لە دایك بوونی ئاینشتاین بنەمای هەردوو نیسبی‌یەتی تایبەتی و گشتی لە ئایەتی: ﴿**يدبر الأمر من السماء الى الأرض ثم يعرج اليه في يوم كان مقداره ألف سنة مما تعدون**﴾ دا روون کردووەتەوە.

﴿**سنريهم آياتنا في الآفاق و في أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق**﴾ سورة فصلت.

﴿**إن هو إلا ذكر للعالمين و لتعلمن نبأه بعد حين**﴾ ص٧٧-٧٨.

﴿**وقل الحمد لله سيريكم آياته فتعرفونها**﴾ (النمل:٩٤).

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

**(١)تفسير أبو حيان.**
**(٢)تفسير الآلوسي.**
**(٣)تفسير الفخر الرازي، فتح الباري شرح صحيح البخاري.**
**(٤)المعجم الوسيط.**
**(٥)مجاهد و أبو حيان.**
**(٦)دكتۆر منصور حسب النبي.**
**(٧)تفسير الزمخشري و أبو حيان.**
(٨)**ابن عباس دەفەرموێت هەروەها الزمخشري، القرطبي و أبو حيان دووپاتیان کردووەتەوە.**

***الكون والأعجاز العلمي في القرآن- دانراوی الدكتور منصور حسب النبي.**
***چەند پێگەیەکی تۆڕی ئینتەرنێت.**
***تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.**

✽ ✽ ✽

# ئاگاداربە.... تۆ لەدۆڵی مێروولەدایت



## ياءيها النمل أدخلوا مساكنكم

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەردەڵان صالح عزیز
E.mail: ardalan@ajeeb.com

خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ وَالطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ حَتَّى إِذَا أَتَوْا عَلَى وَادِي النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ (سورة النمل: ١٧-١٨).

پێش ئەوەی باسی رووی ئیعجازی ئەم ئایەتە بکەین پێویستە هەندێ زانیاری لەسەر مێرووله بزانین:

مێروولە ٢٠٪ی زیندەوەرانی سەر ڕووی زەوی پێکدێنێ و جۆرەکانی نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار جۆرە کە بەسەر هەموو شوێنێکی زەویدا دابەش بوون، هەیانە بەدرێژایی ژیانی لەژێر زەویدا دەژی... هەندێکیان لەسەر زەوی و لەنێو دار و درەختدا... یان لە دەشتاییەکانی جەمسەری باکوور... یان لە هێڵی کەمەری زەویدا دەژین.

مێروولە بەشێوەیەکی کۆمەڵ دەژی و بە بەردەوامی لە ئیش کردندایە، و ئەندامەکانی ئەم شارە مێروولەیە ملکەچ و گوێرایەڵی تەواویان هەیە، لە یەك شارە مێروولەدا چەندین کۆمەڵ هەیە کە هەر کۆمەڵەیان کاری جیاواز لەوانی تر دەکات، هەندێکیان لەکشتوکاڵدا، هەندێکی تر لەبونیادنان و هەڵکەندندا، هەندێکیان بۆ بەخێوکردنی کۆرپەکان تەرخان کراون، هەروەها لە کۆکردنەوەی خواردن بۆ شارە مێروولەکە و فڕێدان و کۆکردنەوەی زبڵ...



بەڵام لەکاتی جەنگدا مێروولەکان بەگشتی دەبن بە سەربازێکی گوێڕایەڵ لە ڕیزەکانی سەربازیدا، مێروولە هەتا مردن بەرگری لە شارەکەی خۆی دەکات، هەروەها لە جەنگدا دوژمنانی هەڵدەخەڵەتێنێ و پیلان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەکان دادەنێت تا ڕاددەی بەردەباران کردنی دوژمن لەکاتی کڵپەی جەنگدا.

کۆمەڵێك لە توێژەرەوانی ئەمریکی کە لە مۆزەخانەی ئەمریکی بۆ مێرووەکان کاردەکەن، کۆنترین

شوێنەواری هەڵکەندنی مێرووڵەیان دۆزیەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٩٢ملیۆن ساڵ لەمەوبەر.

بەپێی جۆری مێرووڵەکە دەگۆڕێت، گەراکان لەنێوان (سەدان تا ملیۆنەها) گەرا دەبن، جۆری مێرووڵەی ئەفریقی شاژنەکەی نزیکەی



(٣-٤) ملیۆن گەرا لە مانگێکدا دادەنێ.

## شاژنی مێرووڵە

مێرووڵەی کارکەر (الشغالات Ant Workers) لە هەموو جۆرەکانی تری مێرووڵە بڵاوترە لە جیهاندا، و هەموویان مێیەن (ڕوویەکی گەورەی ئیعجازی ئەم ئایەتە لەوەدایە کە دەفەرموێت (قالت نملة، واتە: مێرووڵەیەکی مێینە ووتی) کە وەك باسمان کردن مێیەی مێرووڵە زۆرترین ژمارەیان هەیە و تەنها کارکەرن لە شارە مێرووڵەدا)... هەموو شارە مێرووڵەیەك شاژنێکی هەیە، کە ئەویش تەنها یەك کاری لە ئەستۆدایە کە بریتییە لە گەرادانان، ژمارەی گەراکان

مێرووڵە بەتەمەن درێژترین مێروو دادەنرێ لەسەر رووی زەویدا، بۆ بەراورد کردن تەمەنی مێش دەگاتە دوو مانگ، بەڵام دەبینی مێرووڵە لەنێوان چەند مانگێك تا چەند ساڵێك دەژی، و لەوانەیە تەمەنی شاژن بگاتە بیست ساڵ، بەڵام نێرەی مێرووڵە تەنها لەکاتی پێویستدا بەرهەم دەهێنرێ ئەویش کاتێك کە شاژن بڕیاری جووت بوونیدا پاش ئەو جووت بوونە نێرەکان دەمرن.

## لە کاتی گەڕان بەدوای خۆراکدا

مێرووڵە هەموو ئەو شتانە دەخوات کە بتوانێت بیانگووشێت، بۆیە شیلەی گوڵ و ڕووەك و دانەوێڵە و تەنانەت مێرووی مردوو دەخوات.

مێرووڵەی ڕاوکەر دەگەڕێت بەدوای خۆراکەکەیدا و بەکۆمەڵ ئەم کاری ڕاوە دەکەن، جاروبار ژمارەیان لەنێوان (١٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠) دەبێت و هێرش دەبەنە سەر هەر ئاژەڵێك لەسەر ڕێگەیاندا بێت ... ئەوەی کە زانراوە مێرووڵە مار و باڵندە و هەندێك لە خشۆکەکان دەکوژێ و لەوانەیە ئاژەڵی گەورەتریش بکوژێ لەکاتی خەوتنیدا وەك ئەسپ یان مانگا...

کاتێکیش مێرووڵەی ڕاوکەر خواردنی دۆزیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی (شارە مێرووڵەکەی) و ئەو شلەیە لە دەمیەوە ڕۆدەکاتە ناو هەر دەمێکی برسی ڕووبەڕووی بووەوە و تێری دەکات.

مێرووڵە لە توانایدایە لە (١٠ – ٥٠) ئەوەندەی قەبارەی خۆی شت هەڵگرێ و بیگوازێتەوە بۆ شوێنی دوور یان بەسەر داردا هەڵگەڕێ، ئەمەش وەك هەڵگرتنی ئۆتۆمۆبیلێکی بچووك وایە لەلایەن مرۆڤێکەوە کە کێشەکەی ٧٠کغم بێت بۆ ماوەی (٧-٨)میل.

## جۆرێك لە مێروولە ... هەڕەشە لە وولاَتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەكات

زۆر شوێن لە باشوور و خۆرئاوای ئەمریكا لە كارەساتێكی تەواوەتیدا دەژین لەگەڵ جۆرێك لە مێروولە كە كاردەكاتە سەر مرۆڤ و ئاژەڵ و بەرووبوومی كشتوكاڵی بەشێوەیەكی راستەوخۆ، ئەم جۆرە مێروولەیە كە ناسراوە بە مێروولەی ئاگر (نمل اللهب Fire Ants)، بڕی زیانی ویلایەتی تەكساس بەهۆیەوە بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار ساڵانە مەزەندە دەكرێت، و لە تازەترین لێكۆڵینەوەی ڤیتێرنەریدا بڕی زیانی بەرهەمی مەڕوماڵات بە ٧٦ملیۆن دۆلار ساڵانە مەزەندە دەكرێت.

ئێستاش دوای ئەم زانیارییە گشتییانە لە بارەی مێروولەوە با بگەڕێینەوە سەر باسی ئایەتەكە: ﴿**قالت نملة یاءیها النمل ادخلوا مساكنكم لایحطمنكم سلیمان وجنوده وهم لایشعرون**﴾.

لێكدەرەوانی قورئان لەسەر ئەم ئایەتە دەفەرموون: مێروولەكە (ئاگاداری كردنەوە دوایی داوای لێبووردنی كرد پاشان پاساوی هێنایەوە)، چونكە دەیزانی (سلیمان) پێغەمبەرە، و پێغەمبەرانیش زوڵم و ستەم ناكەن، هەرچەندە بەرامبەر بە لاوازترین دروستكراوەكانی خوداش بێت، زانایانی زمانەوانی و ڕەوانبێژی عەرەبی سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێن: لەم ئایەتەدا یازدە جۆر و ڕەگەزی زمانەوانی كۆكراوەتەوە:

١- بانگەوازی كرد (نادت) ئەویش بە: یا.



٢- دركەی بەكارهێنا (كنایة) بە: أيّ.

٣- ئاگاداری كردنەوە (نَبّهَتُهم) ئەویش بە: ها.

٤- ناوی نان (سَمَّتهم) ئەویش بە: النمل.

٥- فەرمانی پێدان (أمَرَتُهم) بە: أدخلوا.

٦- ئامۆژكاری كردن بە گەڕانەوە (وَصَّت) بە: مساكنكم.

٧- ئاگاداری كردنەوە (تَحذیر) بە: لایحطمنكم.

٨- تایبەتمەندی كردن (تَخصیص) بە: سلیمان.

٩- گەشتاندنی كرد (تَعمیم) بە: جنوده.

١٠- ئاماژە كردن (إشارة) بە: هم.

١١- پاساوی بۆ هێنانەوە (إعذار) بە: لایشعرون.

**بەم جۆرەش مێروولەكە پێنج مافی جێبەجێ كرد:**

١- مافی خودا: بە باوەڕهێنان بەپێغەمبەرەكەی.

٢- مافی پێغەمبەرەكەی خودا (سلیمان): بەوەی كە (سلیمان) فەرمانی پێكراوە بەوێدا بڕوات.

٣- مافی خۆی: بەوەی كە هەستا بە بانگەوازەكە.

٤- مافی شوێن كەوتووەكانی لە مێروولە: بەوەی كە ئاگاداری كردنەوە لەتیاچوون.

٥- مافی سەربازەكانی (سلیمان): بەوەی كە پاساوی بۆ هێنانەوە لەبەر ئەوەی ئاگادار نین.

## سەرچاوەكان

١- **بابەتی: ابتسم...... أنت في وادي النمل- لەئینتەرنێتەوە:**
**www.islamonline.net**
**٢-الإعجاز العلمي في القرآن-د.السید الجمیلي. ص ١٨١-١٨٢.**

## دۆسیەی ژمارە

سیمیناری رۆژی٧/٦/٢٠٠٢ی ناوەندی کوردستان لەهۆڵی مۆتێل میر بۆ بەڕێزان

د.کاوە فرج سـعدون

ئەندازیار: خالد حسن علی

لەژێر ناونیشانی:

چەند نموونەیەك لە ئیعجازی زانستی لە سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا

### بابەتی یەکەم:

# چەند نموونەیەکی ئیعجازی زانستی پزیشکی لە سوننەتدا

ئامادە و پێشکەشکردنی: د.کـاوە فـرج سـعدون
ئەندامی دەستەی باڵا

هێڵکارییەکان: د.دارا گوڵ حـامـد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين محمد وعلى آله وصحبه وأمته أجمعين.

ئامادەبووانی بەرێز ......

سەرەتا لەکانگای دڵمانەوەو بەناوی دەستەی باڵای **ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا** بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێزتان دەکەین، هیوادارین ئەم هاتنەتان لەم مانگەدا کەیادێکی زۆر پیرۆزی تێدایە ببێتە مایەی خێرو بەرەکەت و خۆشی بۆ هەموو لایەکمان.

بەڕێزان بابەتەکەمان هەروەکو ئاماژەی پێکرا بریتییە لەباسکردنی چەند نموونەیەك لە ئیعجازی زانستی لەسوننەتی پیرۆزی پێغەمبەر(ﷺ)، پەروەردگار وەکو پێغەمبەرانی پێشوو پێغەمبەری خۆمانی ناردووە تاوەکو رێنوماییکەری مرۆڤەکان بێت ﴿ ولكل قوم هاد﴾ (الرعد:٧)، بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی، بۆ مرۆڤەکان بەگشتی، بۆئەوەی خەڵکی لەژیانیاندا بەپێی فەرمانەکانی خوا رەفتاربکەن وتووشی سەرگەردانی نەبن و ژیانی خۆیان و خەڵکانی تریش تاڵ و ناخۆش نەکەن.

ناردنی پێغەمبەر(ﷺ) منەتێك و فضلێکی گەورەی پەروەردگارە،

خوای پەروەردگار منەت بەسەر ئیمانداران‌ەوە دەکات و دەفەرموێت: ﴿**لقد من الله على المؤمنين اذ بعث فيهم رسولا منهم**﴾ (آل عمران:١٦٤)، واتە: خودا منەت بەسەر ئیمانداراندا دەکات چونکە نیعمەتێکی زۆر گەورەی پێ بەخشیون کەهەر لەخۆیان (واتە مرۆڤە) پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون کە رێنومایی‌کەریان بێت، پەروەردگار بۆئەوەی راستی ئەوە بسەلمێنێت کەئەم پێغەمبەرە لەلایەن خواوە هاتووە چەندین بەڵگەی پێداوە و گەورەترین بەڵگەی کە تا رۆژی دوایی دەمێنێتەوە بریتی‌یە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە پیرۆزەکانی، کە فەرموودەکانی پێغەمبەریش هەر بریتی‌یە لە وەحی لەلایەن خوداوەو پێغەمبەر (ﷺ) لەخۆیەوە نەیوتووە: ﴿**وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحى**﴾ (النجم: ٣).

بەتێپەڕبوونی رۆژگارەکان مرۆڤەکان بۆیان دەرکەوتووە و دەردەکەوێت کەئەم پەیامە پیرۆزە لەلایەن خوداوە بۆمرۆڤەکان هاتووە، ئیعجازی زانستی لە قورئان وسوننەتدا گەورەترین سەلمێنەری ئەم راستی‌یەن و بەڵگەیەکی زۆر رۆشنە لەم رۆژگارەماندا لەسەر راستی پەیامی پێغەمبەر(ﷺ)، لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا کەکوفرو ئیلحاد جیهانی داگرتووە ئێمەی موسوڵمان دەبێت بزانین چۆن خەڵکانی ئەمڕۆ دەدوێنین و بەزمانی سەردەم گفتوگۆ بکەین کە بێگومان سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمی پێشکەوتنی زانستی‌و تەکنۆلۆژیایە، ئێمەش هەوڵ دەدەین کەبەزمانی ئەمڕۆ قسە لەگەل خەڵکدا بکەین و لەهەمان کاتدا بیروباوەڕی خۆمان پتەوتربکەین.

بەڕێزان هەمووتان دەزانن کەئەو سەردەمەی پێغەمبەری (ﷺ) تێدا نێردرا سەردەمی تاریکایی و جەهل و نەفامی بوو، نەزانی‌و جەهل و نەخوێندەواری هەموو دونیای داگرتبوو، مرۆڤەکان بیروباوەڕێکی زۆر سەرەتایی‌یان هەبوو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بۆنموونە: کاتێك کە مانگ دەگیرا خەڵك دەیانوت ئەوە ئەژدیهایەك لە ئاسماندا هەیە کە مانگ ووردە ووردە دەخوات و بەو شێوەیە بچووکی دەکاتەوە تاوەکو دیارنامێنێت، یان لەبارەی زەوی‌یەوە دەیانووت زەوی تەختەو لەسەر پشتی گایەکە کەئەم گایەش لەسەر ماسی‌یەکی گەورەیەو ئەم ماسی‌یەش لەسەر دەریایەك راوەستاوە ، ئا ئەمانە بریتی‌بوون لە بیروبۆچوونی خەڵکانی ئەو سەردەمەی پێغەمبەری تێدا نێردرا، بەڵام کاتێك کەقورئانی پیرۆز هاتەخوارەوەو چەندین ئیشارەت و ئاماژەی سەرسوڕهێنەری تێدابوو بۆ زۆرێك لەراستی‌یە زانستی‌یەکان لەئاسۆکانی گەردوون و لەلەشی مرۆڤیشدا کەزانایانی موسوڵمانیش لەو سەردەمەدا لەبەرامبەر ئەم فەرموودانەدا سەرسام بوون و نەیاندەزانی چۆن بتوانن بەتەواوەتی راڤە(تفسیر)ی بکەن و لەزۆر شوێندا دەیانووت (الله ورسوله أعلم بمراده) واتە: خوا و پێغەمبەری خوا باشتر دەزانن کەواتای تەواوەتی ئەم فەرموودانە چی‌یە، لەهەمان کاتدا باوەڕی تەواویان پیێ هەبووە چونکە یقین ی تەواویان هەبووە کە لەلایەن خوداوە ئەم قورئان وسوننەتە پیرۆزە هاتووە، بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا پاش ئەو پێشکەوتنە بێ‌ئەندازەیەی زانست و تەکنۆلۆژیا مانا و راڤەی تەواوەتی ئەو فەرموودانە بۆ ئێمە دەرکەوتووە کە خۆی لەخۆی‌دا سەلمێنەری راستی ئەو فەرموودانەیەو موعجیزەیەکی بێ‌هاوتایە و گەورەیی قورئان و سوننەت دەردەخات.

پێغەمبەر (ﷺ) خۆی نەخوێندەوار بووە و لەناو گەلێکی نەخوێندەواردا هاتووە ﴿**هو الذي بعث في الأميين رسولا منهم**﴾ (الجمعة: ٢)، لەناو رۆژگارێکی تاریکستاندا کە هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی زانستی و تەکنۆلۆژی ئەووتۆ لەو کاتەدا نەبووە لەلای هیچ میللەتێکی ئەو سەردەمە تاوەکو خەڵکی بڵێن کە پێغەمبەر لەوانەوە ئەم ووتانەی وەرگرتووە یان خۆی دایناوە.

هەروەها بابزانین کە سوننەتی پیرۆزیش لەپلەی قورئاندایە وەکو پێغەمبەر خۆی دەفەرموێت: (**ألا إني أوتيت القرآن ومثله**) رواه أحمد والطبراني والشوكاني وقال المباركفوري في التحفة هو حديث صحيح، واتە: من قورئان و هاوتایەکی قورئانیشم پێدراوە کە سوننەتی خۆمە، کەواتە فەرموودەکان و سوننەتی پێغەمبەریش(ﷺ) هەر نیگایەو لەلایەن

خواوەیە و وەکو قورئان ئێمە سەیری دەکەین.

بەڕێزان با ئێستەش دەست پێبکەین بە باسکردنی چەند نموونەیەکی ئیعجازی پزیشکی لە سوننەتی پێغەمبەردا، نموونەی یەکەممان بریتی‌یە لە دیاردەیەکی لەشی مرۆڤ کە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە کە ئەویش بریتی‌یە لە:

## دیاردەی سکاڵا و گەلەکۆمەکی لە لەشی مرۆڤدا

عن النعمان بن بشير رضي الله عنهما قال: قال رسول الله (ﷺ):

**﴿مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد الواحد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى﴾** رواه مسلم . ولفظ البخاري: **﴿ترى المؤمنين في تراحمهم وتوادهم وتعاطفهم كمثل الجسد الواحد إذا اشتكى عضوا تداعى له سائر جسده بالسهر والحمى﴾.**

نوعمانی کوڕی بەشیر کە هاوەڵێکی پێغەمبەر بووە بۆمان دەگێڕێتەوە کەپێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی نموونەی ئیمانداران لە خۆشەویستی و بەزەیی و هاوسۆزیی‌یان بۆیەکتری وەکو نموونەی لاشەیەك وایە کاتێك ئەندامێکی ئەو لاشەیە تووشی زەرەرێك دەبێت و سکاڵا دەکات هەموو ئەندامەکانی لاشە بەگشتی گەلەکۆمەکی بۆدەکەن و یارمەتی دەدەن و هەموو لاشە تووشی شەونخوونی و خەوزڕان و تا دەبێت.

پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا باسی برایەتی و تەبایی و یەکڕیزی ناو موسوڵمانان دەکات کە دەبێت چۆن بن لەنێوان یەکتری‌دا، و بۆئەوەی لەم بابەتە تێبگەین نموونەیەکمان لەلەشی خۆماندا بۆ دێنێتەوە.

ئەم فەرموودە پیرۆزە چەند نموونەیەکی زۆر گەورەی لەخۆ گرتووە کە لە سێ رووەوە موعجیزەیە: **ئیعجازی زمانەوانی و رەوانبێژی و ئیعجازی زانستی**، ئیعجازی زمانەوانی و رەوانبێژی لەو رووەوەیە کە ئەم فەرموودەیە بەچەند ووشەیەکی کەم بابەتێك روون دەکاتەوە کە بەچەند کتێبێك نەبێت ناتوانرێت باس بکرێت کە ئەویش بنەماکانی یەکڕیزی و برایەتی و تەبایی موسوڵمانانە.

تا ئێستا موسوڵمانان مانا ئاشکرا و (ظاهر)ی‌یەکەی تێگەیشتبوون بەڵام لەهەمان کاتدا ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنەری تێدایە بۆ دیاردەیەك کە لە لەشی مرۆڤدا روودەدات کە ئێمە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لەژێر رۆشنایی زانستی نوێدا بۆمان روون بووەتەوە.




تداعي الجسد لإصابة عضو من أعضائه

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زانستێکی تایبەت پەیدابووە کە باس لە کار و ئەرکی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەکات کە ئەویش زانستی کارئەندامزانی‌یە (علم الفسلجة – **Physiology**) کە ئێستا و لەپاش ١٤ سەدە بەسەر ووتنی ئەم فەرموودەیەدا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم فەرموودەیە چ ئاماژەیەکی زانستی ووردی تێدایە، **بابزانین چی روودەدات، و زانستی فیسیۆلۆجی چی دەڵێت:**

لە فەرموودەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر ئەندامێکی لەشی مرۆڤ

تووشی زەرەر ببێت، سەرەتا ئەو ئەندامە خۆی سکاڵا دەکات کە دەفەرموێت (اشتكی)، لە زمانی عەرەبیدا ئەم ووشەیە بەم مانایە دێت: (اشتكى: هو إظهار مابك من مكروه أو مرض للجهة التي تظن أنها تتحكم بمجريات الأمور وتملك الإمكانات لإنقاذ الشاكي). واتە: دەرخستنی هەر زەرەرێك یان نەخۆشییەکت بۆ ئەو لایەنەی کە دەزانیت کۆنترۆڵی کارەکانتی لەدەستدایە و توانای هەیە کە لەو زەرەرە رزگارت بكات.

پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرە راستگۆکەی، زانستی نوێی ئەمڕۆ ئەم راستییەی بۆسەلماندووین کەهەرئەندامێکی لەشی مرۆڤ کەتووشی زەرەرێك یان نەخۆشییەك دەبێت سەرەتا ئەو ئەندامە چەند وەڵامێکی دەبێت و چەند ئیشاراتێك دەنێرێت کەخۆی لەخۆیدا بریتییە لەسکاڵاکردن، کەواتە زانستی ئەمڕۆ بۆی سەلماندووین کەئەم فەرموودەیە ١٠٠٪ بەووردی باسی ئەم بەسەرهاتەی بۆ کردووین لە لەشیمرۆڤدا وەئێمە لەباس کردنی ئەم بابەتەدا لەرووی زانستییەوە پشت دەبەستین بەچەند کتێبێکی ناسراوی زانستی کارئەندامزانی (**Physiology**).

**دەبا ئێستا بچینە نێو ووردەکاریی بابەتەکەوە:**

ئەم زانستە بۆمان باس دەکات لەکاتی تووش بوونی هەر بەشێك یان ئەندامێکی لەشی مرۆڤ بە زەرەرێك لەوانە وەکو: برینداری، سووتان، شکاوی، تەنانەت کە دڕکێکیش دەچێت بەلەشماندا یان تووش بوونی بەنەخۆشییەك ئەوا سەرەتا ئەو شوێنەی کە تووشی ئەو زیانە هاتووە وەڵامی خۆی دەبێت و سەنتەری




کۆنترۆڵکردنی هەموو چالاکییەکانی لەشی لێئاگادار دەکاتەوە کە مێشکی مرۆڤە، کە ئەمە بریتییە لە سکاڵاکردن و مێشکی مرۆڤیش وەڵامی خۆی دەبێت بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو لەش و بەهاناچوونی ئەو ئەندامە، کە دیارە ئەم سکاڵاکردن و بەهانا چوونە راستەوانە دەگونجێت لەگەڵ راددەی ئەو زیانەی کە روویداوە، ئێمە لێرەدا باسی برینداری دەکەین وەکو نموونەیەك بۆ ئەو زیانەی کە تووشی لەش دەبێت.

هەر شوێنێکی مرۆڤ کە تووشی برینداری دەبێت لە شوێنی برینداریەکەدا چەند چالاکییەك و وەڵامێك روودەدات کەپێی دەووترێت وەڵامی دەماری و کیمیایی (**Neuro-Endocrinal Response**) کە ئەم وەڵامە دەبێتە روودانی گۆڕانکاری لەزیندە چالاکییەکانی لەشدا (**Metabolic activities**) کەئەنجامی گشتی ئەم چالاکییانە بریتییە لەئاگادار کردنەوەی چەند سەنتەرێکی تایبەتی لەمێشکدا بۆ یارمەتی دانی ئەندامی بریندار، کەخۆی

لەخۆیدا ئەم چالاکیانە بریتییە لەسکالاکردن چونکە وەکو ووتمان سکالاکردن بۆ لایەنێك دەبێت کە بزانیت دەتوانێت بەهاناتەوە بێت و لەتوانایدا هەیە چارەسەری کێشەکەی بۆبکات کە دیارە مێشکی مرۆڤ گەورەترین دەسەڵاتە لەلەشدا و کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکانی دەکات و لێرەوە مێشك هەموو ئەندامەکانی لەش ئاگادار دەکاتەوە بۆ هەستان بەچالاکییەکی بەکۆمەڵ بۆ یارمەتی ئەندامی بریندار.

سکالاکردنی ئەندامی بریندار لە سێ کەناڵی جیاوازەوە دەبێت:

**بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١)**

وەکو لەهێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت لە سێ کەناڵی سەرەکییەوە ئەم سکالاکردنە ڕوودەدات :

## کەناڵی یەکەم:

کاتێك کە شوێنێك یان ئەندامێکی لەشی مرۆڤ تووشی برینداری دەبێت، ئەم برینداریە دەبێتە هۆی خوێن بەربوون، ئەم خوێن بەربوونە دەبێتە هۆی دابەزینی فشاری خوێن، ئەم دابەزینەی پەستانی خوێن دەبێتە هۆی ئاگادارکردنەوەی کۆتاییە دەمارییە هەستەوەرەکان بۆ دابەزینی فشاری خوێن ( Baro Receptors & Mechano Receotors) کە لەناو دڵ و خوێنبەرە گەورەکانی لەشدا هەن کە ئەم کۆتاییە دەمارییانەش هەڵدەستن بەناردنی ئیشارات و ئاگادار کردنەوەی چەند سەنتەرێك لەناوچەی (**Hypothalamus**) لەمێشکدا لەو برینداریەو دابەزینی فشاری خوێنە، بەلام بابزانین هەر لەشوێنی بریندار خۆیدا چەند چالاکییەك ڕوودەدات بۆ ڕاگرتنی ئەم خوێن بەربوونە کە شوێنی بریندار هەڵدەستێت بەڕژاندنی چەند ماددەیەکی کیمیاوی کەدەبێتە هۆی بانگکردن و کۆبوونەوەی خڕۆکە سوورەکان (**RBCs**) و خەپلەکانی خوێن (**Platelets**) کە بەیارمەتی فاکتەرەکانی خوێن مەیین بەتایبەتی فایبرینۆجین کە دەگۆڕدرێت بۆ فایبرین (**Fibrinogen** ⟶ Fibrin) ئەم کردارانە دەبێتە هۆی دروست بوونی خوێن مەیین لەشوێنی برینداریدا و



هەوڵدان بۆ وەستاندنی خوێن بەربوونەکە.

لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەم خوێن بەربوون و دابەزینی فشاری خوێنە ڕێژەیەکی کەمتر لە خوێن بەناو ئەندامەکانی لەشدا دەڕوات بەتایبەتی بەناو بۆرییەکانی گورچیلەدا کەئەم گۆڕانە دەبێتە هۆی ڕژاندنی ماددەیەکی تایبەتی لە گورچیلەکانەوە بۆ ناو سووڕی خوێن کە ئەویش هۆرمۆنی ڕەنینە **Renin Hormone** ئەم هۆرمۆنە کە دەچێتە سووڕی خوێنەوە دەبێتە هۆی گۆڕینی ماددەی ئەنجیۆتێنسینۆجین بۆ ئەنجیۆتێنسین١ **Angiotensinogen** ⟶ **Angiotensin** I .

ئەم ماددەی (ئەنجیۆتێنسین ١) دوایی لەناو سییەکاندا دەگۆڕدرێت بۆ ئەنجیۆتێنسین٢ کەماددەیەکی بەهێزی گرژکەری بۆرییەکانی خوێنە و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بۆ ئاستی ئاسایی خۆی، لەهەمان کاتدا ئەم دوو ماددەیە (هۆرمۆنی ڕەنین، ئەنجیۆتێنسین٢) لەگەڵ سووڕی خوێندا دەگەنە مێشك و زیاتر ئاگاداری سەنتەرەکانی (**Hypothalamus**) دەکەنەوە بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی زیاتر بەرامبەر بەو زیانەی ڕوویداوە.

## کەناڵی دووەم :

لەژێر پێستی مرۆڤدا تۆڕێکی ناکۆتا لەکۆتاییە دەمارییەکان هەیە، لەکاتی هەر برینداریەکدا ئەو کۆتاییە دەمارییانە تووشی بڕان دەبێت، هەر لە شوێنی برینداریەکەدا کۆتاییە دەمارییە بڕاوەکانی ژێر پێست هۆرمۆنێك دەڕژێن کە ئەویش هۆرمۆنی نۆرئەدرینالینە (**Noradrinaline**) کە دەچێتە سووڕی خوێن و لەوێوە دەگاتە مێشك و بەهەمان شێوە ئەم هۆرمۆنە ڕۆڵی ئاگادارکەرەوە دەبینێت بۆ سەنتەرەکانی (**Hypothalamus**) لە مێشکدا، کە لەوێوە هەموو لەش ئاگادار دەکرێن بۆ بەهانا چوونی ئەندامی بریندار.

## کەناڵی سێیەم :

هەر لەو کۆتاییەیە دەمارییە بڕاوانە خۆیانەوە ڕیسپۆنس و ئیشارات بەهۆی دەمارەکانی هەستەوە دەچنە سەنتەرەکانی دەمار لە بڕبڕەی پشتدا (**Spinal Cord**)، لەوێوە سەردەکەون بۆ (**Thalamus**) لە مێشکدا و پاشان بۆ(Post Central Gyrus) لە توێکڵی مێشکدا و پاشان بۆ (**Limbic System**) و دوایی بۆ (**Reticular Formation**) کە لە ئەنجامی کۆتاییدا دەگەنە سەنتەرەکانی کۆنترۆڵکردنی چالاکییە جیاوازەکانی لەش لە (**Hypothalamus**) دا.

پاشان لە فەرموودە پیرۆزەکەدا هاتووە کە ئەو ئەندامە کەسکاڵا دەکات هەموو ئەندامەکانی لەش بەهانایەوە دەچن (**إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد**...) لە زمانی عەرەبیدا تداعی بەم مانایانە هاتووە: (تداعي: ١- دعى بعضه بعضا من الدعوة أي النداء. ٢- تجمع وأقبل من جهات شتى. ٣- إستعد وتجهز، يقال تداعو للحرب أي إعتدوا). واتە: ١- بەمانای بانگکردنی یەکتری بۆ کارێک و بەهاناوە چوون. ٢- کۆبوونەوە لەچەند لایەنێکی جیاوازەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو.

لێکەوتووەوە کە بێگومان هەموو ئەندامەکان لەلایەن سەنتەرەکانی مێشکەوە ئاگادار دەکرێنەوە و فەرمانیان پێدەدرێت کە چ کارێك بکەن وە چۆن بتوانن بە هەموو لایەکیان بەهاوئاهەنگی و سەنگینی تەواوەوە یارمەتی ئەندامی زیان لێکەوتوو بدەن، دەبا ئێستا وەڵامی مێشك و ئەندامەکانی لەش بۆ ئەو ئەندامە بزانین :

**هێڵکاری ژمارە (٢)**
**وەڵامی سەنتەرەکانی**
**Hypothalamus لە مێشکدا**

ئاشکرایە کەلەمێشکی مرۆڤدا چەندین




کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شوێنی زیان لێکەوتوو سکاڵا دەکات لەو کەناڵە جیاوازانەی کەباسمان کرد و ئەم ڕاستییە زانستییانە ١٠٠٪ پڕاوپڕی فەرموودە پیرۆزەکەی پێغەمبەرە(ﷺ).

٣- خۆئامادەکردن و ئامادەباشی بۆ بەرەنگاربوونەوە.

هەر بەهۆی زانستی کارئەندامزانییەوە **Physiology** بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن هەموو لەش دەچن بەدەم ئەندامی زیان

سەنتەری تێدایە بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی هەموو ئەندامەکانی لەش، وەبۆ ئەوەی کەوەڵامی گونجاو هەبێت بۆ ئەو برینداریەی کە تووشی لەش هاتووە ئەم فەرمانانەی لای خوارەوە لەمێشکەوە بەهۆی

دەمارەکانەوە کەدەچنە ناو هەموو ئەندامەکانەوە دەردەچێت :

١- ئاگادار کردنەوەی رژێنی ژێرمێشك **Pitutary Gland** (کە رژێنێکە لەناو کەللەی سەردا و چەندین هۆرمۆن دەرێژێت بۆ کۆنترۆلکردنی سەرجەم چالاکی‌یەکانی لەش) ئەم رژێنە ئاگادار دەکرێتەوە بۆ رژاندنی زیاتری چەند هۆرمۆنێك لەوانە:

* هۆرمۆنی (**Adreno Cortico Trophic Hormone**) **ACTH**: ئەم هۆرمۆنە کاردەکاتە سەر رژێنی سەر گورچیلە (**Adrenal Gland**) کە ئەمیش هەڵدەستێت بە رژاندنی زیاتری ئەم هۆرمۆنانە: کۆرتیزۆل (**Cortizol**)، ئەدرینالین (**Adrinaline**).

ئەم دوو هۆرمۆنە هەڵدەستن بە زیادکردنی زیندە چالاکی (Metabolism)ی شانەو خانەکانی لەش بەگشتی بۆ دروست کردنی ووزەی زیاتر و گورجوگۆل بوونیان و ناردنی یارمەتی بۆ ئەندامی بریندار.

هەروەها هۆرمۆنی ئەلدۆستیرۆن (**Aldosterone**) کە هەڵدەستێن بەهاندانی مژینەوەی زیاتری ئاو وکانزاکان لەبۆری‌یەکانی گورچیلەوە بۆ یارمەتی دانی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن بۆ رادەی ئاسایی خۆی.

*هۆرمۆنی (**Thyroid Stimulating Hormone**) **TSH**: کە کاردەکاتە سەر رژێنی دەرەقی (**Thyroid Gland**) کە دەکەوێتە بەردەم قورگی مرۆڤ بۆ رژاندنی هۆرمۆنی ثایروکسین (**Thyroxine**) کە بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی زیاتر دروست بوونی ووزە و بەرزبوونەوەی گەرمیش واتە دروست بوونی تا (لە دوایی‌دا باسی دەکەین).

٢- ئاگادار کردنەوەی سەنتەری هەناسەدان Respiratory Center




*هۆرمۆنی گەشەکردن ( Growth Hormone): کە دوو کاری سەرەکی دەکات: زیاتر کردنی دروست بوونی فاکتەرەکانی گەشەکردن ( **Growth Factors**) بەتایبەتی فاکتەری سۆماتۆمیدین (Somatomedine) کە لە جگەرەوە دەرێژرێت وکاردەکاتە سەر شانە لکێنەرەکان بەتایبەتی Connective Tissues شانە برینداره‌کان و دەبێتە هۆی دەست پێکردنەوەی گەشەکردنەوەیان بۆ پڕکردنەوە و چاك کردنەوەی برینداری‌یەکە، هەروەها هۆرمۆنی گەشەکردن دەبێتە هۆی زیاتر دروست بوون وڕژاندنی ماددەی ئیریثرۆپویتین (**Erythropoetin**) لە گورچیلەکانەوە کە دەبێەهۆی دروست بوونی زیاتری هیمۆگلۆبین و خرۆکە سوورەکانی خوێن لە مۆخی ئێسقاندا، کە گەیەنەری خۆراك و ئۆکسجینە بۆ شانەکانی لەش بۆ گەیاندنی زیاتری ئەو ماددە گرنگانە بەتایبەتی بۆ شانە برینداره‌کان.

*هۆرمۆنی (**Antidiuretic** Hormone) ADH: کەکاردەکاتە سەر گورچیلەکان بۆ مژینەوەی زیاتری ئاو و کانزاکان بۆ ناو خوێن بۆ بەرزکردنەوەی فشاری خوێن.

لە لاکێشە مۆخدا کە ئەمیش بەهۆی چەند دەمارێکی تایبەتی‌یەوە کەدەچنە ناو سی‌یەکان و ناوپەنچك کاردەکاتە سەر هەناسەدان بۆ زیادکردنی رێژە و قووڵی هەناسەدان کەسەرئەنجام دەبێتەهۆی وەرگرتنی زیاتری ئۆکسجین بۆ زیادبوونی زیندە چالاکی‌یەکان.

٣- زیادکردنی رێژە و هێزی لێدانی دڵ لەرێی ئاگادار کردنەوەی سەنتەری خێراکردنی لێدانی دڵ لە لاکێشەمۆخدا کە بەمەبەستی زیاتر گەیاندنی ماددە خاوە پێویستەکان (خۆراك، ئۆکسجین، هۆرمۆنەکان، ماددەکانی مەیینی خوێن، خرۆکە سپی‌یەکانی خوێن...) بۆ سەرجەم شانەکانی لەش و بەتایبەتی بۆ شانە برینداره‌کان.

٤- ئاگادار کردنەوەی سەنتەری گرژکردنی خوێنبەرەکان Vasomotor Center بەمەبەستی گرژکردنی خوێن بەرەکان بۆ بەرز کردنەوەی پەستانی خوێن کە دابەزیوە وەبۆ باشتر و زووتر گەیاندنی ماددە خاوە پێویستەکان.

٥- ئاگادارکردنەوە و چالاککردنی کۆئەندامی دەماری ( Sympathetic Nervous System) کە بەهەمان شێوە کاردەکاتە سەر دڵ و خوێنبەرە

گەورەکان بۆ گرژبوونی خوێنبەرەکان و زیاتر لێدانی دڵ.

٦- هەر لەمێشک خۆیەوە لەکاتی ئەو برینداری‌یەدا دوو ماددەی تایبەتی دەرپێژرێن کە هەردوو ماددەی(ئەندرۆفین ، ئینکیفالین)ن کەبینراوە ئەم دوو ماددەیە (١٨-٣٠) جار لە ماددەی مۆرفین بەهێزترن و دوو ماددەی بەهێزی هێمن کەرەوەی لەشن کە دەبنە هۆی ئازار کەمکردنەوە و هێمن کردنەوەی لەش و چالاکی‌یەکانی بۆ ئەوەی هەموو لەش بەسەنگینی کاربکەن، بزرکاندن لەکارەکاندا روونەدات و هەموو ئەندامەکانی لەش بەسەنگینی کارەکانیان راپەڕێنن بۆ یارمەتی ئەندامی بریندار.

ئا لەمانەی سەرەوە کەباسکران بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ ئەندامێکی لەش نامێنێت کە کاری نەکرێتە سەر تەنانەت خانەیەکیش نامێنێت لەلەشدا کەبەهۆی ئەم هەموو کارلێکە کیمیایی و دەمارییانەی کەباسمان کرد کاریتێنەکرێت کە لێرەوە دەگەینە ئەو راستی‌یەی کە لەکاتی هەر زەرەرێکدا و پاش سکالاکردنی ئەندامی زیان لێکەوتوو هەموو ئەندامانی لەش کاریان تێدەکرێت و بەهەموویان کاردەکەن بۆ یارمەتی دانی ئەندامی زیان لێکەوتوو وە بەتەواوەتی هەر سێ ماناکەی (تداعی) لەگەڵکۆمەکی کردن و بانگکردنی یەکتری و کۆبوونەوە و خۆئامادەکردن کە وەکو لەسەرەوە باسمان کرد بەتەواوەتی دێنەدی.

لەکۆتایی فەرموودەکەدا دەفەرموێت (تداعی لە سائر الجسد بالسهر والحمى) واتە کە هەموو ئەندامەکانی لەش گەلەکۆمەکی دەکەن بۆ ئەندامی زیان لێکەوتوو سەرەنجامی گشتی ئەم کارە بریتی‌یە لە دروست بوونی خەوزڕان و تا (الحمى) لە لەشدا، دەبابزانین ئەم بابەتە راستە؟ و ئایا چۆن روودەدات.

زانستی (**Physiology**) ئەم بابەتەشی بۆ سەلماندووین، لەبارەی دروست بوونی تا لەکاتی نەخۆشی و زەرەرهێنانی لەشدا.

زانایان تاماوەی چەند ساڵێکیش لەمەوبەر وایان دەزانی تا بەتەنها بەهۆی میکرۆب و ماددە بێگانەکانەوە روودەدات کەدەچنە ناو لەشەوە واتە هۆکاری دروست بوونی تا دەرەکی‌یە بەڵام تازە بۆیان دەرکەوتووە نەخێر هۆکاری سەرەکی دروست بوونی تا بریتی‌یە لەچەند ماددەیەک کە خرۆکە سپی‌یەکانی خوێن و شانە بریندارەکان دەری‌دەدەن لەئەنجامی کارلێکی نێوان میکرۆب و ماددە بێگانەکان لەگەڵ خرۆکە سپی‌یەکانی خوێن کەئەو ماددانە پایرۆجینەکانن (Pyrogens) بەتایبەتی ماددەی (Interleukin 1) کە کاتێک دەچنە سووڕی خوێنەوە و پاشان دەگەنە مێشک و سەرەنجام کایگەری‌یەکی وا لەسەنتەری راگرتنی پلەی گەرمی لەش لەمێشکدا دروست دەکەن کە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی لەش لەڕاددەی ئاسایی خۆی کەلەنێوان (٣٦,٦- ٣٧,٤) پلەی سەدی‌دایە، هەروەها هۆکارێکی تری دروست بوونی تا بریتی‌یە لە هۆرمۆنی ثایرۆکسین کە لەلایەن رژێنی دەرەقی‌یەوە بەڕێژەیەکی زیاتر دەرپێژرێت لەکاتی هەر زەرەرێک کە تووشی لەش دەبێت، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی زیاتری ووزە و گەرمی لەلەشدا و پاشان بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی لەش.

کەواتە وەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە زانستی نوێی ئەمڕۆ زۆر تازە




گەیشتووەتە ئەم راستی‌یە و راستی‌یەکانی فەرموودەکەی بۆ سەلماندووین کە ماددەکانی لەش خۆی دەبێتە هۆی دروست بوونی تا، لێرەدا بابزانین سوودی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و دروست بوونی تا بۆ لەش چی‌یە:

زانایان سەلماندوویانە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش بەراددەی ١ پلەی سەدی ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی زیندەچالاکی‌یەکانی لەش بەڕێژەی ١٠٪ و دیارە چالاک بوونی لەش لەکاتی نارەحەتی‌دا زۆر پێویستە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو نارەحەتی‌یەدا بەزووترین کات و بینراوە کەئەم گەرمی‌یە زیادە لەناوبەرە بۆ زۆرێک لەجۆرەکانی

بەکتریا، هەروەها زانستی ئەمڕۆ بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەشدا خڕۆکە سپییەکانی خوێن ڕێژەیەکی زیاتر لە ماددەی ئینتەرفیرون (Interferon) دەرێژن کە ماددەیەکی دژە ڤایرۆس و میکرۆبە و خڕۆکە سپییەکان خۆیان توانای باشتریان دەبێت بۆ دروست کردنی دژەتەنەکان، بەم شێوەیە هیچ بوارێك بۆ زیندەوەرە مشەخۆرەکان ناهێڵنەوە کە هەلی تووش بوونی لەش بەو زەرەرە بقۆزنەوە، هەروەها بێجگە لەم کارەی دۆزاوەتەوە کە ماددەی ئینتەرفیرۆن کە لەکاتی تادا بەخەستی دەرێژرێت، بەرگری لەش لەبەرامبەر بەتووش بوون بەنەخۆشی زیاد دەکات و توانای لەناو بردنی خانە شێرپەنجەییەکانیشی هەیە لەسەرەتای دروست بوونیاندا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تا چەندێك سوودی هەیە بۆیە پزیشکان لەکاتی پەیدابوونی تادا دڵخۆش دەبن چونکە سوودی زۆر دروست دەکات تەنانەت لە هەندێك نەخۆشیدا پێویست دەکات پلەی گەرمی لەش بەرز بکرێتەوە بەتایبەتی نەخۆشییەکانی جومگە وڕۆماتیزم.

لێرەدا سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ فەرموودەیەکی پیرۆزی تری پێغەمبەر(ﷺ) کە موعجیزەیەکی گەورەیە و باسی سوودی تا دەکات کە ئیمامی موسلیم بۆمان دەگێڕێتەوە کە: ﴿**ذكرت الحمى عند رسول الله (ﷺ) فسبّها رجل فقال: لا تسبها فانها تنفي الذنوب كما تنفي النار خبث الحديد**﴾، واتە: جارێك لەلای پێغەمبەر باسی تا کرا و پیاوێك جنێوی پێدا ئەویش فەرمووی جنێوی پێمەدە چونکە تا مرۆڤ لەتاوان پاك دەکاتەوە هەروەکو چۆن ئاگر پیسی ئاسن پاك دەکاتەوە، بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە چونکە مرۆڤ لەلایەنی مەعنەوی هەروەها ماددیش لە میکرۆب و خانەی زیانبەخش پاك دەکاتەوە.

هەروەها لەفەرموودەکەدا هاتووە کە سەرەنجامێکی تری گەلەکۆمەکی لەش بریتییە لە شەونخونی و خەوزڕان(السهر)، هەر لە زانستی فیسیۆلۆجییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەکاتی تووش بوونی ئەندامێکی لەش بەزیانێك و گەیشتنی سکاڵاکەی بۆ مێشك هەروەکو پێشتر باسمان کرد یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم کردارە بریتییە لە چالاك بوونی سەنتەری ئاگاداری لەمێشکدا و سست بوونی سەنتەری خەوتن کە لە ناوچەکانی (Reticular Formation) و (Limbic System) لە مێشکدا هەن کە لەئەنجامی ئەمەدا خەودەزڕێت و کەسی تووش بوو زۆر بەزەحمەت خەوی لێدەکەوێت، وەئەگەر خەویشی لێبکەوێت ئەوا مێشك هەر لەباری وریایی و ئامادەباشی و خەوزڕاندا دەبێت، لەهەمان کاتدا ئاگادار بوونەوەی کۆئەندامی دەماری Sympathetic Nervous System کە وەکو لەپێشەوە باسمان کرد ئەمە ئەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕاددەی ئاگاداری لەش بەگشتی و گرژبوونی زیاتر و بەردەوامی ماسولکەکانی لەش کە سەرەنجامی گشتی ئەم پرۆسانەش بریتییە لە ئاگاداری و خەوزڕانی مێشك و لەش بەگشتی.

پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی، لەمانەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کەزانستی ئەمڕۆ بەتەواوەتی پشتیوانی ئەم فەرموودە پیرۆزە دەکات و ڕاستییەکانی ١٠٠٪ بۆسەلماندووین و هیچ زانستێکی نوێی ئەمڕۆ پێچەوانەی ئەم فەرموودە پیرۆزە و هیچ فەرموودەیەکی تری خودا و پێغەمبەرەکەی نییە و بەڵکو سەلمێنەری ڕاستییەکانیان و ڕوون کەرەوەی موعجیزەکانیانە.

بەڕێزان با ئێستا بچینە سەر باسکردنی فەرموودەیەکی تر و ئیعجازە زانستییە پزیشکییەکەی کە ئەویش بریتییە لە:

## ژمارەی جومگەکانی لەشی مرۆڤ

عن عائشة رضي الله عنها قالت:قال رسول الله (ﷺ):

﴿**أنه خلق كل إنسان من بني آدم على ستين وثلاثمائة مفصل، فمن كبرالله وحمدالله وهلل الله وسبح الله واستغفرالله وعزل حجرا عن طريق الناس أو شوكة أو عظما عدد الستين والثلاثمائة فإنه يمسي يومئذ وقد زحزح نفسه عن النار**﴾. **رواه مسلم**

واتە: لە (عائشە)ی خێزانی پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: خوای پەروەردگار هەموو مرۆڤێکی لە سێسەد و شەست جومگە دروست کردووە، هەرکەسێك ڕۆژانە (**الله أكبر، الحمد لله، لا الەالا الله، سبحان الله، أستغفر الله**) بڵێت یان بەردێك لەڕێی خەڵك لاببات یان دڕکێك یان ئێسقانێك لاببات بەقەد ژمارەی ئەو سێسەد و شەستە ئەوا ئەو کەسە کە ئێوارەی

| شوێن | هەردوو پەلی سەرەوە | هەردوو پەلی خوارەوە | بڕبڕەی پشت | پەراسووەکان | کەلەی سەر | قوڕگ | لووت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی جومگەکان | ٥٢ | ٥٥ | ٧٦ | ٩٠ | ٧٠ | ٦ | ١١ |

**کـــۆی گشتـــی = ٣٦٠ جومگە**

**لە کتێبی: قبسات من إعجاز القرآن في خلق الإنسان (د.السباعي حماد)**

بەسـەردا هـات خـۆی لـەئاگری دۆزەخ پاراستووە و دوورخستووەتەوە.

سـەرەتا بـابزانین ئـەم فـەرموودە پیرۆزە باسـی ڕەووشـتی بـەرز دەکـات کەچۆن پێویستە هـەموو موسوڵمانێك بەردەوام خەریکی کاری چاکە بێت و ڕەووشـت بـەرزی خـۆی بنوێنێـت لەیارمـەتی دانـی خـەڵکیدا و بزانیـت کەهۆکاری ڕزگـاربوونی لەسزای دۆزەخ و بەدەسـت هێنـانی بەهەشـت و ڕەزامەندی خودا بریتییە لـەم کردەوە چاکانە.

لەهـەمان کاتـدا دەبیـنین ئـەم فەرموودەیـە ئاماژەیـەکی زانسـتی زۆر سەرسوڕهێنەری تێدایە کـەزۆر مەحاڵـە لـەو ڕۆژگـارەدا ئـەو ڕاسـتییە لـەڕووی زانستییەوە بزانرایە کەئەویش ئەوەیـە کە دەفەرموێت مرۆڤ کەدروست دەبێـت لەشی لە ٣٦٠ جومگە پێك دێت.

زانسـتی توێکـاری لەشـی مـرۆڤ (التشـریح-**Anatomy**) لـەڕۆژگاری ئەمڕۆمانـدا وورد‌ەکاریـیـەکانی پێـك هـاتنی لەشـی مرۆڤـی بـۆ ڕوون کردووینەتـەوە، ئـەوەبوو دکتـۆرێکی موسـولمان لەسـەر بناغـەی ڕاستییەکانی زانستی توێکاری لەساڵی (١٩٨٥)دا هەسـتا بـەژماردنی جومگەکانی لەشی مرۆڤ و گەیشتە ئـەو ڕاسـتییەی کـە لەلەشـی مرۆڤـدا ٣٦٠ جومگـە هەیـە ئـەو کەسـەش (دکتـۆر السباعی حماد) بوو کە ئێستا مامۆستا و سەرۆکی بەشی توێکاری و شـانەزانی و کۆرپەلەزانییە لـە کـۆلیجی پزیشـکی زانکـۆی أنبـار لـە عێـراق کەبـەهاوکاری خێزانەکـەی د.شـادیە أحمـد هەسـتان بـەم توێژینەوەیـە و کاتێـك کـەبڵاویان کـردەوە بـووە مایـەی خۆشـحاڵی موسـوڵمانان و ڕێزلێنانیـان لـە وڵاتـە ئیسـلامییەکاندا بەگشـتی، کەلەڕاستیدا گەیشتن بـەم حەقیقەتـە بەڵگەیـەکی تـرە لەسـەر مـوعجیزەی قورئـان و سـوننەتی پێغەمبـەر (ﷺ) کەچـۆن وەبـە چ شـێوازێك پێغەمبـەر تـوانی لەشـی مـرۆڤ توێکـاری بکـات وەبۆی دەرکـەوت کەلـەناو لەشدا ٣٦٠ جومگـە هەیـە؟! لەڕۆژگارێکـدا کـە زانستیپزیشـکی ئەوەنـدە دواکـەوتوو بـوو کـە خـەڵکی و پزیشـکانیش لـەو سەردەمەدا وایان دەزانی تەنیا هۆکاری تـووش بـوون بەنەخۆشـی بریتـییـە لـە چـوونە ژوورەوەی جنۆکـە و شـەیتانەکان بـۆ نـاو لەشـی مـرۆڤ، دیـارە پێغەمبـەریش خـۆی ئەمـەی نەدەزانی ئەگەر بەنیگاو وەحی لەلایەن دروسـت کـەری مرۆڤـەوە لـەم بابەتـە ئاگادار نەکرایەتـەوە، کەبەڕاستی ئـەم بەڵگانە بەسن بۆ کەسێك کەتێبگات بۆ ئەوەی کەبۆی دەرکەوێت کە قورئان و سـوننەتی پێغەمبـەریش (ﷺ) هـەر وەحیـیـە و لەلایـەن خـوای بەدەسەڵاتەوە بۆ مرۆڤەکان نێردراوە، ئێسـتاش فـەرموو ئێـوە و ووردەکارییەکانی ژمارەی جومگەکانی لەشـی مـرۆڤ کـە لـەو خشـتەیەی لای سەرەوەدا ڕوون کراوەتەوە.

بەڕێزان لێرەدا پـێم باشـە کۆتـایی بەبابەتەکـەم بهێـنم لەگـەڵ ئەوەشـدا کەدووبارەی دەکەمـەوە کەنموونـەکانی ئیعجازی زانستی لە سـوننەتی پـیرۆزدا بەتایبـەتی زۆر زۆرن کەهـەوڵ دەدەیـن إنشاء الله لەداهاتوودا لەشوێنێکی تـردا تیشـکیان بخەینەسـەر و ڕوونیـان بکەینەوە. ■

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

## سەرچاوەکان:

**١- صحيح البخاري- الإمام البخاري.**
**٢-صحيح مسلم- الإمام مسلم.**
**٣- معجم لسان العرب- أبوالفضل جمال الدين محمد بن منظور.**
**٤-گۆڤاری الإعجاز العلمي** (ژمارەکـانی **٢، ٣) - هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة.**
**٥- پێگـەی** (tasabeeh) **لەسـەر تـۆڕی ئینتەرنێت.**
**6- A Textbook of Medical Physiology – Guyton-USA.**
**7- Ganong Review of Medical Physiology - Apelton & Lange - USA.**
**8- Textbook of Pain –Wall. P. D. & Mwlzook - UK.**
**9- Stress Hormones, Their Interaction & Regulation - Axelrod. J & Reisine T. D.**
**10- Essentials of Surgery - (NeuroEndocrinal Response, Haemostasis and Shock Chapters) -D. C. Sabiston - USA.**

# بابەتی دووەم

# نموونەیەکی ئیعجازی زانستی جیۆلۆجی لە سوننەتدا

ئامادە و پێشکەشکردنی:
ئەندازیار خالد حسن علی
ئەندامی دەستەی باڵا
E-mail:
khalid_hasan@hotmail.com



بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێك لەو هۆکارانەی کە خوای گەورە هەڵوێستی پێغەمبەرەکانی خۆی پێبەهێز کردووە بریتییە لە (موعجیزە)، ووشەی موعجیزە (معجزة) بەواتای دەستەوسان کردن دێت، بەجۆرێك هەرچی تواناو هێزی مرۆڤە دەستەوسان بێت لەهێنانی وێنەیدا، بۆنموونە:

١- ئاگر سیفەتی سووتێنەرە نەك فێنك کەرەوە، ئاشکراشە مرۆڤ ناتوانێت ئەو سیفەتەی ئاگر بگۆڕێت بەڵام دەبینین خوای گەورە گۆڕانی ئەم سیفەتە دەکاتە موعجیزەی (إبراهیم) پێغەمبەر-سەلامی خوای لەسەر- و دەفەرموێت: ﴿**وقلنا يانار كوني بردا وسلاما على أبراهيم**﴾.

٢- زیندوو کردنەوەی مردوو لەتوانای هیچ مرۆڤێکدا نییە،بەڵام پێشەوامان(عیسی) -سەلامی خوای لەسەر- دەچێتە سەر گۆڕی مردوویەك و بەخاوەنەکەی دەڵێت هەستە بەئیزنی خوا، لەگەڵ خۆیاندا مردووەکە دەبەنەوە بۆ ماڵەوە.

٣- بەهەمان شێوەش پێشەوامان(محمد) -دروودوسڵاوی خوای لەسەر- ئەم جۆرە موعجیزانەی پێدراوە، ئێمە دەزانین ماوەی نێوان ئێمە و مانگ هەزارەها کیلۆمەترە و گەورەیی مانگ سێیەکی زەوییە، کێ دەتوانێت تەنها بە ئاماژەی پەنجە دوولەتی بکات و هەر لایەکیش بەئاراستەیەکدا ببات، تەنها مەگەر خوای گەورە وەك موعجیزەیەك بیداتە پێشەوامان (محمد) - دروودوسڵاوی خوای لەسەر-.

٤- سیفەتی ئاو وەهایە لەکانی و کارێز و هەورەکانەوە پەیداببێت، بەڵام ئەو سوننەتە گەردوونییە لەسەر دەستی پیرۆزی پێشەوای گەورەمان (محمد) -سڵاوی خوای لەسەر- دەگۆڕێت و وەك موعجیزەیەك نیشانی خەڵکی دەدات کە وەکو کارێز ئاو لەنێوان پەنجەکانییەوە هەڵدەقوڵێت.

بەتێڕوانینێکی گشتی لە موعجیزەکانی خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی دەبینین موعجیزەکانیان (کاتی) بوون، واتە لەگەڵ وەفاتکردنیاندا موعجیزەکانیشیان وەفاتیان کردووە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی هەموو پێغەمبەرانە جگەلە پێشەوامان (محمد) -سڵاوی خوای لەسەر- هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پێغەمبەرانی پێشوو لەپاش وەفاتکردنی هەریەکێکیان

خوای گەورە پێغەمبەرێکی تری دەنارد هەتا موعجیزەکەی کۆن نەبێت و کاریگەری لەسەر خەڵك بمێنێت.

دوورترین ماوەی نێوان هاتنی دوو پێغەمبەریش نێوانی پێشەوامان(عیسی) و پێشەوامان (محمد) بوو کە (٥٠٠) ساڵ بوو، هەروەك ئاشکراشە کە لەدوای محمد(ﷺ) پێغەمبەری تر نایەت، کەواتە موعجیزەیەك بۆ ئەم پێغەمبەرە پێویستە کەلەدوای وەفاتی خۆیشی هەربمێنێتەوە، دیارە ئەویش موعجیزەی قورئان و فەرموودەی پیرۆزە کەچەندەها هەواڵی داهاتوویان تێدایە،بەتایبەتیش هەواڵ و دۆزینەوە زانستیەکان كەبوونەتە پێوەرێکی بەهێز لەسەر راستێتی پەیامەکەی پێشەوامان (محمد) –سەلامی خوای لەسەربێت–.

دکتۆری بەناوبانگی فەرەنسی (موریس بوکای) دەڵێت: من پێوەرێکی بەرجەستەم پێیەو دەتوانم بیسەلمێنم کەقورئان ووتەی خوایە یان هی (محمد) خۆی، ئەویش ئەوەیە کاتێ سەیری زانیارییەکانی قورئان دەکەم و بەراوردیان دەکەم لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لەو سەردەمەدا هەبوون، جائەگەر زانیارییەکانیان هاوشێوەبوون ئەوا (محمد) زانیارییەکانی لەدەوروبەرەوە وەرگرتووە، کاتێکیش سەیری کەسایەتی (محمد)م کرد زانیم نەخوێندەوار بووە، سەیری قورەیشم کرد لەو سەردەمەدا (١٧)کەسی تێدابوو نووسین بزانێت!! سەیری پێشکەوتووترین شارستانییەتی ئەو سەردەمە دەکەم کەیۆنانییەکان و میسرییەکان بوون، یۆنانییە کۆنەکان رووداوە گەردوونییەکانیان بەهۆکاری بوونی خوای جیاجیا لێك دەدایەوە



بەجۆرێك دەیانووت هەور خوای تایبەتی خۆی هەیە، ئەستێرە، خۆر، با .......هتد ئەمانە خوای تایبەت بەخۆیان هەیە.

میسرییەکانیش کاتێك لافاوی نیل دەستی پێدەکرد دەیانووت رووباری نیل پادشایەکی تێدایە ولێمان تووڕە بووە وداوای بووکێکمان لێدەکات، لەبەرئەوە جوانترین کیژیان دەڕازاندەوە و جلی بووکێنییان لەبەر دەکرد و فڕێیان دەدایە رووبارەکەوە هەتا لافاوەکە بنیشێتەوە، (موریس بوکای) دەڵێت: کاتێك سەیری زانستەکانی قورئانیشم کرد دەبینم هەموو زانستەکانی هاوشێوەی زانستە سەلمێنراوەکانی ئەم سەردەمەیە، شیاوی باسە لەپاش زیاتر لە (١٠) ساڵ لێکۆڵینەوە دکتۆر (موریس) موسوڵمان بوونی خۆی راگەیاند.

گرنگی موعجیزەکانی قورئان وفەرمووده لەوەدایە کە جۆراوجۆریی بابەتەکانی ئیعجازی زانستی لەهەموو بوارە زانستییەکاندا موعجیزەکانی قورئان و فەرموودەی گەورەتر کردووە، چونکە کاتێك یەکێك ووتووێژ و گفتوگۆ لەسەر یەك بابەت دەکات ویەك کەسیش بەرامبەرێتی ئاسانتر سەردەکەوێت بەسەریدا لەوەی لەسەر چەند بابەتێك ووتووێژ بکات وبەرامبەرەکانیشی چەند کەسانێك بن لەبواری پسپۆڕی جیاجیادا، وەك دەشزانین پێشەوامان (محمد)–سەلامی خوای لەسەربێت– ووتووێژی لەسەر ئەم بابەتە زانستییانە نەبووە، ئەبو لەهەب و ئەبو جەهل چ پێویستییەکیان بەووردەکاری و نهێنییەکانی زانستی فەلەك و کۆرپەلەزانی و جیۆلۆجیاو..... هتد هەبووە، وتووێژی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵیاندا ئەوەبووە کە واز لەپەرستنی

بتەکان بهێنن و خوای تاك وتەنیا بپەرستن. دیارە هێنانە کایەی هەموو ئەو بابەتە زانستی‌یانەش کە تێگەیشتنی لەو کاتەدا قورس بووە، ووتوویژەکەی ئالۆزتر و قورستر کردووە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ووتوویژی پێشەوامان محمد –سەلامی خوای لەسەربێت– بەتەنها لەگەڵ بتپەرستانی سەدەی حەوتەمی زایینیدا نەبووە، بەڵکو لەگەڵ زانایان و فەیلەسوفان و رووناکبیرانی سەدەی بیست وبیست و یەك و سەدەکانی دواتریشدا بووە، کەدواتر سەری بەزۆرێك لەزانا بە ویژدانەکانی جیهان دانەواندووە لەئاست راستێتی پەیامی ئەو پێغەمبەرە.

یەکێك لەو هەزاران بابەتەی کەبووەتە جێگای سەرسوڕمانی زانایان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە کەپاش چەندەها هەوڵی یەك لەدوای یەکی ئەم سەردەمە و بەکارهێنانی چەندین ئامێر ودەزگای زانستی پێشکەوتوو توانرا راستی‌یەکەی ئاشکرا بکرێت، ئەویش فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەرە (ﷺ):

**﴿لن تقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجا وأنهارا﴾**

رواه مسلم في الزكاة: باب (١٨) حديث رقم (٦٠)، واتە: قیامەت هەڵناسێ تازەوی عەرەب نەگەڕێتەوە و نەبێتەوە بەباخ و باخات و رووبار.

سەرەتا ئەم فەرموودەیە ئاماژەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەری تێدایە کە دەفەرموێت جارێکی تر بیبانی عەرەب دەبێتەوە!! بەباخ و باخات و رووبار واتە دەبێت پێشتر لەمێژوویەکی کۆندا باخ و رووبار بووبێت، هەروەها ئەم فەرموودەیە پەیوەندی بەداهاتوویەکی گرنگەوە هەیە کەچاوەڕێی دەکەین.

ئێستا ئەگەر بچیتە زەوی عەرەب کە نیمچە دورگەی عەرەبی‌یە بەتایبەتی بیابانی لماوی (ربع الخالي) یان بچیتە مەککە و چواردەوری یان حیجاز و دەوروبەری یان (تهامة) و دەوروبەری جگە لەبیابانێکی ووشکی لماوی چیتر نابینیت، هەرچەندە ئاوی بدەیت هیچ رووەکێکی لێ‌ناروێت، ئایا کەس تصوری ئەوە دەکات ئەو بیابانە پێشتر باخ و باخات و رووبار بووبێت؟! رووبار وباخ لەکوێیە؟



سەدە لەدوای سەدە رۆیشت هەتا (١٤) سەدە بەسەر فەرموودەکەی پێغەمبەردا رۆیشت، زانست پێشکەوت و توێژینەوەکان زیادیان کرد، زاناکان سەلماندیان فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) راستی‌یەکی زانستی‌یە، سەلماندیان کە ووشکە بیابانی عەرەب لەپێشدا باخ و باخات و رووباربووە، و زیاد لەوەش لەداهاتووشدا دەبێتەوە بە باخات و رووبار، کەواتە توێژینەوەکە دوو بەشە کەفەرموودەکە باسی لێدەکات، یەکەم لە زەمەنی رابوردوو، دووەم لەداهاتوودا.

بەیارمەتی خوای گەورە لە هەردوو کاتەکە دەکۆڵینەوە:

## یەکەم: لە رابوردوودا

سەرەتای لێکۆڵینەوەکان بە گەڕانی جیۆلۆجی دەستی پێکرد، گەورەترین گەڕانی جیۆلۆجیش گەڕانەکەی (بیتر و وایبر) بوو هەروەك لە گۆڤاری (Nature) بەرواری ٢٧/٤/١٩٨٩دا هاتووە دەڵێت: (گەورەترین گەڕان و لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی بە پێشەوایەتی (بیتر و وایبر) ئەنجامدرا، کە روویان کردە دەوڵەتی ئیمارات لەساڵی (١٩٨٩)دا، لەو گەڕانەدا چەندەها پاشماوەی ئاژەڵیان دۆزی‌یەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ کۆتایی‌یەکانی چاخی (میوسین)، لەپاشماوەی ئەو ئاژەڵانەش کە

دۆزیانەوە: (شـیردەرەکان و ئەسپیدەریا و ووردەگۆشت خۆرەکان و کەرکەدەن و کیسەڵ و تیمساح و ماسی و باڵندە و مەیموون) بوون، ئاشکراشە کە ئەمانە لە ژینگەی باخ و دارستاندا نەبێت ناژین.

لە گۆڤاری (الثقافة العالمية) ژمارەی (٥٩) کە ئەویش لە گۆڤاری (**Aramco World / August 1992**) وەریگرتووە دەڵێت: (چەرخی کۆنی (بليستوستينى) پێش ملیۆنێك ساڵ دەستی پێکردووە وپێش (١٠هەزار) ساڵ لەمەوبەر کۆتایی هاتووە کەلەو چەرخەدا بەستەڵەك بەشەکانی باکووری ئەوروپا و ئەمریکای داپۆشیبوو، بەو چاخەش دەوترێت چاخی بەفرین (**Glacials**)، لە ماوەی نێوان هەموو چاخە بەفرینەکانیشدا کە پێی دەوترێت (**Inter Glacials**) کەش و ئاووهەوا زۆر خۆش دەبێتەوە).

لە کتێبی (الجغرافيا التأريخية والطبيعية)ی (د.أبراهيم أحمد رزقانة) لاپەڕە (١٤٦) دا هاتووە کە دەڵێت:

بڵاوبوونەوەی بارستە بەستەڵەکییەکانی باکووری زەوی لەماوەی چاخە بەفرینەکاندا کاریگەری گەورەی لەسەر کەش و ئاووهەوای زەوی کردبوو کەبووە هۆی جوڵانی پشتێنەی باران بارین بەرەو باشووری زەوی، بەوەش نیمچە دورگەی عەرەبی و بیابانی گەورەی ووشکی عەرەبی خستۆتە ژێر کاریگەریی پشتێنەی بای باراناوی خۆرئاوا کەئێستا ئەو پشتێنەیە کاریگەریی لەسەر خۆرئاوای ئەوروپایە، بەوەش ئەو ناوچە ووشکە بیابانانە سەوزبوونەتەوە و پڕبوون لەچەندەها رووبار و باخ و زەوی بەپیت.

رێگایەکیتر کەزاناکان توانیان راستێتی باخ و رووباری بیبانی عەرەبی پێبسەلمێنن بریتی بوو لەرێگای (الأستشعار عن بعد) واتە: هەستکردن لە دوورەوە، لەکتێبی (مورفولوجية الأراضي العربية)ی (د.محمد صفي الدين) لاپەڕە (٥٠و٥١) دا لەبارەی ئەم رێگایەوە دەڵێت:

یەکەمجار ئەم شێوازەیان لەبیابانی میسریدا بەکارهێنا لەساڵی (١٩٨١ز)دا لە تاقیگەی رووپێوی شوێنەوارناسی



ئەمریکا لەوویلایەتی ئەریزۆنا، ئەو زانیارییانەی بەهۆی راداری سەر مەکۆی بۆشایی – مكوك الفضاء– (کۆلۆمبیا)وە کۆیان کردەوە دەریخست لەژێر ئەو ناوچە بیابانانەی باشووری میسر و باکووری خۆرئاوای سوودانداکە ئێستا هیچ بارانی لێنابارێت بەتێکڕای ٥٠ ساڵ جارێك نەبێت، زاناکان بینییان کە چەندەها رێڕەوی رووباری کۆنی گەورەی تێدایە کە هەندێکیان فراوانتر بوون لەرێڕەوی ئێستای رووباری نیل، هەروەها دەریان خست کە نیشتەنییە رووبارییەکان لەو ناوچانەدا چەندەها پاشماوەی ئەو گیاندارانەی تێدایە کە لە ئاوی شیریندا دەژین، وەك: تیمساح و ئەسپی رووبار و فیل ......تاد.

گۆڤاری (آفاق علمية) ژمارە (١٧) لاپەڕە (٣٢) دەڵێت: ئەوەی زیاتر جێگای سەرنج راکێشانە بەهۆی تیشکی ئەو رادارانەوە کەلمی بیابانە ووشکەکانی پێدەبڕدرێت و لەسەر رووی بەردە کلسییەکانی کەناری رووبارە ووشکەوە بووەکاندا پێچەوانە دەبنەوە هەزارەها ئامێری دەستکردی مرۆڤ (وەك: تەور و پاچ و ...... تاد) چاخی بەفرین دۆزرایەوە و مێژووی ئەو کاتەشیان بە ٢٠٠هەزار ساڵ پێش ئێستا دیاری کرد، بەوەش زاناکان بۆیان دەرکەوت کەبیابانەکان لەو سەردەمانەدا تەڕو پاراو و شوێنی ئاوەدانی بوون .

لەهەمان گۆڤاری پێشوودا ژمارە (٣٤) دەڵێت: لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوودا لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەستی پێکرد، لەساڵی (١٩٨٤) دا داوا لە دوو زانای وەکالەتی فەزایی ئەمریکی (ناسا) کرا رووپێوییەکی ناوچەی نیمچەدوورگەی عەرەبی بکەن بەهۆی راداری سەر مەکۆی بۆشایی (چالینجەر)، پاش سەیرکردنی وێنەی مەکۆکە و بەراوردکردنی لەگەڵ وێنەی دوو مانگی دەستکردی (سپۆت) و (لاندسات)، نەخشەیەکی جوانی

ناوچەی (ربع الخالي) پێشکەشکرا کە تیایدا ڕێگای قافڵە کۆنەکان و مۆڵگەکانی ئاوی ژێر زەوی و ڕێڕەوی ڕووبارە کۆنەکانی تیادەرکەوت کەهەموو ئەو ناوچانە لەتوانادا نییە بەچاوی ئاسایی ببینرێن، لەبەرئەوە بڕیاردرا شوێنێك لەو ناوچەیەدا هەڵبکەندرێت بەوەش قەڵایەکی پتەوی هەشت لا دۆزرایەوە کە چەندەها بورج و دیواری بەرزی هەبوو کەبەرزییەکەی دەگەیشتە ١٠مەتر و چەندەها ژووری گەنجینە و شوێنی نیشتەجێی تێدابوو، ناوی ئەو شارەش نرا (ئوبار).

تا ئێستا لەسەر بەشی یەکەمی فەرموودەکە دواین کە لە رابوردوودا زەوی عەرەب باخ و باخات و ڕووبار بووە، پاشان دێینە سەر بەشی دووەمی فەرموودەکە کە لە داهاتوودا جارێکی تر دەبێتەوە بە باخ و ڕووبار.

## دووەم: لە داهاتوودا

زاناکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا بۆ یەکەمجار لەڕێگەی بیردۆزێکی گەردوونزانییەوە دەرکیان بەوەکرد کەزەوی بیابانی عەرەب لەداهاتوودا دەبێتەوە بەباخات و ڕووبار.

لە کتێبی وەرگێڕدراوی (ظاهرة الصوبة)ی (د.أحمد مستجير) لاپەڕە (٦٢- ٦٣)دا هاتووە کە دەڵێت: (بیردۆزی گەردوونزانی بۆ چاخی بەفرین سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٩ و کارەکانی زانای گەردوونی ئوسکوتلەندی (جیمس کرول) کە لە (١٨٢١ز) دا لەدایکبووە و لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بیردۆزەکەی بڵاوکردەوە، لەو کاتەشدا لەبەرئەوەی ئەم زانیارییە لەسەروو ئاستی تێگەیشتنی خەڵکییەوە بووە بیردۆزەکەیان قبوڵ نەکرد، هەتا زانای گەردوونی یۆگۆسلاڤی (میلانکۆفیتش) هات و جارێکی دیکە بیردۆزەکەی بڵاوکردەوە، کە ناوەڕۆکەکەی







**( لە سەرەوە ) گۆڕانکارییە گەردوونییەکان، ( لای چەپ ) کاریگەری گۆڕان لە توندی تیشکی خۆر لە وەرزی هاویندا، ( لای ڕاست ) قەبارەی بەستەڵەکەکانی ڕووی زەوی.**

ئەمەبوو: (هۆکاری گۆڕانکاری کەش و ئاووهەوا لەسەر ڕووی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ دووخاڵ:

١- شێوە گۆڕانی خولگەی زەوی بەدەوری خۆردا، چونکە زەوی بەدەوری خۆردا لە خولگەیەکی نیمچە بازنەییدا دەسووڕێتەوە بەڵام هەمیشە بەو جۆرە جێگیرنییە، جارێك دوور دەکەوێتەوە و جارێك نزیك دەبێتەوە هەتا شێوازی سووڕانەوەکەی دەبێتە ئیهلیجی (هێلکەیی)، پاشان دەچێتە سەر شێوە نیمچە بازنەییەکەی ئەوەش لە سووڕێکدا کە ماوەی ١٠٠هەزار ساڵ دەخایەنێت، لەو کاتەشدا کە خولگەکە نیمچە بازنەیی بێت زەوی هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بە چوونیەکی بڕەگەرمی لەخۆرەوە

وەردەگرێت، بەڵام کە خولگەکە هێلکەیی بێت لە هەندێ ڕۆژانی ساڵدا زەوی لەخۆر نزیك دەبێتەوە، بەوەش گەرمی زیاتر وەردەگرێت، ئەوەندە هەیە بڕی ئەو گەرمییەی کە زەوی لەخۆرەوە وەریدەگرێت لەساڵێك بۆ ساڵێکی تر بەبەردەوامی جێگیرە.

پاشماوەی سەدەف و قەواقیع و زیندەوەرە بەراییەکانی ناو قووڵایی دەریاکان بەوەی ئەو نیشتەنییانەیان لەقووڵایی دەریاکاندا لەشێوازی لوولەی درێژدا دەرهێنا و پلەی گەرمی نیشتەنییەکەیان بەووردی دیاری کرد و لەوەشەوە توانیان پلەی گەرمای ئەو

لەگەڵ پرۆفیسۆر (الفرید کرۆنر)ی ئەڵمانی کە لە بەناوبانگترین زاناکانی جیهانە لەجیۆلۆجیادا و لەناو زاناکاندا بە ڕەخنەکانی بۆ تیۆرەکانی گەورە زانایانی جیهان بەناوبانگە.

مامۆستا زندانی دەڵێت: پرۆفیسۆر کرۆنەر یەکێك بوو لەوانەی هەر هەڵێکی





٢- گۆڕانی تەوەرەی سووڕانەوەی گۆی زەوی بەدەوری خۆیدا کەلەسەر ئاستی سووڕانەوەی بەدەوری خۆردا لارە، ئەو لارییەش هەموو ٤١ هەزار ساڵێك لە ٢١،٨ پلەوە دەگۆڕدرێت بۆ ٢٤،٥ پلە کەئێستا ئەو لارە گۆشەیە ٢٣،٤ پلەیە و لەکەم بوونەوەشدایە، لەهەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت: لە سەردەمی (میلانکۆفیتش)دا ئەستەم بووە کە بیردۆزی گەردوونی بۆچاخی بەفرین تاقیبکرێتەوە، هەروەها ئەستەم بوو مێژووی هەزارەها ساڵی رابوردووی دروستبوون و توانەوەی بەستەڵەکەکان بەووردی بزانرێت، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی نەچەسپاو مایەوە و چەند کەسێکی کەم نەبێت گرنگیان پێنەدا هەتا کاتی گەشەکردنی تەقەمەنی نوێ کەتوانی پلەی گەرمای زەوی هەزارەها ساڵی رابوردوو دیاری بکات، ئەوەش بەلێکۆڵینەوەی سەردەمەی نیشتەنییەکەی تێدا دروست بووە دیاری بکەن .

لەهەمان سەرچاوەی پێشوودا هاتووە دەڵێت: درێژی چاخی بەفرین نزیکەی ١٠٠ هەزار ساڵ دەبێت، لەماوەی نێوان هەردوو چاخێکی بەفریندا قۆناغی نێوانیان دێت کە بۆ ماوەی ١٠-٢٠ هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت، ئێستاش لەماوەی کۆتایی قۆناغی گەرمبوونەکەدا دەژین کە ١٠هەزار ساڵە دەستی پێکردووە.

لەم زانیارییانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەزەوی لەکاتی نزیك بوونەوەی چاخی بەفرینی نوێدایە، بەوەش راستێتی فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دەسەلمێت.

لێرەدا خۆشحاڵین ووتووێژی نێوان زانایەکی موسوڵمان و پرۆفیسۆرێکی جیۆلۆجی بخەینەڕوو لەسەر ئەم راستییە زانستییە، ئەویش زانای موسوڵمان (عبدالمجید الزندانی)یە راکردنی لەسەر بابەتە ئاینییەکان ببینیایە لێی رادەکرد، بۆ نموونە لەسەر ئەم بابەتە کە ووتووێژی لەگەڵ کرا و مامۆستا زندانی پرسیاری لێکرد: ئایا ووڵاتی عەرەب باخ و باخات و رووبار بووە؟ وەڵامی دایەوە: بەڵێ، ئینجا پێی ووت: کەی وابووە؟ ووتی: لەچاخی بەفریندا کە بەسەر زەویدا رۆیشتووە کە بەستەڵەکەکان لەجەمسەری بەستووی باکوور کەڵەکە دەبن و پاشان بەرەو باشوور دەکشێن، کاتێك لە دوورگەی عەرەبی بەرێژەیی نزیك دەبێتەوە کەش و ئاووهەوا دەگۆڕێت، ووڵاتی عەرەبیش لەهەموو ووڵاتانی جیهان زیاتر دەبێتە باخ و باخات و رووبار.

مامۆستا زندانی پێی ووت: ئایا جارێکی تر ووڵاتی عەرەب دەبێتەوە باخ و رووبار؟ ووتی: بەڵێ ئەوە راستییەکی زانستییە.

مامۆستا زندانی ووتی: بۆچی؟ ووتی: لەبەر ئەوەی چاخی بەفرین دەستی پێکردووەتەوە.

ئەو بەستەڵەکانە لەجەمسەری بەستووی باکووری زەوییەوە جارێکی تر بەرەو باشوور دەکشێن، لە رێگاکەی‌دا لە ناوچە نزیکەکانی وولاتی عەرەب نزیك دەبێتەوە، پاشان ووتی: بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو با و بۆران و گێژەلوکە بەفرینانەیە کە هەموو زستانێك لە شارە باکوورییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا دەدات، ئەمەش یەکێکە لەبەڵگەکان و زاناکان چەندەها بەڵگەی تریان پێیە کەئەوە راستییەکی زانستییە، مامۆستا زندانی ووتی: ئەوەی تۆ باسی دەکەیت زاناکان پاش چەندەها هەوڵی دوورو درێژی دەرخستنی زانستی و بەکارهێنانی چەندەها ئامێری وورد نەبێت پێی نەگەیشتوون، بەڵام ئێمە لەسەر زمانی پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار پێش ١٤٠٠ساڵ پێمان گەیشتووە، پاشان پێی ووت: کێ بەمحمدی ووتووە کە وولاتی عەرەب باخ و باخات و رووبار بووە؟ خێرا خۆی وەڵامی دایەوە و ووتی: رۆمان (کۆنترین نووسراوی رۆمان پێش ٣٠٠٠ ساڵ نووسراوە بەڵام ئەم بارودۆخەی بیابانی عەرەب پێش ١٠- ١٥هەزار ساڵ لەمەوبەر بووە!) مامۆستا زندانی دەڵێت: زانیم دەیەوێت لەو گێژاوەی تێی کەوتووە خۆی رزگاربکات، لەبەر ئەوە پرسیارێکی ترمان رووبەڕووی کردەوە و پێمان ووت:

ئەی باشە کێ هەواڵیدا پێی کەجارێکی تریش زەوی عەرەب دەبێتەوە بەباخ و رووبار؟پرۆفیسۆر ماوەیەك دەستی کرد بەبیرکردنەوە و لەپاشاندا ووتی:بێگومان ئەو زانیارییانە لەسەرەوە بەنیگا (وحي) نەبێت ناگات بەمرۆڤ.

جا بەڕێزان کاتێك فەرموودەیەکی وا دەبیستین و راستییە زانستییەکەمان لەلا روون دەبێتەوە، ئەوەمان لەلا دەسەلمێت کە ووتە و بەڵێنی پێغەمبەر –سەڵاوی خوای لەسەربێت– سەد لەسەد دێنەدی، ئەوەمان دێتەیاد کە بەڵێنەکانی پێغەمبەر تەنها ئەم بەڵێنانەی دونیا نەبوون بەڵکو چەندان بەڵێن و هەواڵی تری راگەیاندووە لەباسی بەهەشت و دۆزەخ و دوارۆژ و کاتی مەحشەر، ئەو هەموو بەڵێنانەی دیکەش کە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانییەوە بەئێمە گەیشتووە، گەر ئێمە دڵنیابووین کەوەعدە زانستییەکان هاتنەدی، ئەو کاتەش دڵنیادەبین کە گشت بەڵێنەکانی تری دێنەدی، کەواتە خستنە رووی موعجیزە زانستییەکان زیاتر باوەڕمان بەڕۆژی دوایی و بەڵێنەکانی زیاد دەکات، چونکە هەردوو بەڵێنەکانی دونیا و دوارۆژ لەسەر زمانی راستگۆترین کەسەوە بەئێمە گەیشتووە.

لەکۆتاییدا داوا لەخوای گەورە دەکەین کە هەزاران درودوسڵاو برێژێت بەسەر ئەو پێغەمبەرە خۆشەویست و نازدارەدا کە دونیای شەوەزەنگی نەفامی و دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی کردە دونیای رووناکی و زانست و هەوڵ بۆ زانست.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

## سەرچاوەکان


**١- صحيح الامام مسلم.**

**٢- گۆڤاری- الإعجاز العلمي- هيئة الأعجاز العلمي في القرآن والسنة.**

**٣- کتێبی انه الحق - هيئة الأعجاز العلمي في القرآن والسنة.**

**٤- محاضرەکانی (م. عبدالمجيد الزنداني) لە زانکۆی ئیمان.**

**٥-گۆڤاری (Nature).**

**٦- گۆڤاری (الثقافة العالمية).**

**٧-کتێبی (الجغرافيا التأريخية والطبيعية) – د.أحمد رزقانة.**

**٨-کتێبی (مورفولوجية الأراضي المصرية) – د.محمد صفي الدين.**

**٩-گۆڤاری (آفاق علمية) .**

**١٠-کتێبی (ظاهرة الصوبة) – د.أحمد مستجير.**




# چەند بوارێکی ئیعجازی زانستی کشتوکاڵی لە قورئاندا



جەلال حمەصالح بۆسکانی
کۆلێجی کشتوکاڵ/ زانکۆی سلێمانی
E-mail:
jalalsalih54@mail.com

## پێشەکی

قورئانی پیرۆز کە هاتۆتە خوارەوە، راستە وەك کتێبێکی زانستی تایبەتمەند نەهاتۆتە خوارەوە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا پتر لە ٧٠٠ ئایەتی قورئانی پیرۆز باسی زانست و راستییە زانستییەکان دەکات لە بوارە جیاجیاکاندا وەك بواری: پزیشکی، دەروونی، ئەستێرەناسی، جیۆلۆجی، کشتوکاڵی ...... هتد.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش پەردە لەسەر ئەم راستییانە هەڵدەماڵرێت و دەردەکەوێت کە هەموویان دەیسەلمێنن ئەم قورئانە پیرۆزە موعجیزەیەکی نەبڕاوەیە، نهێنییەکانی تا ڕۆژی دوایی کۆتایی نایەت و زانایان پەی پێدەبەن و نهێنییەکان و راستییە زانستییەکانی ئاشکرا دەکەن و خوای گەورە پیشانیان دەدات وەك خۆی دەفەرموێت: ﴿**سنريهم آياتنا في الآفاق وفي أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق** ......﴾ (سورة فصلت)، ئەمەی لێرەدا باسی دەکەین، چەمکێکە لەو باس و ئاماژە زانستییانەی قورئانی پیرۆز لە بواری کشتوکاڵیدا:

## میوە پێش گۆشت

ئەگەر بێتوو ئەو پەڕاوانە هەڵبدەینەوە کە تایبەتمەندن بەخواردن و ئامادەکردنی خواردنەوە کە لەمڕۆدا هەن و ئامادەکراون لەلایەن پسپۆڕان و پزیشکانەوە، دەگەینە ئەنجامێك کە دەبێت میوە پێش گۆشت بخورێت، جا ئەو میوەیە بەشێوەی عەسیر (شەربەت) پێشکەش بکرێت، یاخود وەك میوەیەکی تازە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە میوە شەکری سادە (تاك)ی تێدایە کە بەئاسانی هەرس دەکرێت و دەمژرێت لە ریخۆڵەدا، لەبەرئەوە گەدە و ریخۆڵەکان ئامادە دەبن بۆ پێشوازی کردنی خواردنی قورس کە بەئاسانی هەرس ناکرێن –بۆ نموونە گۆشت– بەو شێوەیە گەدە ئاماژە دەنێرێت بۆ مێشك کەوا ئامادەباشی تێدا بێت بۆ وەرگرتنی خواردنی قورس.

ریخۆڵەکان شەکرە تاکەکان (وەك گلوکۆز و فرکتۆز) دەمژن و لەش هەست دەکات کەوا برسێتییەکەی نەماوە و ئارەزوومەندیی زۆر ناکات بۆ ئەوەی داوای خواردنی قورس بکات، بۆیە گەدە و ریخۆڵەکان رزگاریان دەبێت لەو بار قورسییە.

ئەوانەی بەپێچەوانەوە ژەمی خواردنەکانیان دەخۆن لەپێشدا گەدەی خۆیان پڕ دەکەن بە خواردنی قورس و ئینجا میوەیەکی زۆر دەکەن بەسەریا، دەبینین بار قورسییەکی زۆر دەکەوێتە سەر گەدەیان و سوودێکی ئەووتۆش لەو خواردنە نابینن و توانای بیر و عەقڵ و تەرکیزیان نامێنێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە قوتابی و خوێندکارن و یان ئەوانەی ڕۆشنفکر و خاوەن بیرن و زۆر دەخوێننەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر بیر و مێشکیان، چونکە مێشك (دەماغ) سەرقاڵ دەبێت بەخواردنەوە و ناتوانێت تەرکیز بکات، لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بکەین بۆ هەندێك لەو ئایەتە پیرۆزانەی قورئان

که باس لەم مەسەلەیە دەکەن، تەنها یەك ئایەتیش نییە و نابینرێت لە قورئانی پیرۆزدا کە خواردنی قورسی (وەك گۆشت) پێش میوە خستبێت.

بۆ نموونە لە سوورەتی (الواقعة) ئایەتی (٩) دا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**وفاكهة مما يتخيرون ولحم طير مما يشتهون**﴾. دەبینین (**فاكهة**) پێش (**لحم طير**) هاتووە، هەروەها لەشوێنێکی تردا:﴿**وأمددناهم بفاكهة ولحم مما يشتهون**﴾ سوورەتی (الطور) ئایەتی٢٢، دەبینین (**فاكهة**) پێش (**لحم**) هاتووە، هەروەها (**أمددناهم**) بەواتای: میوەیەکی زۆر و زیادیان پێش کەش دەکەین لەبەهەشتدا وە گۆشتیش بەوەی کە حەز و ئارەزووی بکەن، بەڕاستی ئەمە ئیعجازێکی گەورەی قورئانی پیرۆزە.

## هەنجیر و زەیتوون

ئاشکرایە لەشی مرۆڤ پێکدێت لەچەند توخمێکی جیاواز، کە هەر هەمووی بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خاك، خواردنی مرۆڤیش سەرچاوەکەی یان رووەکییە یان ئاژەڵییە، خۆ ئەوەی یەکەمیان ئاشکرایە کە رووەك پێویستییەکانی لە خاکەوە دابین دەکات لە توخمە کانزاییەکان، وە ئەوەی دووەمیان کە ئاژەڵە سەرچاوەکەی گژوگیا و ڕووەکە، کە دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ خاك، وە لەبەرئەوەی کە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ پێداویستی خۆی لە توخمەکان و کانزاکان جۆراوجۆرن، بۆیە دەبێت ئەم پێداویستییانە لەهەردوو سەرچاوەکەوە وەربگرێت، خۆ ئەگەر بەیەك جۆر یان چەند جۆرێك لەخواردن پابەند بێت ئەوا تووشی بەدخۆراکی دەبێت، خۆ ئەگەر لەیەك سەرچاوە بخوات ئەوا پاش ماوەیەك دەمرێت.

تیرەیەکی هیندی لەهیندستان کاتێك بەندکراوێکیان لای خۆیان گل داوەتەوە و زیندانییان کردووە تەنها خواردنی گۆشتیان داوەتێ ئەو ماوەیەی لایان بەند بووە –وەك شێوازێك لە ئەشکەنجەدان و ئازاردان– تا وای لێهاتووە لاواز بووە و مردووە !

بەو شێوەیە مرۆڤ ناتوانێت پابەند بێت بەجۆرێك یان چەند جۆرێکی کەم لەخواردن، جگە لە دوو جۆر خواردن نەبێت کە ئەویش هەنجیر و زەیتوونە، ئەگەر مرۆڤ بە بەردەوامی لەم دوو میوەیە بخوات ئەوا دیاردەی بەدخۆراکی تێدا دەرناکەوێت.

جا با بزانین پێکهاتەکان و سوودەکانی ئەم دوو میوەیە چییە:

## هەنجیر

| ناوی ماددە | بڕ |
|---|---|
| ١– کاربۆهیدرات | ٪٧٣ |
| ٢– پرۆتین | ٪١,٣ |
| ٣– چەوری | ٪٢ |

٤– ڤیتامین **B-Complex** ، ڤیتامین **A**.

٥– ترشی ئۆرگانی وەك: ترشی لەیموونیك و ترشی مالیك.

٦– خوێ کانزاییەکانی وەك: **Na, K, Ca, P, Cl, Mg, Fe, Cu** .

٧– هەر ١٠٠ گرام هەنجیر ٢٧٠ کالۆری دەدات بە لەشی مرۆڤ.

٨– هەروەها هەنجیر ماددەیەکی (ملیین)ی تێدایە (واتە قەبزی ناهێڵێت).

٩– هەروەها لەبەر ئەوەی شەکری تێدایە، وزەیەکی باش دەدات بەلەش.

## زەیتوون

خوای گەورە لەبەر گرنگی ئەم رووەکە لە قورئاندا ٧ جار باسی زەیتوونی کردووە، ئەم رووەکە چەندەها ماددەی بەسوودی تێدایە، وەك:چەوری و پرۆتین و کالیسیۆم و ئاسن و فۆسفات و ڤیتامین، بەتایبەتی ڤیتامین (A, D)، هەروەها ترشی چەوریی ناتێر (أحماض دهنية غير مشبعة **Unsaturated Fatty Acids**) کە نایەڵێت ڕێژەی کۆلیسترۆڵ لەخوێندا بەرز ببێتەوە و نەخۆشییەکانی دڵ و بۆری خوێن کەم دەکاتەوە، هەروەها بەسوودە بۆ کەم کردنەوەی نەخۆشی (الذبحة الصدرية)، جگە لەمانە زەیتی زەیتوون بەکار دەهێنرێت بۆ هەندێك کاری پزیشکی تر.

خۆ ئەگەر بەرهەمی زەیتوون شیتەڵ بکەینەوە دەبینین کە زۆر ماددەی تێدایە:

| ناوی ماددە | بڕ |
|---|---|
| ١–کاربۆهیدرات | ٪١٦,١٧ |
| ٢–پرۆتین | ٪١,٥ |
| ٣–چەوری | ٪١٣,٥ |

٤–خوێ کانزاییەکانی وەك: **Na, K, Ca, P, Cu, Mn** .

هەروەها زەیتی زەیتوون سوودێکی زۆری هەیە بۆ کۆئەندامی هەرس و

جگەر، جگە لەوەی پێست نەرم دەکاتەوە و ناهێڵێت بقڵیشێت و بە بەردەوامی پاراو دەبێت.

ئەمە سوودەکانی هەنجیر و زەیتوون بوو کە کەمێکیان لێ باسکرا، خوای گەورە سوورەتێکی ناو بردووە بە سوورەتی (التین) کە هیچ جۆرە میوەیەك بەو شێوەیە ناو نەبراوە وە لەپاڵ هەنجیریشدا باس لە زەیتوون دەکات و سوێندی پێ دەخوات وەك خوای دەفەرموێت: ﴿**والتين والزيتون وطور سينين، وهذا البلد الأمين، لقد خلقنا الأنسان في أحسن تقويم**﴾. هەروەها دەربارەی زەیتوون و زەیتی زەیتوون دەفەرموێت: ﴿**الله نور السماوات والأرض مثل نوره كمشكاة فيها مصباح،المصباح في زجاجة،الزجاجة كأنها كوكب دري يوقد من شجرة مباركة زيتونة، لا شرقية و لا غربية، يكاد زيتها يضيء ولو لم تمسسه نار، نور على نور، يهدي الله لنوره من يشاء ويضرب الله الأمثال للناس والله بكل شيء عليم**﴾ (سورة النور)، بۆیە ئەو دوو میوەیە گرنگی خۆیان هەیە و ئەو گرنگییە پزیشکی و ئابوورییە تا ئەمڕۆژانە نەبێت نەزانراوە.

## گەنم و عەمبارکردن

کاتێك کە کشتیارێك گەنم و دانەوێڵەکەی دەچێنێت لەناو خاکە کێڵراوەکەیدا بە بڕێکی زۆر دەیچێنێت، بۆ ئەوەی لەو بەرووبوومەی بفرۆشێت دوای ئەوەی دابینی پێداویستی خۆی دەکات، دەیفرۆشێت بە هاونیشتمانەکەی لە وڵاتەکەیدا و لێشی هەڵدەگیرێت لە عەمبار و گەنجینەکاندا وە ئەوەی دیکەشی دەنێردرێتە دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی پێداویستییان بە دانەوێڵە هەیە، چونکە بڕی گەنم و دانەوێڵەی خۆیان دابینی پێداویستی خۆیان ناکات.

هەروەها گەنم و دانەوێڵە بەرهەم دەهێنرێت نەك تەنها بۆ یەك ساڵ بگرە بۆ چەند ساڵێك و هەڵدەگیرێت و عەمبار دەکرێت وەك خەزینێکی ستراتیجی بۆ ئەو ساڵانەی کە باران کەم دەبارێت، یان نابارێت و ووشکە ساڵی دەبێت، بۆیە مرۆڤ بیر دەکاتەوە کە ڕێگای گونجاو بگرێتە بەر بۆ ئەوەی گەنمەکەی بە پاکی بمێنێتەوە و دوور لە ئافات وەك ئەسپێ و جۆرەها دەرد و دووی تر هەروەها نەخۆشییەکان بە تایبەتی نەخۆشیە کەڕووییەکان، بڕوانە ئەو خشتانەی سەرەوە و خوارەوە کە دەریدەخات هەندێك

**خشتەی (١)**

**ئەو کەڕووانەی کە لەگەڵ گەنمدان لە کاتی هەڵگرتندا**

| تۆخمی کەڕووەکان | تۆخمی گەنم | تۆخمی کەڕووەکان | تۆخمی گەنم |
|---|---|---|---|
| ***Penicillium Fusarium Aspergillus*** | بەکرەجۆ | ***Fusarium Penicillium Aspergillus*** | سلێمانی خۆماڵی |
| ***Fusarium Penicillium Alternaria Helminthosporium Aspergillus Colletotrichum*** | ئازیز | ***Fusarium Penicillium Alternaria Aspergillus Helminthosporium*** | ئاراس |
| ***Penicillium Fusarium Alternaria Helminthosporium Aspergillus Rhizopus*** | جیراردو – ٥٧٤ | ***Fusarium Alternaria Colletotrichum Aspergillus Rhizopus*** | ئبنیا – ٦٦ |

توخمی گەنمی خۆماڵی و بیانی تووشی کەڕوو بوون لە کاتی عەمبار کردندا کە ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ هەیە:

**بڕوانە هەردوو خشتەی (١، ٢)**

لە هەمان کاتیشدا گەنم و دانەوێڵە تووشی قرتێنەرەکان دەبن لە کاتی دانەوێڵەیە بۆ چەند ساڵێك دەمێنێتەوە بێئەوەی تووشی هیچ جۆرە ئافاتێك ببێت، لێرەدا ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین، دەبینین ئاماژە هەیە بۆ ئەم جۆرە هەڵگرتن و عەمبارکردنە پێش زەمانی حەزرەتی مووسا کردی؟ مەگەر نیگا و وەحی خوای گەورە نەبێت؟!

## ئەندازیاریی کشتوکاڵی

باشترین ڕێگە بۆ چاندن و کشتیاری کردن ئەوەیە کە لەسەرەتادا کشتیار ڕێنموویی وەربگرێت لە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی تاوەکو لەسەرەتادا

**خشتەی (٢)**

**ڕێژەی سەدی دووبارە بوونەوەی کەڕووەکان لەگەڵ توخمە گەنمی باوەڕپێکراو لە ناوچەی سلێمانیدا**

| توخمی گەنم / کەڕوو | بەکرەجۆ | ئاراس | ئازیز | سلێمانی خۆماڵی | جیراردو - ٥٧٤ | ئبنیا - ٦٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| *Fusarium* | 3.75 | 18.25 | 9.00 | 7.75 | 9.75 | 9.25 |
| *Penicillium* | 9.75 | 7.25 | 10.00 | 5.75 | 12.00 | 6.75 |
| *Alternaria* | 1.00 | 5.25 | 4.75 | 3.50 | 1.75 | 2.75 |
| *Aspergillus* | 2.00 | 1.75 | 0.75 | --- | 0.50 | 1.00 |
| *Helminthosporium* | --- | 0.50 | 1.50 | --- | 0.75 | --- |
| *Colletotrichum* | --- | --- | 0.25 | --- | --- | 1.25 |
| *Rhizopus* | --- | --- | 0.25 | --- | 0.50 | 0.75 |

عەمبارکردن و هەڵگرتندا، بۆیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا مرۆڤ بیر دەکاتەوە کە گەنم و دانەوێڵەکەی بەشێوازێك هەڵبگرێت کە تووشی ئافات و نەخۆشییەکان نەبێت، کە ئەویش بە عەمبارکردنی لە گەنجینە و سایلۆکاندا و پێوەکردنی دەرمانی کشتوکاڵی بە مەبەستی دوورخستنەوەی ئەو ئافاتانە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تووش دەبێت.

تازەترین و مۆدێرنترین ڕێگەچارە کە ئێستا وڵاتە گەورە بەرهەمهێنەرەکانی گەنم و دانەوێڵە دەیگرنە بەر ئەوەیە کەوا گەنمەکە بە توێکڵەوە هەڵبگیرێت و بێ ئەوەی هیچی لەگەڵدا بکرێت دوای دروێنە کردنی، بەو شێوەیە ئەو گەنم و (سەلامی خوای لەسەر بێت) و لەسەر زەمانی حەزرەتی (یوسف) دا (سەلامی خوای لەسەر بێت) خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە لە قورئانی پیرۆز و لە سوورەتی (یوسف) ئایەتی (٤٦) دا دەفەرموێت: ﴿**قال تزرعون سبع سنين دأبا فما حصدتم فذروه في سنبله إلا قليلا مما تحصنون، ثم يأتي من بعد ذلك عام فيه يغاث الناس وفيه يعصرون**﴾. لێرەدا قورئانی پیرۆز ئاماژە دەکات بۆ باشترین ڕێگە بۆ هەڵگرتن و عەمبارکردنی گەنم و دانەوێڵە و پارێزراو دەبێت بە لایەنی کەمەوە بۆ حەوت ساڵ، تۆش ئەی پێغەمبەری خوا کێ ئەم ڕاستییە زانستییەی فێر دەستنیشانی پێگەیەکی جوگرافی باش و گونجاوی بۆ بکات، دوای ئەوە چۆنیەتی کشتوکاڵ کردن و چاندن و جۆری بەرهەمە کشتوکاڵییە چێنراوەکە، هەمیشە ئەندازیاری کشتوکاڵی ئەو شوێنانەی پێ باشە کە بەرزن و دۆڵ و نشێو نین، لەبەر ئەم چەند هۆیانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ناوچە بەرزاییەکان بارانی زۆرە و ئاوی سازگارە، بۆیە ڕووەك تیایدا گەشە و نەش و نمایەکی زۆر جوانی دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ناوچە نزمەکاندا بارانی کەمترە و بەشێوەیەکی گشتی خاکی ناوچە نزم و نشێوەکان خوێیاوییە و بەکار نایەت بۆ چاندن (مەگەر دوای چاککردن) بۆیە باش نییە بۆ بەرهەم هێنانی بەرووبوومی کشتوکاڵی.

**دووەم:** هەروەها ناوچە بەرزاییەکان کەش و هەوای سازگارە و ئۆکسجینی زۆرە، بە پێچەوانەوە ناوچە نزمەکان هەوای داخراوە و پەنگخواردووە و رادەی ئۆکسجینی کەمترە وە ئەم هۆکارەش زۆر کاریگەریی هەیە بۆ سەر جۆری بەرهەم و رادەی بەرهەم هێنان.

**سێهەم:** کشتوکاڵ کردن لە ناوچە بەرزاییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە رووەك تیایدا زۆرترین تیشکی خۆری بەردەکەوێت و کرداری رۆشنە پێکهاتن زۆر بەجوانی بەئەنجام دەگەیەنرێت و تیشکی خۆر سووتێنەر نییەو کاریگەری خراپی نییە لەسەر رووەکەکە، هەروەها رادەی شێی هەواش تیایدا مام ناوەندییە و ماکی خراپی نییە بەتایبەتی بۆ دروست بوونی نەخۆشییەکانی رووەك، چونکە شێی هەوا ئەگەر بەرز بوو دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی رووەك وەك هۆکارێکی یارمەتیدەر وایە لەگەڵ پلەی گەرمی هەوا، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ناوچە نزمەکاندا تیشکی خۆر زۆرە و سووتێنەرە و کاریگەریی خراپ دەکاتە سەر رووەکەکان، هەروەها شێی هەواش تیایدا بەرزە و پەنگ خواردووە و نەخۆشیی رووەکەکان تیایاندا زۆر دەبێت، ناوچە نشێو و نزمەکان دوو کەش و هەوایان هەیە یان گەرم و ووشکن یاخود گەرم و شێدارن کە هەردووکیان کاریگەریی خراپیان هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی رووەکی، زۆر جاریش لافاو و لێزمەی باران و ئاو دەبێتە هۆی رامالینی خاك و رووەکەکان لەهەمان کاتدا.

**چوارەم:** رووە رووبەر (المساحة السطحية)ی ناوچە بەرزاییەکان زیاترە کە بەئاسانی رەگەکان خۆیان رادەکێشن و پەخش دەبنەوە بەناو خاکەکەدا، بۆیە ئەو رووەکانە بە برێکی زیاتر گەشە و نەش و نما دەکەن و دەتوانن زۆرترین رێژە لە ئاو و خوێ کانزاییەکان وەربگرن لە زەوییەکەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ناوچە نزمەکاندا کە رووە رووبەری خاکەکە کەمترە رەگەکان بە سانایی ناتوانن خۆیان رابکێشن و هەروەها کۆمەڵی رەگ کەمترە لە کۆمەڵە رەگ لە ناوچە بەرزاییەکاندا و ئەو برە ئاو و خوێ کانزاییانەی کە وەریدەگرێ (لە ناوچە نزمەکاندا) کەمترە .

لەبەر ئەو چوار هۆیانەی لەسەرەوە باسمان کردن، بەروبووم و بەرهەمی کشتوکاڵی لە ناوچە بەرزاییەکاندا چاکتر و زۆرتر و جۆری بەروبووم خۆشتر و باشترە.



دوای ئەوەی کە ئەندازیاری کشتوکاڵی رێنموویی کشتیاری کرد بۆ جۆریزەوی و پێگەی جوگرافی، رێنموویی دەکات بۆ هەڵبژاردنی جۆری رووەك کە گونجاوە بۆ رواندن و زانیاری پێدەبەخشێت دەربارەی خێرایی با لە ناوچەکەدا و جۆری ئەو دار و درەختانەی کە بروێنرێت، لەکوێدا و چۆن؟ لێرەدا ئەندازیاری کشتوکاڵی رێنموویی کشتیارەکان دەکات کە درەختە بەرزەکان وەك سنەوبەر و سەروو و هەندێ درەختی بەرزی دارستان بنێژن لەدەرەوەی باخەکانیان تاوەکو ببێتە بەربەستێك بۆ باخەکە دژ بە هەوا و بای خێراو بەتین تاوەکو زیان بە باخەکە نەگەیەنێت، دوای ئەوە پلە بە پلە دێتە سەر ئەوەی کە کشتیار فێر دەکات بۆ رواندنی درەختەکان لە بەرزەوە بۆ نزم تاوەکو دەگاتە سەر رووەکە گیاییەکان.

بۆیە ئەگەر کشتیارێك بیەوێت باخێك دروست بکات کە ئەم رووەکانەی تێدا بروێنرێت وەك: (سەوزە، مێو، دەوەن، زەیتوون،

درەختی بەرز) پێویستە یەکەم شت درەختە دارستانیيە بەرزەکان لە دەرەوەی باخەکە بڕوێنرێت بۆ ئەوەی ببن بە پەرژین و بەربەست بۆ باخەکە، ئینجا زەیتوون، دوای ئەوە درەختی نزمتر وەك: (قۆخ، قەیسی، سێو، هەرمێ، هەروەها مێو) دوای ئەوە لە ناوەندی باخەکەیدا ڕووەکی (شینایی) باڵا کورت وەك: (سەوزە: تەماتە، باینجان، لۆبیا و فاسۆلیا یاخود سەوزەی هاوینە و زستانەی کورت) یاخود هەندێك ڕووەکی پزیشکی سوودبەخش، خۆ ئەگەر بتوانرێت چەمێك یان ڕووبارێکی بچووك بەناوەندیدا بڕوات ئەوە هەر بەهەشتێکی بچووکی زەمینە بۆ خۆی.

باخەکە درەختی بەرز

ئەمەی باسمان کرد بریتییە لە ئەندازیاریی کشتوکاڵی هاوچەرخ و نوێ، کە بەراستی نەفس و ڕۆحی مرۆڤ تیایدا ئارام دەگرێت و کەیف خۆش دەبێت.

لێرەدا بابزانین خوای گەورە چ ئاماژەیەك دەدات لە قورئانی پیرۆزدا بەم لایەنە **(ئەندازیاریی کشتوکاڵی)** :

با بڕۆینە خوێندنی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان تاوەکو بزانین چۆن باس دەکات و دەفەرموێت: ﴿**مثل الذين ينفقون أموالهم ابتغاء مرضاة الله و تثبيتا من أنفسهم كمثل جنة بربوة أصابها وابل فأتت أكلها ضعفين، فإن لم يصبها وابل فطل، والله بما تعملون بصير**﴾ **جنة بربوة:** بەواتای باخ و بەهەشتێکی خۆش لە ناوچەیەیەکی بەرزاییدا، **أصابها وابل:** بەواتای بارانێکی زۆر وە ئەمەش لە سروشتی ناوچەی بەرزاییيە کە بارانی زۆرە، خۆ ئەگەر بارانیش زۆر نەبارێت (کە ڕێدەکەوێت هەندێك ساڵ نە بارێت) فطل: الطل بەواتای شێی زەوییەکەیە کە خۆی تەڕوبڕە و شەونم و دڵۆپە ئاوەکانی زۆری بەیانیانی سەر ڕووەکەکان هەر هەمووی بەسوودە و شێ دەدات بە ڕووەکەکان کە پاراو بن و سەوز و جوان بن و بێ ئاو نەبن.

بۆیە خوای گەورە هەتاوەکو لەڕۆژی دواییشدا پەیمانی خۆی دەدات بە باوەڕداران بە **(جنة عالية)**، بەهەشت و باخێکی بەرز و خۆش و دڵڕفێن وەکو خۆی دەفەرموێت: ﴿**فهو في عيشة راضية، في جنة عالية، قطوفها دانية**﴾، بۆیە قورئانی پیرۆز کاتێك ئاماژە دەکات بە باخ و بەهەشتی خۆش چ لە دونیادا و چ لەڕۆژی دواییدا باس لە بەهەشتێك دەکات لە شوێنێکی بەرزدا، هەروەها قورئانی پیرۆز لە ڕووی ئەندازیاریی کشتوکاڵیدا دەفەرموێت: ﴿**واضرب لهم مثلا رجلين جعلنا لأحدهم جنتين من أعناب وحففناهم بنخل وجعلنا بينهما زرعا**﴾.

سەرنج بدەرە ئەم ئەندازیارییە کشتوکاڵییە لە دەرەوەی (دار خورما) بۆ ناوەوە دەوەن (مێو) ئینجا لە ناوەڕاستدا ڕووەکی باڵا کورت، بەراستی ئەمە ئیعجازێکی زانستیی کشتوکاڵییە لە قورئانی پیرۆزدا.

ئایەتەکەی پێشوو تەواو بکەین کە



دەفەرموێت: ﴿.......... **كلتا الجنتين آتت أكلها ولم تظلم منه شيئا و فجرنا خلالهما نهرا**﴾. ئەو بەهەشتانە بەرهەمی خۆی دەدات و لەناوەندی باخەکەیشدا (**وفجرنا خلالهما نهرا**) رووبارێك بە نێوەندیاندا دەڕوات.

لەشوێنێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**فلينظر الأنسان الى طعامه أنا صببنا الماء صبا، ثم شققنا الأرض شقا، فأنبتنا فيها حبا و عنبا و قضبا و زيتونا و نخلا**﴾. **أنا صببنا الماء صبا**: بارانێکی زۆر بۆ ئەوەی خاکەکە شیبێتەوە و بەکەڵك بێت بۆ کێڵاندن، **ثم شققنا الأرض شقا**: ئەنجا کێڵان وشیکردنەوەی زەوییەکە، دوای ئەوە: **فأنبتنا فيها حبا و عنبا و قضبا و زيتونا ونخلا**: سەیری ئەم (تدرج) و ریزبەندی و پلە بە پلەی رووەکەکان بکە لەرووەکێکی نزمەوە پیا هاتووە لە ناوەندەوە پیا هاتووە، **حبا**: رووەکی باڵا کورت، **عنبا**: دەوەن (مێو یان ترێ)، ئینجا بەرزتر **قضبا**، پاشان **زيتونا**: بەرزتر، دوایی **نخلا**: دارخورما کە بەرزترە لە هەموویان، سەیری ئەم جوانکارییە بکە لە پلە بە پلەی رووەکیدا لە قورئانی پیرۆزدا کە ئەمیش ئیعجازێکی تری زانستی کشتوکاڵییە.

## سەرچاوەکان


١- (CD)یەکی تایبەت بە ئیعجازی زانستی لە قورئاندا - ئامادەکردنی: مرکز التراث لأبحاث الحاسب الآلي- عمان، ئوردون.

٢- اسماعيل، جلال حمەصالح (١٩٩٧) - تأثير الفطريات المصاحبة لبعض أصناف الحنطة المعتمدة في السليمانية و أفرازاتها على نسبة الإنبات - گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، مجلدی یەکەم، ژمارە یەك.

٣- اسماعيل، جلال حمەصالح (٢٠٠٠) - عزل وتشخيص الفطريات المصاحبة لبذور الشلب في منطقة السليمانية - کۆنفرانسی یەکەمی زانکۆی سلێمانی.

٤- بۆسکانی، جلال حمەصالح (٢٠٠٢) - پلە و پێگەی زانست لە قورئان و سوننەتدا - گۆڤاری هەیڤ،ساڵی (١)، ژمارە(١)، لاپەڕە (٥-٧).


# سوپاس و پێزانین



بسم الله الرحمن الرحيم

بەڕێز / گۆڤاری هەیڤ

بەرهەمە بەنرخەکەتان گەیشت
سوپاسی بەڕێزتان دەکەم و هیوای
سەرکەوتن وبەردەوامی زیاترتان
بۆ دەخوازم
هەمیشە سەرکەوتوو بن

براتان
صلاح الدين محمد بهاءالدين



بسم الله الرحمن الرحيم

کۆمەڵی ئیسلامیی لە کوردستان/عیراق
مەکتەبی ئەمیر

ژمارە / ٢١٥
ڕۆژ / ٢٠/شعبان/ ١٤٢٣
٢٠٠٢/١١/٢

Islamic Group In Kurdistan\Iraq

بەڕێزان / خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەرو دەستەی ڕاوێژکارانی گۆڤاری ﴿ هەیڤ ﴾
بابەت / سوپاس و پێزانین

بەڕێزان گۆڤارە بەپێزو بەنرخەکەتان بەدەستی جەنابی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی ﴿ مامۆستا عەلی باپیر ﴾ گەیشت ، زۆر سوپاسی دەکردن و دەست خۆشی دەرکردنی ئەم جۆرە گۆڤارەی لێ دەکردن و ئومێدی بەردەوامیی و بەرەو پێش بردنی گۆڤارەکەی بۆ دەخواستن .

لەگەڵ ڕێزماندا

ڕاگەیاندنی
مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی

-بەڕێزان: مامۆستا ( صلاح الدين محمد بهاء الدين ) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و مامۆستا ( علی باپیر ) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان.

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین بۆ نامە شیرینەکانتان و لە خوای گەورە داواکارین کە هاندەرێکی تری کارمان بێت لە خزمەتکردنی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾.

- بەڕێز مامۆستا ( محمد بەرزنجی ) پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی جەنابتان دەکەین بۆ پیرۆزبایی دەرچوونی ژمارەیەکی گۆڤارەکەمان.

- بەڕێز مامۆستا عومەر سەلەفی سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی جەنابتان دەکەین بۆ ئەو پێشنیارانەی سەبارەت بە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەتان بە دەستمان گەیشت.

دووبارە سوپاستان دەکەین

سەرنووسەر

# سەرنج و تێبینییەکانتان

هەیڤ

لەلایەن بەڕێزانی خوێنەرانی گۆڤارەکەمانەوە چەند ئیمەیڵ و نامەیەکمان بەدەست گەیشت کە چەندین بابەت و سەرنج و تێبینی جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو، سەرەتا بە گشتی سوپاس و پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بۆ ئەو بەڕێزانەی کە بە نامە گۆڤارەکەیان بەسەر کردەوە و هیواداریین کە بەردەوام بن لە بەسەر کردنەوەماندا:

– بەڕێز (د. فریدون إبراهیم): نامەیەکی پیرۆزبایی و دەستخۆشی بۆ ناردووین زۆر سوپاسی بەڕێزی دەکەین.

– بەڕێز (کاوە پێنجوێنی): چەند سەرنج و پێشنیارێکی بۆ ناوەند و کارەکانی ناردووە زۆر سوپاسی دەکەین و بەڵێنی پێدەدەین کە سەرنجەکانی بەڕێزی بەهەند وەربگرین.

– بەڕێز (فاتح محمد سەنگاوی)/ چەمچەماڵ: زۆر سوپاس بۆ پیرۆزباییەکەت و سەبارەت بە ئەو بابەتەی کە ئاماژەت بۆ کردووە، ئێمەش هەمان بۆچوونی بەڕێزتانمان هەیە کە دیارە بابەتەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا بە هیچ شێوەیەك جێی رەخنەی زانایانی باوەڕپێکراوی ئیسلام نەبوون لە کۆن و نوێدا و دەتوانین بڵێین کە جۆرە کۆبوونێك (إجماع)ی زانایانی لەسەرە بە جیاوازی بیر و بۆچوونەکانیان کە ئەم بابەتە سەلمێنەری راستێتی قورئان و سوننەتە لە رۆژگاری ئەمرۆماندا بەمەرجێك لەو یاسا و دەستوورانە دەرنەچێت کە زانایان بۆ ئەم بابەتەیان داناوە ، و چاوەڕوانی بابەتی زیاتریش بیە لەم بارەیەوە.

– الأخ العزيز: (إدريس غازي صالح)/ دهوك: وصلتنا رسالتك ففرحنا كثيرا بمقترحاتك و نشاطاتك، أما بالنسبة لفتح باب العضوية فمركزنا مازال حديث التأسيس و في مرحلة التعريف بأهدافه و نشاطاته و سيكون هناك فتح لباب العضوية لكل الراغبين والمهتمين بهذا المجال في جميع أنحاء كردستاننا الحبيب في المستقبل القريب إنشاء الله ، أما الموضوع الذي أرسلته فمنشور في هذا العدد و ننتظر مساهماتك في الأعداد القادمة ، وشكرا لهديتك (الكراستين) و جزاك الله خيرا.

– بابەتی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوەمان بەدەست گەیشت:

* کاك بڕوا عبدالحمید محمد/ کۆلیجی ئەندازیاری– زانکۆی سلێمانی.

* کاك أحمد موسی حبیب/ سلێمانی.

زۆر سوپاسی بەڕێزیان دەکەین.

– بابەتی ئەم بەڕێزانەش گەیشتە نووسینگەی گۆڤارەکەمان:

* مامۆستا علی رحیم کریم/ هەڵەبجەی شەهید.

* کاك شەماڵ ئازاد/ سلێمانی.

خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە چاوەڕوانی وەڵام بن لەژمارەی داهاتوودا.

**لە کۆتاییدا دووبارە سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین و دووبارەی دەکەینەوە کە ئامادەی وەرگرتنی بابەت و نامە و ئیمەیڵ و پرسیار و تێبینییەکانی بەڕێزتانین کە بۆ ناونیشانی گۆڤارەکەمانی بنێرن و چاوەڕێی وەڵام بن لەم گۆشە تایبەتییەی گۆڤارەکەتاندا کە دەبێتە گۆشەیەکی هەمیشەیی هەیڤ.**

**والسلام عليكم و رحمة الله وبركاته**

# تێبینی بۆ خوێنەرانی هەیڤ

خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بەبابەت بەشداری گۆڤارەکەیان بکەن پاش ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١) بابەتەکان تایبەت بن بە لایەنەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.

